هەزار و یەک چوارینە شیعر

# ٤٤٤ شەو

شوانە ئەحمەد

چاپی 4

شوانە ئەحمەد

# ٤٤٤ شەو

| | |
|---|---|
| ناوی کتێب: | ٤٤٤ شەو |
| نووسەر: | شوانە ئەحمەد |
| ناوەڕۆك: | ماهر حەسەن |
| بەرگ: | سامی سەباح |
| چاپ: | چاپی سێیەم - تاران ٢٠٢١ |
| تیراژ: | ١٠٠٠ دانە |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە (٤٥)ی
ساڵی (٢٠٢٠)ی پێ سپێردراوە.



**مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە ©**

بەبێ ڕەزامەندی نووسەر، هیچ کەس و لایەنێک لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، مافی کۆپیکردن و لە چاپدانەوەی ئەم کتێبەی نییە، هیچ کەسێک بۆی نییە ئەم پەرتووکە بەشێوەی کتێبی ئەلیکترۆنی یان کتێبی دەنگی بخاتە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت، یان هەر شێوازێکی تری لەبەرگرتنەوە ڕووبەڕووی بەرپرسیارییەتی یاسایی دەبێتەوە.



SHWANA AHMED
444 Nights

Print: Tehran
Text: Maher Hassan
Cover: Sami Sabah
3rd Edition 2021.



Full name: Abdulwahhab Hamad Ahmed (Shwana Ahmed)
living in Erbil, KRG & Ukraine
Facebook: shwanaahmed.official
Instagram: @shwana.ahmed.official

## شەوی یەکەم

# ناڵەی عەشق

شـــەمم بینـــی گـــوتم: خـــۆزگە پەروانەبـــام
مەجنـــونم دی گـــوتم: بریـــا دێوانەبـــام
نـاڵەی عەشـقی تـۆ، کە هـاتە نێـو گـوێم گـوتم
خـــۆزگە مـــن حەرفێکـــی ســـەر ئەو لێوانەبـــام

یەك حەرفـــی ســـەر ئەو لێوانەبـــام چ دەبـــوو
بەس جـــارێ بـــۆ ڕووت دێوانەبـــام چ دەبـــوو
بـــۆ شـــەم، ئـــاوارەی کەژوکێـــوان بـــوو وەلـــی
منـــیش جـــارێ لەم کێوانەبـــام چ دەبـــوو

چ دەبـــوو، شـــەوێ ســـەرێکت لە مـــن دابـــا
خـــۆت ئومێـــدێکت بە دڵ و دەروون دابـــا
خـــۆزگە دەرت هێنابـــام لە بـــاوەش دونیـــا و
دونیـــای پـــڕ لە خەمـــی منـــت لە بـــن نابـــا

لەهــەر خــورپەیەك، لــە دڵتابــام چ دەبــوو
مــن بە گیــان و دڵ، لــە گەڵتابــام چ دەبــوو
بـێ خـورپەت، مـن چەنـد دڵشـكاوم، دڵــەكەم
چەشــنی خاڵێــك، لە ڕووی گوڵتابــام چ دەبــوو

چ دەبـــوو مـــاڵی مـــن، گەر باوەشـــی تۆبـــا
خـــورپەی خۆشـــی و شـــادیم، لە دڵـــی كۆبـــا
مـــن كە هەر وەرزێكـــی، پـــڕ لە هەڵـــوەرینم
بـــا گیـــانم بـــۆ تـــۆبێ، جەستەشـــم هەر بۆبـــا

بەبێ بەهاری ڕووت، مـن لەنێـو گـوڵ چ بـكەم
هەر تــۆ دڵــی منــی، مــن بەبــێ دڵ چ بــكەم
عەشـــقی تـــۆ لە دڵـــما هـــیلانەی كـــردووە
وەك مەلێكی باڵ شـكاو، لەسـەر چـڵ چ بـكەم

چ بــکەم، کە دڵ بــێ تــۆ لەگەڵ خۆشــم نیــیە
بــێ تـۆ هێنـدە مەسـتم، عەقـڵ و هۆشـم نیـیە
شــینم بــۆ دەگێــڕێ، دڵــی تەنیــا کەوتــووم
دڵــی خــۆمم بــۆچی، کە مــن تۆشــم نیــیە

تــۆم نەبــێ ئەم خەون و خولیــایەم بــۆ چیــیە
عەشـقی تـۆ نەبـێ، ئەم دونیـایەم بـۆ چیـیە
تەنیــا دڵــۆپێکم دەوێ لە عەشــقی خــۆت
مــن قــوڵایی نێــو ئەم دەریــایەم بــۆ چیــیە

بـــۆچیمە دونیـــا، کە تـــۆی لەگەڵ دانەبـــێ
بـــێ تـــۆ کە ئەم دونیـــایەم لا بێگـــانەبێ
چــۆن پەپــولەی دڵــم نەکــا شــیوەن بە کــوڵ
کە جــوانی تــۆ، لەم دونیــایە یەك دانەبــێ

هەرچــی لەدڵــم بــوو لەنێــو دەســتی تــۆم نــا
هەر بەجــارێ پــێم لە سـۆزو هەسـتی خـۆم نـا
هــیچم نەویســت بۆخــۆم، عەشــقی تــۆ نەبــێ
خەمــی دونیــام لە نێــو دڵــی مەســتی خــۆم نــا

تــۆ دڵــت دامــێ، مــن خــۆم خســتە باوەشــت
نـــاوی خـــۆم گرێـــدا، لەگەڵ ئەم ناوەشـــت
تـــۆ بە چاوێـــك، تیـــری نیگـــات دا لە دڵـــم
مــن خــۆم کــردە قوربــانی، ئــا ئەم چاوەشــت

چــاوی دڵــم بە عەشــقی تــۆ ڕوون بــۆتەوە
ئەگەرچــی تووشــی خەمــی دەروون بــۆتەوە
لە پێنـــاوی خۆشەویســـتی ئەو دڵەی تـــۆ
بەرەنگــاری گشــت دوینــاو گەردوون بــۆتەوە

هەمـــوو دونیـــاو گەردوونـــم لەتـــۆ وێنـــاکرد
بەدوای تـــۆ، دڵ ســـەری بەهەمـــوو شـــوێناکرد
من هەر خۆشەویستیم دەویست لە دڵـی تـۆ
لەبیابـــانی دووری، دڵـــم لە توێنـــا مـــرد

مـردم و عەشـقت تـا نـاو دڵـم هەر نەهـات
بـۆیە لە چـاو ئەشـکی بە کـوڵم دەر نەهـات
بەهـــار هـــات و چـــوو بە باوەشـــێ گـــوڵەوە
کەچـی لەم نێوەنـدە، مـن گـوڵم هەر نەهـات

بەهار چی بکا، جـوانی ڕووی تـۆی پێـوە نەبـێ
لەگەڵ جـــوانی نیگـــارت، هاوشـــێوە نەبـــێ
یەك ووشـــەی پـــێ گۆنـــاکرێ خـــۆ پێنوویشـــم
ئەگەر نـــاوی تـــۆی لەســـەر ئەم لێـــوە نەبـــێ

هەر نــاوی تــۆ دێنــێ، خــۆ ئەم دەم و زارەم
گەرچـــی شـــەڕمە لەگەڵ ئەم دڵە بێـــزارەم
ئەو خۆشەویســتی تــۆ، بە گشــت دونیـا نــادا
گەرچـی تـۆی سـەرچاوەی ئەم هەمـوو ئـازارەم

هەرچـی ئـازارێ بـوو، تــۆ خســتە نێــو دڵــم
گەرچـی سـەد جـار گـوتم خۆشـمدەوێی گـوڵم
دووریت نوقمی کـردم، لەنێـو دەریـای خەمـدا
منـــی دایەوە دەســـت، گریـــانی بە کـــوڵم

بە کوڵ گریام، هەتـا تـۆم لەدەسـت دەرنەچـێ
خۆشەویســتی چەنــد ســاڵەم بەهەدەرنەچــێ
کەچی دڵ دەرگەی لەسـەر ژوانـی تـۆ داخسـت
بە دڵـم گـوت شـەرتبێ ئەوەت لەسـەر نەچـێ

گەرچـی دڵیشـم وەك مـن چـی لەدەسـت نـایە
ئەویش چەشنی من، پێی لە سۆز و هەست نایە
دەڵــێن خۆشەویســتی كــاری گیــانە، نە دڵ
خۆشەویستی بە هەست و سۆز بەدەست نـایە

دڵ چــی لەدەســت دێ، مــن لەگەڵ تــۆدانەبم
گەر لەنێـــو دڵـــت لە هـــاتوچۆدانەبم
چەشــنی پەپــولەیەكی دووری گــوڵ، دەمــرم
گەر مــن هەر خەریكــی ئەم لەخــۆدانەبم

چــیم بۆمــایەوە، خۆشەویســتی تــۆ نەبــێ
خۆشەویســتی تــۆ، لەدڵــم چــۆن كــۆنە بــێ
بەدڵ خۆشــم دەوێــی، تــا خــورپەیەك مــابێ
مــن نــامەوێ تەنیــا بــۆ یــاد و بــۆنەبێ

تـۆ لەبوونمـا نەبـی، مـن چـی لەم بـوونە کەم
تـۆم نەبـێ ئـاخر مـن چـی لەم گەردوونە کەم
هەناسەی من هەر تۆی، دەی منیش تۆم نەبـێ
هەر خـۆت بڵـی چـی لەم دڵ و دەروونە کەم

دڵ و دەروونـــم وێـــرانە، هەردەم بـــێ تـــۆ
تووشـــی ئەم هەمـوو ئـازار و دەردەم بـێ تـۆ
ئەم دونیـــایەم بەخۆشەویســـتی تـــۆ دەوێ
من پێم خۆشە دەست لە دونیـا بەردەم بـێ تـۆ

بـــێ تـــۆ وەك گەڵای پـــایز زەرد دادەمێـــنم
لە دەریـــای خەم و ئەشـــکی خـــۆم ڕادەمێـــنم
هەمـوو شـەو بە دڵ و دەروونـی خـۆم دەڵـێم
دوور لە ئەوینـــی ئەو، تـــاکەی وادەمێـــنم

بــۆ دیــدارێکت هێنــده مەســت و پەرۆشــم
هەمــوو تەمەنــم بە یەك نیگــات دەفرۆشــم
تەنیـــایی هێنـــده وێرانـــی کـــرد، ئەو دڵەم
بــێ تــۆ مــن ڕادەکەم، لە دەســت دڵــی خۆشــم

هەر چنــا بــۆ جــارێ، بــا لەنێــو خەونــم بــی
مــن تەنهــا تــۆم دەوێ، تــۆ دونیــا و کەونــم بــی
هەزار و یەك ووشــە، لەســەر لێــوت دەچــنم
مــن گۆنــای گەڵابــم، تــۆش مــاچی شــەونم بــی

من بــوومە مەمــی تــۆ، دە هەر خــۆت زیــنم بە
هەناری مەرگم چەشت، دە هەر خۆت ژینم بە
کە زامــداری تیــری نیگــای ئەوینــی تــۆم
دە هەر خـــۆت هەتـــوانی، زام و بـــرینم بە

هەر خورپەیەکـت بـێ، خـۆ دڵیشـت گەرنـێ
دەبـا ئەسریـن وخـوێن لە نێـو چـاوم هەرنـێ
دوور لە خـورپەی عەشـقت، خـۆ نـاگرێ دڵـم
دەترســـم هەناســـەم لەنێـــو ســـینە دەرنـــێ

عەشـــقت لەنێـــو گیـــانم، وابـــووە بەدەردێ
تەنهـا فرمێسـك و خـوێن لەنێـو چـاوم دەردێ
ســـینەم پـــڕ لە خەمەو گەرووم پـــڕ لە گریـــان
کەی دڵـــت وا ڕەق بـــوو، لەمـــن بـــۆتە بەردێ

دڵ تـۆی لەمـن دەوێ، هەر لە کـن مـن بـی بـا
هەر خۆت پاشای خـاکی دڵ و دەروون بـی بـا
لەنێـو هەر خـورپەیەك، تـۆی لەبـاوەش نـاوە
عەشقی تـۆ چـۆتە دڵ، لەمـن هەر وون بـی بـا

مـن لەتـۆ وون بـوومە، گەردوونە بەمـن چـی
تـــۆم هەیە ئەم دڵ و دەروونە بەمـــن چـــی
من بەعەشی تۆ هەم، هەر تیشکی ڕووی خۆتم
چیرۆکـی ئەم بـوون و نەبـوونە بەمـن چـی

بەمـن چـی ئاسـۆ ڕوو لە شـکۆفەی گـوڵ بـێ
پەپـولە لەسـەر گـوڵ، بولبـول لەسـەر چـڵ بـێ
بەهـاری مـن ئەوسـا گەڵاو گـوڵ دەردەکـات
نـــاوت لەنێـــو زارم، تۆشـــم لەنێـــو دڵ بـــێ

تـۆ بێـو سـەر لە مـن نـا، جـارێ سـەر لەدڵ دە
پەپـولەی ڕەنگین بە، سـەر لە جـوانی گـوڵ دە
زووکە تـــا دڵ مـــاوە، زار نـــاوی تـــۆ دێنـــێ
ئـــاخر چ ســـوودی هەس، دیـــدەنیم لە گـــڵ دا

دیـــدەنیی تـــۆی گەرەکە، دڵ خـــۆ نـــاگرێ
لەنێـــو ســـینەمدا، بـــۆتە پـــارچە ئـــاگرێ
بەرچـاوی گرتـووم و خـۆ بەهـیچ ژێـر نـابێ
ئەوینـــی تـــۆی دەوێ لـــێم، نـــازی ڕاگـــرێ

خۆشەویســتی تــۆ، وا ڕۆچــۆتە نــاو خــوێنم
شــەوانە لە خەویــش، خــۆ هەر تــۆ دەدوێــنم
مــن ئــاوێتە بــوومە لەگەڵ هەســت و ســۆزت
زۆر جـار تـۆ بەخـۆم و خـۆم بە تـۆ دەچـوێنم

لەتـــــۆم بە تەنیـــا خۆشەویســــــتی داوایە
ئەو دڵەم دەگـــری بـــۆت، ژێرنـــابێ ســـاوایە
بە گیــان و دڵ هەمیشــە تــۆم خۆشویســتووە
مــن کە بــۆ تــۆ وام، ئەو دڵەی تــۆش ئــاوایە؟

دەزانــی عەشــقت بــۆ مــن، چەنــدە پــڕ ئێشــە
چــۆن بــۆ دەروونــی ڕوخــاوم بــۆتە کێشــە
ئــازارم بــدا هەزار هێنــدەی تــر قەینــا
مــادەم هیــوای گەیشــتن بە تــۆم لە پێشــە

دووری، بەڵام نزیکترینـــی لە دڵــم
هێنــدەی هەمــوو دونیــا خۆشــمدەوێی گــوڵم
هەر وەك خــوێن لە نێــو دەمــاری دڵمــدای تــۆ
هاموشــۆمە، تــا ئەو ڕۆژەی لەژێــر گڵــم

ســەد هێنــدەی دی، دڵ ڕقــی تــۆ پێــتە پێشــم
بشــکێنێ دڵــم، خراکــا چەقــی ڕێشــم
لەم ڕێــگەی ئەم ئەویــنە بەمــوو لانــادەم
پــێم خۆشــە تــا مــردن هەر نــازت بکێشــم


پێم خۆشــه هەمیشــه، جێگەت نێـو دڵـم بـێ
له بــاغی دڵ، ئەوینـــت تـــاقه گـــوڵم بـــێ
مــن لەگەڵ تــۆ هــاتم تــا لەنێــو دونیــابووم
پێم خۆشــه عەشـقت تـا نـاو خـۆڵ و گڵـم بـێ

بەس نیگـــای چاوانـــت دڵـــم ســـارێژەکا
عەشـــقت ســـەرتاپا تەمەنـــم گـــوڵ ڕێژەکـــا
هێنــده لەنێــو خۆشەویســتی تــۆ ڕووچــوومه
له خەویـــش دڵ لەگەڵ تـــۆدا وتوێژەکـــا

قوربــانی خــودام، نیگــاری ڕووی تــۆی کێشــا
گەرچــی بەو نیگــارەت ســەد جــار دڵــم ئێشــا
له ئــێش و ئــازریش هەر خۆشـــی دەبیـــنم
ئــاخر مــن هەر تــۆم خۆشویســتووه له پێشــا

کەی دەرگەی دڵت بەسەرما واڵا دەکەی
تا لە باغی سەوزی دڵما باڵا بکەی
هەر خۆشەویستی هەتوانی ئەو دڵەمە
دەبێ کەی دەردی دووری لە چاڵا بکەی

بێ تۆ، بۆ کوێ بڕۆم، ڕێی دونیام لێ وونە
هەر خەندەیەکی من، خەمێکی لە بنە
من هەر تەنیا تۆم هەیە، دڵمی پێبدەم
تۆم لا نەبێ، کوا دڵیشم لەگەڵ منە



## شەوی دووەم

# لەگەڵ دڵم هاتم، تۆ تا سەرنەهاتی

دڵ وێـــرانە، نـــازانی چەنـــد بـــێ هۆشـــە بـــۆت
نە هەر خـــۆم، شیعریشـــم هێنـــدە پەرۆشـــە بـــۆت
بـــۆمن هـــیچ نـــاگۆڕێ، دوای ســـەد ســـاڵیش بێیـــتەوە
هەر وەك جـــاران، ئەو دڵەم پـــڕ لە جۆشـــە بـــۆت

دڵـــم بەشـــوێن نیگـــای ئەو چـــاوانەت وێـــڵە
بـــا ئەو ڕووەت ببیـــنم، دە یەك جـــار بـــێڵە
هێنـــدە بـــێ هەســـت مەبە، دە هەر دەڕۆی قەینـــا
تـــۆزێ خۆشەویســـتی بـــۆ دڵـــم جـــێ بـــێڵە

زۆر گـــــــرانە دەردی دابڕانـــــــــت لەلام
تـــۆ هەر خۆشەویســـتی لەنێـــو دڵـــما بەڵام
ســـەدان جـــار پرســـیم و هەرهیچـــی نەگەیشـــت
مەرگـــی خـــۆم دەبەخشـــم، تەنیـــا بـــۆ یەك وەڵام

له دووریـــــت خەریکـــــی شـــین و نـــاڵانە دڵ
لەگەڵ خەمـــــدا لە شـــــەڕوتێك ئـــــاڵانە دڵ
لەنێـــو ئاســـمانی خۆشەویســـتی تـــۆراوە
وەکـــو کـــۆتری بـــن میچـــی مـــاڵانە دڵ

بـــۆ لەنێـــو دڵـــی خـــۆت ســـەرگەردانت کـــردم
بەحەسرەت تووشـــی هەزار دەردانـــت کـــردم
کـــۆتری دڵـــم، هەر مـــاڵی دڵـــی تـــۆی دەویســـت
بـــۆچی ئـــاوارەی کێـــو هەردانـــت کـــردم

یادگـــارە لە دڵـــم ڕۆژێ خۆشـــم ویســـتی
لەیەکـــتر دابـــڕاین دیـــارە کە خەم ویســـتی
مـــن هەر تەنیـــا بـــۆ ڕۆژێـــك و دووان نەبـــوو
دڵـــم دەزانـــێ بـــۆ هەمیشـــە دەم ویســـتی

بە ڕۆشـــتنت، خــۆ بــوو بەشــین ڕۆژی جەژنــم
بە تەنیــا تــۆم دەویســت، کەی پیــاوی دوو ژنــم
خۆشەویســـتی تـــۆم، لەنێـــو دڵ کـــوژایەوە
نەك لەگەڵ تـــۆ، وا لەگەڵ خۆشـــم دوژمـــنم

نــازانی بــۆ عەشــقت، چەنــد بەکــوڵ گریــابووم
لەگەڵ فرمێســـکی خـــۆم، تێکەڵـــی دەریـــابووم
کە دڵ زانــــی ناگـــا، بە دیـــدەی نیگـــارت
جــا زانــیم مــن هەر بەنــدی خــۆزگەو بریــابووم

چــاوەڕێی مــانگی ڕووت بــووم و هەر نەهــاتی
وەك بەردی بـــن گۆمـــت لێهـــات، دەرنەهـــاتی
شـــکاندت پەیمانـــی دڵ، کە بەخـــوێن پـــێم دای
لەگەڵ دڵـــم هـــاتم، تـــۆش تـــا ســـەرنەهاتی

خــورپەی نێــو دڵەکەم، بە تەنیــا هەر تۆبــووی
بە چەشــنی خــوێن هــاتی، لەنێــو دڵــما کۆبــووی
کە ڕۆیشــتی دڵــیش مــرد، خــوێنی تێــدا نەمــا
وەك نەبــم، تــۆش هەر ســەرگەرمی هــاتوچۆبووی

وادەی مەرگــم هــات و هەواڵــت هەر نەهــات
بە خۆشەویســتی تــۆ، جــا چــیم بەســەر نەهــات
گـــــوتم وا دەمـــــرم، هەر یەك نیگـــــات داوامە
تــۆش هەر یەك ووشــە لەنێــو دەمــت دەرنەهــات

لە عەشـــــقت هەر زوو هەڵاتــــم و ئـــــاوابووم
ئەگەرچـــی مـــن لەنێـــو دڵـــی تـــۆ ســـاوابووم
چــۆن دڵــت هــات وا زوو، شــەو بەســەرما بێنــی
تــۆ هەمیشــە وابــووی، کەی مــن وەك تــۆ وابــووم

ســـەرێکم بـــدە، نـــزیکە گیـــان کێشـــانم
نوقمـــت کـــردم، لەنێـــو خەم و دڵ ئێشـــانم
بپرســـە لە پـــایز، کە وەك مـــن زەردە ڕووی
تـــا بزانـــی، بۆتـــۆ چەنـــدە پەرێشـــانم

جێـــت خـــاڵی لەدڵـــما، کەس لەخـــۆ نـــاگرێ دڵ
ڕەنجـــاوە لەخۆشـــم، کەس ڕانـــاگرێ دڵ
بە ســـۆزی هـــیچ دڵـــێ دانـــامرکێتەوە
دوای خۆشەویســـتی تـــۆ، بـــۆتە ئـــاگرێ دڵ

هێنـــد ئاســـان بە جێـــت هێشـــتم بە تەنیـــایی
بیـــرت چـــوو لـــێم کەی، ســـڵاوی ماڵئـــاوایی
بە حەسرەتـــی یەك دیـــداری نێـــو نیگـــاتم
لەم دونیـــایەش نەبێـــت، بـــا لە ڕۆژی دوایـــی

ئێســـتاکە بـــێ تـــۆ، مـــن دڵـــم هێنـــدە تەنـــگە
ڕۆژگـــــاری ڕوناکیشـــــم لـــــێ شـــــەوەزەنگە
تەنیـــــا بە بینینـــــــت دڵـــــــم دەکـــــرێتەوە
چاوەکـــانی تـــۆ بـــۆ مـــن، تیشـــکی گـــزنگە

تـــازە بـــۆ هەر کـــوێ بچـــی تـــۆ هەر هـــی منـــی
تـــــۆ لەنێـــــو دڵـــــما دەریـــــایەکی بـــــێ بنـــــی
شـــــەپۆلی ئەوینـــــت نـــــاکەوێ لە جـــــولە
تەنیـــــا لەبەرچـــــاوی پـــــڕ ئەسریـــــنم وونـــــی

بـــێ تـــۆ بـــۆ کـــوێ بـــڕۆم، ڕێـــی دونیـــام لـــێ وونە
بـــێ خۆشەویســـتی تـــۆ، دڵـــم لە ســـەدلا کـــونە
کە تـــۆم لەگەڵ نیـــیە، زۆر بـــێ کەس و تەنیـــام
دڵیشـــم لـــێ زیـــزە، کـــوا ئەویـــش لەگەڵ مـــنە

تـــۆ نەبیـــنم ئاســـمان دەڕوخـــێ بەســـەرما
دڵ دەبەســـتێ، چـــوار وەرزەم دەبـــێ بەســـەرما
لەو ڕۆژەوە کە تـــۆی نەدی لە خـــورپە کەوت
ئەو دڵەم لـــێ مـــرد، گیـــانم تەنیـــا بەســـەر مـــا

حەز و ئـــارەزووم لەنێـــو دڵـــم کوشـــتووە
خامۆشـــم، هەناســـەم لەخـــۆم نەهێشـــتووە
لەو ڕۆژەوەی کە مەلـــی خۆشەویســـتی تـــۆ
لەنێـــو هـــێلانەی دڵـــی مـــن هەڵنیشـــتووە

هەر چەنـــد دەکەم، تـــۆ و ئەو دڵەم پـــێ کۆنـــابێ
ئەو دڵەی مـــن دەمـــرێ، هەرگیـــز بـــێ تـــۆ نـــابێ
لە عەشـــقا، هەمـــوو دونیـــا بە یەکگەیشـــتن
ئەگەر مـــن بە تـــۆ بـــگەم، ئـــاخر بـــۆ نـــابێ

دڵ کەوتە لەرزیـن، کە نـاوی تـۆم گـوێ لـێ بـوو
بـــۆ دڵـــم هەزاران دەردو خەمـــی پـــێ بـــوو
مـــن تـــۆم دانـــابوو بە ســـەروەری دڵـــی خـــۆم
تـــۆ نەهـــاتی چـــاوی دڵـــم هەر لە ڕێ بـــوو

ئەو دڵەی مـــن هەمیشـــە چاوەڕێـــت بـــووە
بـــۆ نیگاێـــك هەمـــوودەم چـــاوم لێـــت بـــووە
دڵـــم هەمـــوو ســـۆزێکی دا بەدەســـت دڵـــت
ئـــاخر ئەو وەك مەجنـــون مـــتمانەی پێـــت بـــووە

بـــۆ دڵـــی شـــکاوم، تەنهـــا جارێـــك یـــاربە
بەس جارێـــــك لەخەمـــــی دڵـــــم ئاگـــــاداربە
چـــی مـــاوە، تـــا بـــۆ خۆشەویســـتی تـــۆ نەیـــکەم
بەس هێنـــدە بـــۆ گیـــانم، ڕوو لە ڕووی ئـــازاربە

شــکا پەنــجەی شــیعرم، هەر بەیەك نیگــای تــۆ
دامنــا دڵ و گیــانم، هەمــووی لە ڕێگــای تــۆ
لەنێــو ئــازاری خــۆم، وا گیــان دەدەم کەچــی
لە دڵــی ڕەنجــاوم، هێنــدە بــێ ئاگــای تــۆ

بــۆ تۆبــوو، هەرچــی هەنگــاوێ کە مــن نــابووم
چــۆن پیشــانم دەدا، لە دڵــیش هەر وابــووم
ســەد جــار دڵــم شــکاو دیســان هەڵســامەوە
پەشــیمان نــیم، چــی لەپێنــاوی تــۆ دابــووم

یەکەم نیگــای تــۆ هەمیشــە لەبەرچــاومە
خۆشەویســتیت ئێســتا ناونیشــان و نــاومە
هەمــوو دونیــا شــەوەزەنگ بــێ دڵ ڕوونــاکە
چــونکە ئەوینــی تــۆ، ئێســتاش خۆرەتــاومە

خۆشەویسـتی تـۆ، بـۆ دڵـم زۆر بە ئـێش بـوو
خەمـی تـۆ لەکـوێ بـوا، دڵـی مـن لەوێـش بـوو
تەمەنـی خـۆم خسـتە نێـو هەردوو دەسـتی تـۆ
مـردن لە کـوێ بـوا، گیـانی منـی لە پـێش بـوو

کە تــۆم خۆشویســت، گــۆڕام و پێچەوانەبــووم
هەرگیــز وەك ئێســتاکە لەنێــو خەمــدا نەبــووم
گەیشـــتن بە شــیرینی ئەوینـــی دڵیـــان
لە خۆشەوســتی تــۆ، مـــن هەر وێرانەبــووم

گەرچـــی لە دووریـــت ئەرزو ئاســمان نێــوانمە
کەچـــی بە یـــادت خەنـــدە لەســـەر لێــوانمە
خەنـــدەی شــیرینی ئەوســاو تــاڵی ئێســتاکە
ئەم ڕۆژانە خەم نەبـــێ، کـــێ میـــــوانمە

بـــۆ ئەشـــکی چـــاوانم، خەمـــێ دای نەگرتـــی
دڵـــت هێنـــد ڕەق بـــوو، هـــیچ شـــتێ ڕای نەگرتـــی
کە دڵـــت شـــکاندم، هێشـــتا خەمیشـــت دامـــێ
کەچـــی هـــیچ کەس لەم دونیـــایە لای نەگرتـــی

خـــۆ بڕیـــار بـــوو هەر خـــۆت بێـــی و دەرمـــانم کەی
ئەشـــکی چـــاوانم بســـڕی و لە گریـــانم کەی
کەچـــی نـــوقمی دەریـــای خەم و ژانـــت کـــردم
لە کـــوێ بـــزانم تـــۆ دێـــی، تـــا وێـــرانم کەی

ســـۆزت بـــۆ ئەو دڵەم، کـــوا خـــۆ هەر کەمـــێ بـــوو
خۆشەویســـتیت بـــۆمن، تەنیـــا هەر دەمـــێ بـــوو
ئێســـــتاش بەیـــــادی ئەو ڕۆژانەوە دەژیـــــم
خۆشـــی و شـــادی دڵـــم، تەنیـــا ســـەردەمێ بـــوو

فرمێســـــکی ئەویـــــنم تکـــــاو کەوتە کۆشـــــم
ئـــــاگری بەردایە دڵـــــی پـــــڕ لە جۆشـــــم
برینـــــی ســـــەد ســـــاڵم، بەئـــــازار کەوتەوە
نەك بـــۆ دووری تـــۆ، گریـــام بـــۆ دڵـــی خۆشـــم

مـــن بەدڵ هـــاتم و تـــۆش هەر بەپـــێ هـــاتی
مـــن لەگەڵ دڵـــی خـــۆم، تـــۆ لەگەڵ کـــێ هـــاتی
دڵـــی مـــن کۆتـــا نەبـــوو، کە پێـــت نـــا ســـەری
چەنـــد دڵـــی شـــکاوت دی، کە لە ڕێ هـــاتی

تـــا گەیشـــتم بە دڵ، تووشـــی ســـەد دەردان بـــووم
لەگەڵ ئەو دڵەم بەجـــاری ســـەرگەردان بـــووم
دەســـتم بـــۆ دڵـــێ تـــۆش هێنـــا وەك بەردێ بـــوو
لەگەڵ دڵی تۆش، هەر تووشی دەست بەردان بووم

لەنێـــو خۆشەویســـتی پەرێشـــانت کـــردم
ســەد جــار تووشــی خەم و دڵ ئێشــانت کــردم
مــن تــا دەهــاتم، تــۆ دوور تــر دەڕۆیشــتی
بە دووریــت، نزیکــی گیــان کێشــانت کــردم

تەنیــا دڵێــکم بــوو، ئەویشــت لــێ بــردم
یــاوەری ئەســتێرەو شەویشــت پــێ کــردم
خـــۆراکم ئێســـتاکە، هەر بەتەنیـــا بە خەمە
تــۆ هەتــا خــۆراك و خەویشــت لــێ کــردم

دڵــم خـــورپە ناکـــا، ئێســـتا وەك ئەو دەمە
گەرچــی دڵ هێشــتا نــاوی تــۆی لەســەردەمە
مــن بەدەردی خۆشەویســتی تــۆوە ســوتام
تــا دەمــرم، ئــاوێتەی زامــی ئەو دەردەمە

لە ڕێــی دڵــی تــۆوە، مــن تووشــی ڕق هــاتم
بـــوو بە ڕق و کیـــنە هەمـــوو بەســـەرهاتم
خـــۆ بەم ڕقەوە، نەك بە تەنیـــا لەگەڵ تـــۆ
لەگەڵ خـــورپەی دڵـــی خۆشـــم بەشـــەڕهاتم

گریـــام و فرمێســـکی ئەو چـــاوانەت نەدی
شـــــەیدابووم و ئەو دڵە دیـــــوانەت نەدی
بـۆ دووریـت شـەو نەبـوو وەك مـۆم بتـوێمەوە
تەنیـــا بـــۆ جـــارێکیش ئەو شـــەوانەت نەدی

شووشـەی دڵـم شـکا، سـەد کەڕەت بەو دەسـتەت
چـۆن مـاڵی وێـران کـردم، ئەو سـۆز و هەسـتەت
مـن خـوێنم لـێ چـۆڕا، تـۆش بـزەت لێوەهـات
ئـــاخر چـــۆن نەتـــوایەوە، ئەو دڵە مەســـتەت

من چریکەی ئاوازێکی پڕ لە دەردم
قوربانی عەشقێ بووم، بە دڵی بێگەردم
هەست و سۆزم لە نێو سینەم هەر دەرهێنا
ئێستا خاوەنی دڵێکی وەکو بەردم

دڵی خەمگینی من، لەنێو دەستی تۆبوو
ئەو لەنێو زیندانی سۆز و هەستی تۆبوو
وەك دڵی تۆ نەبوو، هەر ڕۆژەی لە دەستێ
ئەو شێتانە عاشق و سەرمەستی تۆبوو



شەوی سێیەم

# شەوی یەڵدا

# ئەی درێژترین شەوی ساڵی من



شـــەوی یەڵـــدایەو دڵـــم پـــڕ دەردە بـــێ تـــۆ
هەســـتم نەمـــاوە، گیـــانم وەك بەردە بـــێ تـــۆ
مەلـــــی خەیـــــاڵم شــــــكاوە پەڕوبـــــاڵی
گەڵای سەوزی شـیعرم، ووشـك و زەردە بـێ تـۆ

شـــەوی یەڵـــدایەو دڵـــم پـــڕ خەمە بـــێ تـــۆ
ورتەی لـــێ نـــایە، ئەم زار و دەمە بـــێ تـــۆ
تـــۆ ئـــاوێزانی قەدی بەهـــاربی، بـــێ مـــن
پـــایزی هەڵوەریـــووم، ئەو دەمە بـــێ تـــۆ

شـــەوی یەڵـــدایەو چـــاو پـــڕ ئەسریـــنم بـــێ تـــۆ
مـــن پـــایزی دەمـــی هەڵـــوەرینم بـــێ تـــۆ
بە تیـــری چـــاوەڕوانی زامـــداره دڵـــم
تـــازە قەت ســـاڕێژ نـــابێ بـــرینم بـــێ تـــۆ

شـــەوی یەڵـــدایەو دوایـــن شـــەوی پـــایزە
ژوانـــی شـــەوی مـــن و خـــۆری تـــۆی ئـــازیزە
چـــاوەڕوانی شـــەویکم، بـــوو بە هەزار ســـاڵ
ئەمشـــەو بەبـــێ تـــۆ، دڵـــم لەخۆشـــم زیـــزە

ئەمشـــەوە تـــارە هێنـــدە درێـــژەی کێشـــا
بـــێ تـــۆ خەم باوەشـــی پیـــاکردم لە پێشـــا
هەڵـــوەریم بەســـەر درەختـــی بـــاڵای خـــۆم و
ڕەگ و ڕیشـــەی دڵ و گیـــانی منـــی کێشـــا

یەڵـــدا ئەی درێژتـــرین شـــەوی ســـاڵی مـــن
پـــایزی شـــیعرو خەزانـــی خەیـــاڵی مـــن
تـــۆراوە لە مـــاڵی دڵ هەتـــاوی عەشـــقت
کەی هەڵـــدێتەوە خۆرەتـــاوی مـــاڵی مـــن

شــەوی یەڵــدایەو درێــژی شــەو دوایــی دێ
تـــــاریکی لەگەڵ خەم بــــۆ ماڵئـــــاوایی دێ
کەی تــۆش دێــی، تــا بێــژم بەڕوونــاکی گیــانم
خـــۆری دڵــم لەگەڵ عەشـــقی خـــوایی دێ

شــەوی یەڵــدایەو خــۆر مشــتێکی لــێ مــاوە
تیشــکی زێڕینـــی خــۆی ئێســتا بەشــەو داوە
شــەویش بەرگـــی تــاریکی پۆشــیوە چــونکە
پــایز تەرمـــی ســـەدان گەڵای لە خــاك نــاوە

شـــەوی یەڵـــدایەو دڵ هەر بنـــاڵە ئەمشـــەو
چــۆن مەلــی شــیعرم بــێ پەڕوبــاڵە ئەمشــەو
گوتیـــان شــــەو، هەر یەك دەقە درێژتـــرە
هەر یەك دەقەم بــێ تــۆ، هەزار ساڵە ئەمشــەو

شـــەوی یەڵـــدایەو دێوانەبـــوو دڵ ئەمشـــەو
کـــوانێ لەگەڵ ئەم میوانەبـــوو دڵ ئەمشـــەو
بەدوای دڵـــی مـــن گەڕای، کەچـــی نەتزانـــی
بـــێ تـــۆ لەم شـــاخ و کێوانەبـــوو دڵ ئەمشـــەو

شـــەوی یەڵـــدایەو دڵ لەخـــۆم زیـــزە ئەمشـــەو
ناونیشـــانی شـــیعرم، هەر پـــایزە ئەمشـــەو
نەك هەر دڵـــی شـــکاوی خـــۆم نـــادوێنم
هەتـــا مەرگـــی خۆشـــم لام ئـــازیزە ئەمشـــەو

شـــەوی یەڵـــدایەو هەر تەنیـــا لە تـــۆم کەمە
تـــۆ نەبیـــت خەنـــدەو شایشـــم خـــۆ هەر خەمە
هەر کەس هەواڵـــی هـــاتنی تـــۆم بـــداتێ
مـــن گیـــانی خـــۆمی پـــێ دەبەخشـــم ئەو دەمە

شەوی یەڵدایەو تاریکیم لێ کەوتەوە
ڕژایە ناو شیعرم بە ڕاست و چەوتەوە
درێژەی کێشا، چیرۆکی هاتنی تۆ
تا دڵم هەڵساو جارێکی دی خەوتەوە

شەوی یەڵدایەو بە دڵی پڕ ئاخەوە
تاریکی خەمم خستە دڵ و ناخەوە
لەگەڵ درێژترین شەوی ساڵ من هاتم
کەچی تۆ خۆ هەر نەهاتی، بە داخەوە

شەوی یەڵدایەو من بە دڵ یادت دەکەم
گەرچی لەنێو دڵی خۆم ئازادت دەکەم
گەر نیازت، مەرگی پەپولەی گیانمە
بە کێشانی گیانی خۆم دڵ شادت دەکەم

شـــەوی یەڵــدایەو گـــوتم ئیـــدی بۆمـــان بـــوو
چنـــا شـــەوێك دنیـــا بە دڵـــی خۆمـــان بـــوو
هەرچـــی هـــات و درکێکـــی خســـتە نێوانمـــان
تەنهـــا خەم و تەنیـــایی وەفـــای بۆمـــان بـــوو

شـــەوی یەڵـــدایەو مـــن بەم ســـۆزو هەســـتەوە
دوو چەپـــکە گـــوڵی ســـوورم خســـتە دەســـتەوە
هێنـــدەم زانـــی لە دەســـتت بـــوو بە دوو درکـــێ
گیـــان و دڵمـــی لە خـــوێن و بـــرین بەســـتەوە

شـــەوی یەڵـــدایەو کە مـــن بیســـتوومە ئەمشـــەو
دووریـــت دڵـــی لە خـــورپە خســـتوومە ئەمشـــەو
لەنێـــو ڕەشـــی چـــاوت، مـــن و دڵ دابـــڕاین
تاریکیـــت بـــاڵی شـــیعری بەســـتوومە ئەمشـــەو

شـــەوی یەڵــدایەو بەخەیــاڵی تــۆ گەشـــتم
پــێم گــوتی لەم دونیــایەدا، هەر مــن بەشــتم
هەر نیگــایەك بــوو، تــۆ بــۆ ئەم دەڵە كــردت
منــیش دەریــایەك ئەشــك بــوو، لە ڕێــت ڕشــتم

شـــەوی یەڵــدایەو دوایــی هــات ڕۆژی ئــێمە
بــێ تــۆ هێنــد تەنیــام، نــازانم خۆشــم كــێمە
دەمــێكە خــۆ مــن لە جــێگەی خــۆم نەمــاوم
باوەشـــێك گەڵای زەردی وەریـــو لە جـــێمە

شـــەوی یەڵــدایە و دڵ لە ســـینەم گیرنـــابێ
ئەم دڵە لە دووری تـــۆ، بە مـــــن ژیرنـــابێ
بەفــری خەم و ئــازار بــاری بەســەر ســەرما
لەدووریــت ئــاخر ئەم دڵەم چــۆن پیــر نــابێ

ئەمشـــەو هەر خەیـــاڵێکی خۆشـــم بۆنـــایە
نـــازانم دڵـــم لەگەڵ خۆشـــم بـــۆ نـــایە
نـــاوت شـــەوو ڕۆژ لەســـەر زارم بـــوو، کەچـــی
هێنـــدە وێـــرانم، نـــاوی تۆشـــم بـــۆ نـــایە

ئەمشـــەو مـــن لەگەڵ مەرگ یەك هاوکێشـــەمە
هـــاودەمی بـــاڵای ئەم ئـــازارو ئێشـــەمە
نە تەنیـــا لەگەڵ دووری و دابڕانـــی تـــۆ
مـــن هەتـــا لەگەڵ دڵـــی خۆشـــم کێشـــەمە

ئەمشـــەو نـــازانم چـــۆن دڵـــی خـــۆم ڕاگـــرم
خـــۆ لەگەڵ خەیـــاڵ و شـــیعریش یەك نـــاگرم
ووشـــەی شـــیعرم چەشـــنی بەفرێکـــی تەزیـــوەو
خۆشـــم چەشـــنی گـــڕو بڵیســـەی ئـــاگرم

ئەمشەو هێندەی سەد ساڵ بێ دەنگە زاری مـن
دارو بەردیشـــــی گـــرتەوە بێـــزاری مـــن
مــانگم لە پەیــڤ و گــوتن گرتــووە بــێ تــۆ
بە ووشـــە وێنـــا نـــاکرێ ئـــازاری مـــن

ئەمشـــەو پێنووسەکەشـــم نـــاگرێ دەســـتم
تـا دوو کـۆپڵە شـیعری جوانـت بـۆ هەڵبەسـتم
یەکێـــك درێـــژ بەقەد بـــاڵای شـــەوی یەڵـــداو
ئەویـدیش تێـك شـکاو هێنـدەی دڵ و هەسـتم

ئەمشـــەو گومـــان دەکەم منـــیش لە دونیـــابم
چـــۆن چـــاوم دەبینـــێ، مـــن هێنـــدە گریـــابم
دڵـــم هێنـــدە پـــڕە لەم خـــۆم و لەدونیـــا
پـــێم خۆشـــە هەتـــا ســـەد ســـاڵی دی تەنیـــابم

ئەمشەو دەمگوت تۆ بۆ من ئەستێرەی شەوی
لەنێو ئاسمانی دڵی من دەردەکەوی
ئەستێرەی دونیا دەرکەوت و من چوزانم
تۆ تەنیا داستانی نێو خەیاڵ و خەوی

پێم خۆشە من داوەتی شەوی یەڵدات کەم
جارێکی دی بە شیعرەکانم شەیدات کەم
تۆ لەگەڵ خۆر، ئاوابووی لە دڵم، کەچی
ئاخر لە کوێ من ئەمشەو دیسان پەیدات کەم

ئەمشەو بە تەنیا دڵی من بێ لانەبوو
بەم شەوگارە درێژە کەسی لانەبوو
کۆترێکی باڵ شکاوی عەشقی تۆبووم
تەنیا ئەو دڵەی تۆ، بۆ من هێلانەبوو

ئەمشەو خەمباری خۆم و دڵ پەستی تۆمە
خەڵکی مەستی شەراب و من مەستی تۆمە
لە جەنگی ئەم عەشقەت، بە دڵی تۆ دۆڕام
دیلێکم، بریندارم، لە دەستی تۆمە

ئەمشەو هەر بەتەنیا تۆ دێیتەوە بیرم
بێ تۆ خۆم دەبینم، چۆن لە نێو خەم گیرم
نەك هەر بە تەنیا لە دڵ و دەروونی تۆ
من خۆ لە گیان و دڵی خۆشم زویرم

ئەمشەو تەنیا خەم، بارە لەسەر ئەم لێوە
سەیری ڕووم کە، دووری تۆم وا دیارە پێوە
ڕوو لە پەنجەرەی یادی تۆم هەمیشە من
شەماڵ بۆنێکی تۆم بۆ بێنێ لەوێوە

مــن هەر تــۆم دەوێ، بەمــن چــی ئەوانــی دی
عاشــقی تــۆم، عەشــقی مــن چــی بەوانــی دی
بــوو بە هەزار ســاڵ ئەم شــەوی یەڵــدایە بــۆم
یەك دەقە درێژتربـــــــوو لە شـــــــەوانی دی

بـــــۆ کەوتە نێوانمـــــان دووری، بـــــاوانەکەم
دەســت بــۆ گیــانی خــۆم دەبەم وا تــاوانەکەم
لەخەونێکیشـــــابوو، دە بەس تـــــۆ بێـــــرەوە
گیـــان زۆر شـــیرینە ئـــاخر مـــن بـــا وانەکەم

باســـــی وەفـــایە، کە نـــاوی ئەم باســـــەم دێ
وەفــات کەی بە شــوێن ئەم دڵە پــڕ تاســەم دێ
تــۆ بە شــوێن دڵــی خــۆت کەوتــی منــیش تەنیــا
خەریـــــکە بمـــرم، بە ئاســـــتەم هەناســـــەم دێ

گــــولّم ئەمشـــەو دڵـــم پـــڕ لە دەرد و خەمە
تەنیـــا نـــاوی تـــۆ دەبـــا، ئەم زار و دەمە
تــۆ هەر بەتەنیـا جارێـك پـێم بڵـێ مـن دێـم
فریشـــتەی مەرگـــیش بــێ، قەینــاکە ئەو دەمە

بــێ تــۆ چــی کەم، لەم هەمـوو ئـازار و ئێشــەم
کە تۆ نیـت، ئێسـتا خـۆم بـۆ دڵـی خـۆم کێشـەم
تـــۆ چیـــت بەســـەر دڵـــی مـــن هێنـــاوە ئـــاخر
بە هـــیچ دەرنـــاچی لە خەیـــاڵ و ئەندێشـــەم

خـۆم کە دێـتەوە یـاد، هەر یـادی تـۆش دەکەم
کە یادی تۆم کـرد، چـۆن خـۆم فەرامـۆش نەکەم
مـــن بە دڵ و گیـــانەوە تـــۆم خۆشویســـتووە
تـۆ بڵـێ چـۆن یـاری بە عەقـڵ و هـۆش نەکەم

گەرچــی مــن دەڵــێم تــۆ هەر لەدڵ دەردەکەم
بەڵام نـــــاتوانم، چـــــی لەم دڵە بەردەکەم
تـــۆ بـــۆ دڵـــم خەم و ئـــازاری هەمیشـــە
هەر خۆشـــت دەرمـــانی بـــۆ ژان و دەردەکەم

لەســـەر خـــاکی دڵـــم، نەخشـــێکت کێشـــاوە
دەزانـــم بەم نەخشـــە چەنـــد دڵـــت ئێشـــاوە
بـــۆ ســـەربەخۆیی و ئـــازادی ئەم دڵەی خـــۆت
خۆشەویســـتیت لە نێـــو دڵـــی مـــن کێشـــاوە

بـــێ تـــۆ هەمـــوو تەمەنـــم، شـــەوی یەڵـــدابوو
تـــاریکی لە نـــاخم خێـــوەتی هەڵـــدابوو
بـــوو بەکـــورترین شـــەوی ســـاڵی مـــن، کەچـــی
ئەو شـــەوەی هەر بە خەیـــاڵ تـــۆم لەگەڵـــدابوو

شـــەوێکی یەڵـــدا، لەگەڵ پـــایز تێـــك ئـــاڵام
هەڵـــــوەری گەڵا گەڵا درەختـــــی بـــــاڵام
پـــایز بـــوو بەناونیشـــانم لەو شـــەوەوە
خـــۆم بە دەســـتەوەداو گەڵاش بـــوو بە ئـــاڵام

شـــەوی یەڵـــدا، بـــۆمن چ شـــەوێکی تـــاڵ بـــوو
بێ تۆ هەر یەك دەقەم، هێندەی هەزار ساڵ بوو
مـــن خـــۆم و خـــۆتم لە دەســـتدا بـــۆ هەمیشـــە
ئەوەی بـــۆم مـــایەوە هەر شـــیعرێکی ئـــاڵ

## شەوی چوارەم

# پایزی خۆشەویستی

دەتگـوت خۆشـمدەوێی، گیـانەکەی مـن، گـوڵم
منـــیش دمگـــوت مـــن زۆر زیـــاتر هـــانێ دڵـــم
لەو ڕۆژەوە ئەو دڵەی منـــــــت بـــــــــردووە
وەك بولبـــــولێکی باڵشـــــکاوی ســـــەر چڵـــم

دەتگـوت بـۆ ئەو دڵەم بە تەنیـا تـۆ بەسـمی
لە دونیـا تـۆ لەجـێگەی هەر هەمـوو کەسـمی
مـن دڵـم دا بە تـۆ، کەچـی یاریـت کـرد پێـی
لای بێگـــانە گوتـــت بـــوکەڵەی نێـــو دەســـمی

دەتگـوت لەم دونیـایە، تەنیـا تـۆم خۆشـدەوێ
مـــن دەمـــرم، گەر ڕۆژێ چـــاوم پێـــت نەکەوێ
وامزانـــی دوای مـــن هـــیچ کەس نـــاچێ بە دڵتـــا
کەچـــی دڵـــت لە حەزی خـــۆی هەر نـــاکەوێ

دەتگــوت خۆشەویســتی تــۆ بــۆم، تاقــانەیە
لە ڕووی تــۆ، هەمــوو دونیــا بــۆم بێگــانەیە
ئێســتاکەش هەمــوو دونیــا بە دڵــت ئاشــناو
تەنیــا دڵــی مــن لات، بــێ شــوێن و لانەیە

دەتگــوت گەر تــۆ نەبــی، مــن یەك ڕۆژ نــامێنم
پــێم خۆشــە شــەو و ڕۆژ لە ســیمات ڕامێــنم
وەك ئەوەی هەر نەبــم، لە بیــرت کــردم تــۆ
بەو داخە ئێســــتا، دڵــــی خۆشــــم نــــادوێنم

دەتگوت خۆشەویستی لەگەڵ کەس هەر نـاکەم
هەست و سـۆزی دڵ، بـۆ کەس لە دڵ دەرنـاکەم
کەچــی بە دارو بەردت بەخـشــی هەســتی دڵ
مـن بـۆ خۆشـم ویسـتی، سـەر لە دڵ دەرنـاکەم

دەتگوت گەر تۆ بۆ من بی، دونیا هی منە
خۆشەویستی تۆ دەریایەکی بێ بنە
کەچی ئێستاکە دونیای من خەمە تەنیا
لە نێو دونیای درۆ، گیان و دڵم وونە

دەتگوت تۆ یەك کەسی، وەلێ هەموو دونیای
لە نێو ئاسمانی دڵم، وەك مانگی تەنیای
کە تاریکی تۆم دی، جار زانیم چەند دووری
لەگەڵ ڕوناکی گیان و دڵم زۆر جیایی

دەتگوت چەند دڵخۆشم، تەنیا تۆم خۆشدەوێ
لەو دونیاش پێم بێژن، تەنیا هەر تۆم دەوێ
ئێستاش تۆراندووتە خەو لە چاوانی من
بە خەیاڵیش چاوم بە چاوت ناکەوێ

دەتگـوت تـۆ نەبـی، مــن لەگەڵ کەس ناســازم
دڵــــم داوەتە تـــۆ، خـــۆت مەحرەمــــی ڕازم
بـێ مـن ئاسـمانی زۆر دڵـت تەی کـرد، کەچـی
تەنیــا مـــن مـــامەوە بە دڵـــی بـــێ نیـــازم

دەتگوت من شـەو و ڕۆژ، بە بـێ تـۆ هەڵنـاکەم
داوای مەرگـیش بـکەی، مـن تـۆ بـێ دڵنـاکەم
وەلـــێ شـــکاندت ئەو دڵەم ســـەت کەڕەتە
کەچـــی یەك ووشـــەی ناســکتر لە گــوڵ نــاکەم

دەتگـوت مــانگی ڕونــاکی دڵــی تەنیــام تــۆی
خۆشەویســتی تاقــانەی هەردوو دونیــام تــۆی
دوای کە نـــازبڕاوی هەردوو دونیـــات کـــردم
هەر بەردێــك دەبیــنم، مــن زۆر دڵنیــام تــۆی

دەتگـوت مـن ئـاو و ئـاگرت بـۆ لێـك دەدەم
بەس تـۆ بڵـێ هەمـوو دونیـات بـۆ تێـك دەدەم
دونیا وەك خۆی، هەر دڵی من بـوو بە دوو لەت
بـــۆ ڕزگـــاری گیـــانم، ئێســـتا لە تێـــك دەدەم

دەتگـوت لەم دونیـایە، کەس هاوشـانت نیـیە
کەس وەکـــو مـــن، ئـــاوا پەرێشـــانت نیـــیە
بەدەم ئـــــازارەوە فەرامۆشـــــــت کـــــــردم
چـۆن لـێم تـێ دەگەی، کە دڵ ئێشـانت نیـیە

دەتگـوت لەم دونیـاییە، جوانیـت بـێ وێـنەیە
بـــۆ خۆشەویســـتی مـــن، دڵـــت ئـــاوێنەیە
دڵ ڕەقـــانە، دڵمـــت لە ســـینە دەرهێنـــا
ئێســـتاکە بەردێ لە جێـــی ئەو لەم شـــوێنەیە

دەتگـوت خەونـی گەورەم تەنیـا تـۆی بە تەنـێ
بە بـــوونی تـــۆوە خەمیشـــم پـــێ دەکەنـــێ
کەچـی خەمـی خۆشـت بە دڵـی مـن بەخشـــی
ئێســـتا بە ســـادەییم پـــێ دەکەنـــن هەنـــێ

دەتگـوت نـاوت نەخشـە لەسـەر دڵ کێشـاومە
لە هەمـوو جـێ، نـاوی تـۆ لە جـێگەی نـاومە
خۆشەویسـتیش وەك نـاوم، زوو چـوو لە یـادت
بـــوو بە دڵـــۆپە ئەشـــکێ، ئێســـتا لە چـــاومە

دەتگـــوت بە گیـــان و دڵ، لەگەڵ تـــۆ دەمێـــنم
من هێنـدەم خۆشـدەوێی، ڕەنگـی تـۆ دەنـوێنم
کەچـــی نەڕەنگـــی مـــن و نەدەنگـــی تـــۆ مـــا
هێنـــدە خەمگیـــنم ئێســـتا، خۆشـــم نـــادوێنم

دەتگـــوت بیـــرتە یەکەم ڕۆژ کە بەڕێـــکەوت
ڕووخساری نەخشینی تـۆم دی چاوم پـێکەوت
کەچـــی هەر ئەو ڕۆژە، تـــاڵی هـــاتە ژیـــانم
خۆشی و شادیم بە جارێ لەدەسـت و پـێکەوت

بە دوای خۆشەویســـتی تـــۆوە لەڕێ کەوتـــم
هەڵنەســـامەوە، تـــا هەتـــا لەجـــێ کەوتـــم
بەم ئازارانەشـــــــەوە هەر خۆشـــــــمدەوێی
دەڵـێم سـوپاس خـودایە، مـن بەرکـێ کەوتـم

دەتگـوت لەگەڵ تـۆبێ، دەبـا شـین و شـاییم
مـــن لە دڵـــی تـــۆ تیشـــکێکی خۆرەتـــاویم
ئەوســـا تـــازە هەڵـــدەهاتم لەنێـــو دڵـــت
ئێســـتاش دەبینـــی لە دەمـــی ماڵئـــاواییم

دەتگـــوت کە تـــۆ هـــاتی، خەم لە دڵـــم ڕۆیـــی
لەنێـــو مـــاڵی دڵـــم، بـــووی بە ئاشـــنا و خـــۆیی
کەچی خۆت ڕۆشتی، خەمت بۆ من بە جێهێشت
ئێســـتا مـــن خەم دەخـــۆم بـــۆ ژینـــی بـــێ تـــۆیی

دەتگـــوت خۆشەویســـتی، دەبـــا یەك دانەبـــێ
جـــگە لە تـــۆ هـــیچ کەس لە نێـــو دڵ بـــانەبێ
کەچـــی مـــن لە هەمـــوو شـــوێنێکم ئێســـتاکە
بە تەنیـــــا لەنێـــــو ئەو دڵەی تـــــۆ دانەبـــــێ

دەتگـــوت ســـەیرە، لەگەڵ کەســـدا وا نەبـــوومە
ئـــــاوا لەنێـــــو خۆشەویســـــتیدا نەبـــــوومە
کەچـــی هێنـــدە شـــکاندت ئەو دڵەی پـــێم دایـــت
وەك پاشـــــماوەی شـــــارێکی وێرانەبـــــوومە

دەتگوت خۆشمدەوێی، دە سوێند بەگیانم بێ
تەنیا خۆشەویستی تۆ لە نێو ژیانم بێ
بۆ خۆت ژیانێکی تازە، بێ منت دانا
ئەی کێ خەمڕەوێنی شین و گریانم بێ

دەتگوت من ئەو دڵەی تۆم لە خودا دەوێ
چی بکەم بە قەد هەموو دونیا تۆم خۆشدەوێ
ڕۆژگار هات و دونیات، بوو بە کەسێکی دی
خۆ بە خەیاڵیش منت هەر بیر ناکەوێ

دەتگوت ڕوناکی ڕێگەی ژینم هەر ئەتۆی
دونیایی گەرمی سۆز و ئەوینم هەر ئەتۆی
ژینت هەموو لێ بردم، کەچی هەر دەمگوت
لەم دونیایەدا نیوەی دینم هەر ئەتۆی

دەتگـوت بە تـۆ دەبەخشـم، مـن گیـان و دڵـم
تەنیـــا بەس بەتـــۆ دەڵـــیم تاقـــانە گـــوڵم
گـــوڵی خۆشـــیم وەری، بەپـــایزی دووری
نە هەر گـــوڵ، گەڵایەکـــی زەردی بـــێ چڵـــم

دەتگـوت بە بـۆنەی تـۆوە تەرکـی دونیـام کـرد
هەرچـی فرمێسـك بـوو، ئـاوێتەی دەریـام کـرد
کەچـــی هەر وەك نەبـــم، نـــایەی بە لای دڵـــم
هەر دڵـێکم هەبـوو، بە هـۆی تـۆ تەنیـام کـرد

دەتگـــوت خۆشـــمدەوێی، نـــازانم لەبەرچـــی
مـــن دەی ســـوتێنم بێـــتە ئـــازارت هەرچـــی
ئەی کـوانێ ئەو هەمـوو بەڵێـنەی پێـت دابـووم
بە جێـت هێشـتم ئـاوا زوو ئـاخر لەسـەر چـی

دەتگـوت ئەوینـی تـۆ، گیـانی خسـتە بـوونم
گەشـــــایەوە گـــــوڵزاری دڵ و دەروونـــــم
لە نـاو پـایزی خۆشەویسـتی جێـت هێشـتم
ئێســـتاش وەك گەڵای یـــایز بەرەو کزبـــوونم

دەتگـوت بـۆم هەڵـکەوێ ئەمجـارە دەرفەتـێ
لە دڵـــت نـــاهێڵم ڕەگـــی هـــیچ خەفەتـــێ
کەچـی خـۆت بـووی بە سـەرچاوی خەمـی دڵـم
خۆشەویســـتیت بـــۆ دڵـــم، بـــوو بە ئـــافەتێ

دەتگـوت مـن نەخۆشـم، تەنیـا دەرمـانم تـۆی
ئـــارامی دەریـــای هەنســـك و گریـــانم تـــۆی
تـۆ کەچـی هەر خـۆت نـوقمی گریانـت کـردم
بـــۆ خـــاکی ســـەوزی دڵ، وەرزی زریـــانم تـــۆی

دەتگـوت بـۆ هەسـت و سـۆزی ئەوینـت نیـیە
هێنـــد دڵ ڕەقـــی ئـــازارو برینـــت نیـــیە
کەچـــی دڵـــی تـــۆ بـــوو بە بەردێ لە سـینەت
نەك تەنیـا دڵ ڕەقـی، تـۆ هەر دینـت نیـیە

دەتگـوت لە نێـو خەیـاڵم دای تـۆ هەمیشـە
تـۆم دەوێ گەرچـی خۆشەویسـتی خەمیشـە
لە نێـو مەزاری دڵتـا منـت ناشـت کەچـی
سـەد جـار بۆخـۆم بمـرم، هێشـتا پێم کەمیشـە

دەتگـوت بـۆ ئەو چـاوانەم، تـۆ وەك گلێـنەی
بـۆ دڵـی پـڕ سۆزیشـم، چەشـنی ئـاوێنەی
شـكاندت ئـاوێنەی دڵـی بـێ گەردی مـن
لە ئەلبـوومی یـادم، تـۆ دواهەمـین وێـنەی

دەتگــوت شـــتێ بڵـــێ، بــۆنی تــۆی لێـــوەبێ
گـــــوڵێکم دەیە، کە ڕەنگــــی تـــۆی پێـــوەبێ
تۆ هەناسەم بـووی، کەچـی دەرچـووی لە گیـانم
مـــن دەمـــرم، تـــازە هەناســـەم لە کوێـــوەبێ

دەتگـوت لەم دونیــایە، تەنیـا داهــاتووم تــۆی
خۆشەویسـتی هــاتە دڵ، جـا مـن هــاتووم بـۆی
مەمترســـــێنە بە دووری، کە ڕەنگـــــی مەرگە
سـەت جـار مـردنم دیـوە، مـن ڕاهــاتووم بـۆی

دەتگـوت دڵ پیربـوو لە دووریـت، بە سـاڵاچوو
ئەوینـــت گـــوڵێ بـــوو، لە دڕك و داڵاچـــوو
دڵـــی منـــیش چەشـــنی مەلێکـــی بـــاڵ ســـپی
ســـەدان تیـــری ڕقـــی، بە پەڕوبـــاڵاچوو

دەتگـوت تـا ئەو ڕۆژە مـن مـاوم، لە بـوونم
بەرامـــبەرت نـــاگۆڕێ بیـــرو بۆچـــوونم
کەچـی نەتـم ناسـی، بە دڵ هێنـدە گـۆڕای
ژەهـری ڕقـت خسـتە نێـو دڵ و دەروونـم

دەتگـوت پەنـا بـۆ کـێ بەرم تـۆم بـداتێ
مـن نەگەم بە تـۆ، نـاگەم بە هـیچ ئـاواتێ
گەیشـتی بە هەمـوو کەس تەنیـا مـن نەبـێ
شـادی چڵـێکە، ئێسـتا دەسـتم ناگـاتێ

دەتگوت تا تـۆم نەدی، کـوا مـن بەم شـێوەبووم
لە ڕووی چاوانـت، هەمیشـە بەپێوەبـووم
هەر نەگەیشـتم بە دوا مـاڵی دڵـی تـۆ
گەرچـی تـا دوا هەناسـە مـن بەڕێوەبـووم

دەتگوت یەکەم نیگا دڵی من کۆچی کرد
من شێت و شەیدات بووم، ئەی دڵی تۆچی کرد
تۆ هیچ و منیش خەم نەما نۆشی نەکەم
وا تازە من دەڵێم، دڵی من بۆچی کرد

دەتگوت ئەو ڕۆژەی تۆم دی، لە یەکەم ڕێدا
دەستی تۆم گرت و هەر زوو دڵی خۆم پێدا
کەچی هێندەی نەبرد لە من بووی بە دوژمن
من هەر نەمزانی ئەو دڵەی خۆت بە کێدا

# شەوی پێنجەم

## بۆ تۆ هەرچی شیعرم هەبوو پێچامەوە



بــێ تـــۆ وەك كـــۆنە برینـــی پـــڕ ئـــازارم
بــێ تـــۆ لە گیـــان و دڵـــی خۆشـــم بێـــزارم
خۆشەویســـتیت نەبـــێ، ســـامانێکم نیـــیە
هەمیشـــە نـــاوی تـــۆ دێنـــێ دەم و زارم

بـێ تـۆ مـن کـێم ئـاخر، خـۆت بڵـێ ئـازیزم
بـێ تـۆ مـن لە گیـان و دڵـی خۆشـم زیـزم
تەنیـا خۆشەویسـتی تـۆ شـك دەبەم ئێسـتا
بـــێ تـــۆ خەم و خەفەتـیش هـــاتۆتە ڕیـــزم

بێ تـۆ تەنیـامە مـن، ئێسـتا زۆر بـێ کەسـم
بـــێ تـــۆ هەر ئـــازار دەبیـــنم لە نێـــو دەســـم
خـــۆ کەســـێکم نەبـــوو، دڵ لە بـــاوەش بگـــرێ
لەم دونیـــایە تەنیـــا تۆبـــووی هەمـــوو کەســـم

بــێ تـــۆ لە ســـینەدا نەمـــاوە هەناســـەم
بـێ تـۆ تەواو نـوقمی دەریـای خەم و تاسـەم
خۆشەویســتی مــن و تــۆ داســتانی دڵ بــوو
خـۆ هـیچ کەسـێ لە دڵ ناپرسـێ ئەم باسـەم

بـــێ تـــۆ شـــیعرێکی ناســـکی بـــێ ئـــاوازم
بــێ تــۆ مــن لەگەڵ دڵــی خۆشــم ناســازم
خۆشەویســتیم، کەوتە ســەر زاری هەمــووان
بە بەری بـــاچوو، هەمـــوو نهێنـــی و ڕازم

بـــێ تـــۆ وەك بەهـــارێکی بـــێ گەڵاو گـــوڵم
بـــێ تـــۆ خۆشـــیم لـــێ تـــۆرا، شـــکاوە دڵـــم
داســـتانی خۆشەویســـتی ئـــێمە تێـــپەڕی
بولبـــولێکی تەنیـــا جـــێماوی ســـەر چڵـــم

بــێ تــۆ لەنێــو خەم کەوتــووم، دڵ پــڕ بــرینم
بـــێ تـــۆ ئێســـتاکە مـــردووم، نەمـــاوە ژیـــنم
بۆتۆم هەڵڕشت هەرچی فرمێسکی خوێنین بوو
تــۆش لــێم ناپرســی لە فرمێســك و ئەسریــنم

بـــێ تـــۆ ئێســـتاکە، چیرۆکـــی پـــڕ لە دەردم
تـــازە شـــکاوی دەســـت دڵێکـــی وەك بەردم
دڵـــم دا بەتـــۆ تـــا فێـــری عەشـــقی بـــکەی
کەچـــی لەســـەد لا شـــکا دڵـــی بـــێگەردم

بـــێ تـــۆ ئێســـتاکە مـــن ئـــاگرێکی ســـاردم
تـۆ خەمێـك بـووی لەنێـو دڵـی خۆمـدا شـاردم
خۆشەویستی نەبێ من چیم لە تـۆ دەویسـت
هەر دڵـــێکم هەبـــوو، ئەویـــش بۆتـــۆ نـــاردم

بێ تۆ من ئێستاکە مۆمێکی خامۆشم
پێش خۆم وەفاتی کرد، دڵی پڕ لە جۆشم
لە کوێ بزانم خۆشیم لێ دەبێ بە خەم
خەمم کەم نەبوو، هاتە سەر خەمی تۆشم

بێ تۆ سەرگەردانم، ئاوارەی گشت دونیام
بێ تۆ لە دڵی خۆشم، بێ کەس و تەنیام
ئێستا، کە ماوم، نەماوم بۆ عەشقی تۆ
ماوم بەدیار تەرمی سەدان خۆزگەو بریام

بێ تۆ خەمی هەموو ئەم دونیام نۆشی
بە خەمی دڵم هێشتاکە تۆ دڵخۆشی
گەڵایەکی تاقانەی تەنیا وەریوم
لەنێو باوەشی پایزی فەرامۆشی

بــێ تــۆ مــانگی دڵــم، بــوو بەدوو لەتەوە
دڵ ســـەری خۆشەویســـتی خســـتە پەتەوە
مـــن و خۆشەویســـتی لەیەکـــدی دابـــڕان
ئـــاگرێ لەنێـــو گیـــان و دڵـــم کەوتەوە

بــێ تــۆ ئێســتاکە بە ئاســتەم هەناســەم دێ
لە زاری عاشـــقان، دەنگـــی ئەم باســـەم دێ
تــۆ نەبــی کــێ دەزانــێ مــن چ دەردێکــمە
کــێ بەدوای شــیوەنی ئەم خەم و تاســەم دێ

بــێ تــۆ چەشــنی شــارێکی وێــرانە بــوومە
مــن هەر لە دڵــی تــۆم، کــوا لێرانەبــوومە
گەر خــۆری خۆشەویســتی تــۆم نەدیبــێ مــن
دیـــارە خـــاوەن دڵێکـــی کوێرانەبـــوومە

بـێ تـۆ خەمـی دونیـام خسـتە نێـو سـینەوە
خۆشەویسـتیم خسـتە جێـی ڕق و کیـنەوە
تـۆ هەر گـوڵی ڕەنگاوڕەنگـت لە یـاخەبوو
مـن هەر دڕکـم دی، لە ڕێـی ئەم ئەویـنەوە

بـێ تـۆ مـن وەکـو جـاران، لەسـەر خـۆم نـیمە
هێنـدە وێـرانم، خۆشـم نـازانم چـیمە
تەنیـا دڵـێکم هەبـوو، بـۆ خۆشەویسـتی
ئەویـش نەخۆشـە، شـەوان لە ژوور سـەریمە

بـێ تـۆ لـێم تـۆراوە هەتـا هەڵبەستیشـم
لەگەڵـما مـرد، تەنـانەت سـۆز و هەستیشـم
مـن بە تـیلە چاوێـك لە دڵـی تـۆ دەگەم
تـۆ تەنـانەت تـێ نـاگەی لە مەبەستیشـم

بـێ تـۆ مـن کانیـاوی شیعریشـم ووشـك بـوو
لەگەڵ تـۆ بەشـم هەر فرمێسـك و ئەشـك بـوو
ئەم دڵە شـــــکاوەم دوایماڵئـــــاویی تــــۆ
لە نێــوانی مەرگ و تەنیــایی سەرپشــك بــوو

بــێ تــۆ هەر خەیــاڵیش، ســەرنادا لەدونیــام
ئێســـتاکە خەم دەریـــایە و منـــیش لە بنیـــام
هەر شـــــەوەی بەدەردێـــکەوە ناڵانـــــدوومە
لە کـــوێ دەزانـــی بــۆ دووری تــۆ چەن گریــام

بـــێ تـــۆ زاری شیعریشـــم لە گـــۆ کەوتـــووە
لە دڵـــم مەگـــرە چـــیم بەتـــۆ کە وتـــووە
هەســـت و ســـۆزم لەنێـــو شـــیعر دەرهێنـــاوە
خەیـــاڵی خۆشەویســـتیم بە دڵ خەوتـــووە

بێ تۆ ئاگری عەشق، چی لە بوونم کرد
چۆن تاریکی ئاوێتەی دونیای ڕوونم کرد
من هەر چی نەما بۆ خۆشەویستی نەکەم
خۆشەویستی چی بۆ دڵ و دەروونم کرد

بێ تۆ ئێستاکە لەهیچ بیرناکەمەوە
تەنیا دڵ و دەروونی خۆم پاکەمەوە
تۆهەر لەگەڵ دڵی من چاك نابی تازە
نازانم چۆن دڵ لەگەڵ خۆم چاکەمەوە

بێ تۆ دڵی من سەد جاران خوێنی لێ هات
لەو دڵەی کە جاران خۆشەویستی پێ هات
تۆ لەنێو دڵی خۆت نوقمی خۆپەرستی
ئاخر چوزانی تووشم بە تووشی کێ هات

بێ تـۆ دڵـی مـن تووشـی سـەدان نـامەرد بـوو
بـێ تـۆ بەشـی هەر خەم و ئـازار و دەرد بـوو
لەگەڵ هەر کـێ پاکـانە کە ژوانـی دەبەسـت
خـاوەن دڵێکـی ڕەقـی هەر وەکـو بەرد بـوو

بـێ تـۆ سـاڵێکی ساردی پـڕ لە بـاران بـووم
چوار وەرزە، من خەریکی ئەشك و گریان بووم
بگەڕێیـــــتەوە دڵــــم ئەوســـــا دەزانـــــی
بـێ تـۆ بەفـری ئـازار، چـۆن لەنێـو گیـانم بـوو

بـێ تـۆ چـۆن ووشـك بـوو، درەختـی ژیـانم
لەجێـی خۆشەویسـتی ڕقـت خسـتە گیـانم
هەر چـاوەڕێی وەرزی شـادی بەهـارت بـووم
لەجێـی دڵخۆشـی هـاتی و دڵـت گریـانم

بێ تـۆ دڵـی مـن، بـۆ هەمیشـە کـۆچی کـرد
نەمزانـــی دڵـــت، ئەو تـــاوانەی بـــۆچی کـــرد
بـۆ خۆشەویسـتی تـۆ گیـانم خسـتە دەسـتت
بۆ خۆشەویستی مـن، ئەی دڵـی تـۆ چـی کـرد

بــێ تــۆ شــادی دەرگەی لەســەر داخســتوومە
بەهــیچ نەگەیشــتم هەرچــی مــن ویســتوومە
نیــازی دڵــم تەنیــا خۆشەویســتی تۆبــوو
کەچـی بەدبەختـی گرێـی بەختـی بەسـتوومە

بـــێ تـــۆ چـــی خەم و ئـــازارە دێـــتە پێشـــم
بـــۆ دووریـــت زۆر بە ئـــازار و دڵ بە ئێشـــم
تەنیـــایی خەیـــاڵی شـــیعری خنکانـــدوومە
هەر هەناسەی خەم و حەسرەت هەڵ دەکێشم

بــێ تــۆ مــن دەم دەم دڵــی خــۆم دەدەمەوە
هەر نـــاوی تـــۆ مـــاوە، لەم زارو دەمەوە
بیــرتە یەکەم نیگــا، دڵــم چــۆن بــاڵی گــرت
بەس تۆم خۆشویستووە، مـن هەر لەو دەمەوە

بــێ تــۆ مــن مەیلــی ئەو دەمــانەم نەمــاوە
خەنــدەی ســەر لێــوی ئەو زەمــانەم نەمــاوە
خۆشەویســتی تــۆ یــاری بەم دڵەی مــن کــرد
ئێســـتاکە هێـــزی ئەو گەمـــانەم نەمـــاوە

بـــێ تـــۆ چەشـــنی مەلێکـــی بـــێ پەڕوبــاڵم
مــن شــەو و ڕۆژ، بەدیــار دڵــی خــۆم دەنــاڵم
خۆشەویســـتی تـــۆ بـــاڵی فڕینـــی کـــردم
ئاســـمانی شـــین دێـــتە نێـــو خەون و خەیــاڵم

بـێ تـۆ مـن دەسـتم لە دڵـی خۆشـم بەردا
ئەو دڵەم جێهشـــت، لە نێـــو ئـــازار و دەردا
تـۆ دەسـتت نەك بەتەنیـا لەنێـو ژیـانی مـن
هـاتی و دەسـتت لە گیـان و دڵـی مـن وەردا

بـــێ تـــۆ هێنـــدە وێرانبـــوومە، لە نـــاخڕاوە
دەرگەی هەمـــوو دونیـــام لەسـەر داخــراوە
بــۆ بەردەرگەی هەر دڵـــێ، هەنگـــاوێ بنـــێم
فەرشـــی ســووری خەم و ژانــم بــۆ ڕاخــراوە

بـــێ تـــۆ هـــاودەمی تـــریفەی مانگەشـــەوم
لەگەڵ ئەســـتێران شـــەو تـــا بەیـــان نـــاخەوم
هەر کە خـــــۆریش کەزی زەردی دەکـــــاتەوە
وەك گەڵا بەســـــەر چڵـــــی خەمـــــدا دەکەوم

بــێ تـــۆ خەیـــاڵم هەر جـــارەی لەلایەکە
خۆشەویســـتی بـــۆ گیـــانی مـــن بەڵایەکە
هەر چـــوار وەرزی گەڵارێـــزانە بـــۆ دڵـــم
ڕەنگـــــــی زەردی هەڵوەریــــــوی گەڵایەکە

بــێ تــۆ دەســت بــۆ زێریشــەبەم خۆڵەمێشــە
ووشــەی چــاکەش لەنێــو زارم بــۆتە کێشــە
بەرەو هەر تـولە ڕێـیەیەك کە هەنگـاو دەنـێم
دەبیـــــنم وا کۆســـــپێکی گەورەم لە پێشـــــە

بــێ تــۆ مــن پیــاڵەی تەمەنـم بــوو بە نیــوە
دڵــم بــێ تــۆ یەك ڕۆژیــش خۆشــی نەدیــوە
لەژێــر بــارانی ئەویــن گشــت ســەما دەکەن
منـــیش تەنیـــا فرمێســـکی چـــاوم ســـڕیوە

بــێ تــۆ پەپــولەی ڕەنگینـــی دڵ ناســـازە
بولبــولی هەســت و ســۆزی دڵ بــێ ئــاوازە
نەمــاوە مەیلــی گەڵا و گــوڵی نێــو بەهــار
لە ســـــەد لا شـــــکاوە ئەم دڵە نـــــاوازە

بــێ تــۆ وەکــو جــاران ســۆز و هەســتم نیــیە
نــاوی تــۆ چیــتر لەنێــو هەڵبەســتم نیــیە
شــەوانەش کە ســەردەخەمە ســەر ســەرینم
ئیــدی دەســتەکانت لەنێــو دەســتم نیــیە

بــێ تــۆ لەنێــو دڵــی خۆشــم جــێم نــابێتەوە
ئەو ڕۆژە خۆشــــانە دەبــــێ دابێــــتەوە
دوای شــەماڵی ئەویــن و خۆشەویســتی تــۆ
دەرگەی دڵــم بــۆ هــیچ کەســێ نــابێتەوە

بێ تۆ دڵی خۆم لەنێو تەنیای وون کرد
تەنیا ئازارم لەنێو دڵ و دەروون کرد
دوای خۆت هەرکێ هات تیرێکیدا لە دڵم
تۆ چوزانی خۆشەویستی چی بەمن کرد

بێ تۆ هەرچی شیعرم هەبوو پێچامەوە
هەر هەمووم خستە نێو یەك دێڕی نامەوە
لەگەڵ وێنەی دڵێکی شکاو ناردم بۆت
قەرزێکی کۆن بوو لام، من تازە دامەوە



شەوی شەشەم

# دڵم لە نێو دەستی تۆنا



شـــادی لە دڵ هەڵکـــا، قەت ڕۆژێ نەم دیـــوە
دڵـــم ســـەرگەردانە، هەر ئەو دیـــو ئەم دیـــوە
دڵـــم بـــوو بە نیـــوە، تـــۆ کە دات لە دڵـــم
چـۆن خـورپەی بێـتەوە، دیسـان دڵ بەم نیـوە

لە دووری خـۆت تووشـی هەزار دەردم دەکەی
ئـــاوارەی نـــاو دڵـــی کێـــو و هەردم دەکەی
کە عەشـــقم دەبینـــی ڕوونە وەکـــو کـــانی
بـــۆچی تـــۆ وا لە دڵـــی بـــێ گەردم دەکەی

بە بـــۆنەی عەشـــقی تـــۆ، دڵـــم دێـــوانە بـــوو
نە هەر لە خەڵکـــی، لە خۆشـــم بێگـــانە بـــوو
تەنیـــا مـــایەوە لەنێـــوانی خـــۆم و خـــۆت
بەجـــاری ئەم دڵە شـــێتەم، وێـــرانە بـــوو

مـن بە عەشـقی تـۆوە، دڵـم پـڕ ئەویـن بـوو
دەمگـوت دەگەم بە تـۆ، بـاوەڕم بە تـین بـوو
هەر ڕووم لە تۆ بوو من، تۆش پشـتت تێکـردم
بە بەری بـاچوو، هەرچـی هیـوام بە ژیـن بـوو

دڵـــی تـــۆ بـــۆ هەمیشـــە خامۆشـــی کـــردم
هەر لەو ڕۆژەوە، کە فەرامۆشـــــــی کـــــــردم
خـــۆ مـــن تەنهـــا بە دڵ خۆشمدەویســـتی
کەچـــی دڵـــی هـــات و خەتـــا پۆشـــی کـــردم

خۆشویســـتیت ئێســـتا، بەس دڵ ئێشـــانە بـــۆم
کەی وەکـــو جـــاران، دڵـــت پەرێشـــانە بـــۆم
هیچـــی بە بەرنەمـــا، عەشـــقت بـــوو بە دڕکـــێ
ووشەی نێو دەمی تۆ، هەر گیـان کێشـانە بـۆم

وەك خـــرۆكە لەنێـــو دەمارتـــا كۆدەبـــووم
ســەد كەڕەت قوربـانی، ئەو دڵەی تـۆ دەبـووم
كە دڵت هێندە ڕەق، چەشنی بەردێك بوو بـۆم
ئــاخر نــازانم عاشــقی تــۆ بــۆ دەبـــووم

وەك گـوڵ لە نێـو بـاغی دڵـت چـرۆم دەكـرد
ڕەنگی تـۆم گرتبـوو، هەر ڕێـك لە تـۆم دەكـرد
كە دەمگـوت دڵ شـادە، خەنـدە هـا لە ڕوومـا
من نەك تەنیـا جارێ، سـەد جـار درۆم دەكـرد

ئەو شــەوە كە دەمـرم، تەنیـا دەبـم تـۆ خـۆش
بـێ بەشـی ڕوونـاكی دونیـا دەبـم تـۆ خـۆش
مـن هەر دڵۆپێـك و عەشـقی تـۆش دەریـابوو
ئەو ڕۆژە تێكەڵــی دەریــا دەبــم تــۆ خــۆش

نـــاوی تـــۆ هەمیشـــە لەســـەر لێـــوانم بـــوو
لەگەڵ خەم، ئەرز و ئاســـــمان نێـــوانم بـــــوو
کە چــــــرای دڵەکەت، کـــــــوژایەوە بەڕووم
ڕۆژێ سەد جار بۆ خۆم، هەر قـوڕ پێـوانم بـوو

بـــێ خۆشەویســتی تـــۆ، ئێســتاکە سیســـە دڵ
نە لەتـــــۆ، لە دارو بەرد ئێســــــتا پیســـــە دڵ
لە داخـــــی ئەوینـــــی ناکـــــامی دڵـــــی تـــــۆ
خـــۆی داوەتە مەرگ، شـــەڕی نەگریســـە دڵ

چیتر داوای هەســت و ســۆز لە تــۆ هەر نــاکەم
ئێســـتا لەگەڵ خۆشـــم گفتوگـــۆ هەر نـــاکەم
ئەو دڵە بـــێ هەســـتەت، دەبـــا ئـــۆقرە بگـــرێ
بەخەیـــاڵیش بـــۆ لات هاموشـــۆ هەر نـــاکەم

به ڕووی خۆشەویســــتی ئەو دڵەم پێــــوەدا
بە تەنیـــا مـــامەوە، هەر مـــن لەم نێـــوەدا
عەشـــقم پێچـــایەوە بـــۆ بنەوبـــارگەی خـــۆی
به خۆشـــم هەر وا مـــامەوە لەم شـــێوەدا

بـــۆچ نەهـــاتی، عەشـــقت کە ئەسرینـــی بـــردم
خەیـــاڵم هێنـــد قوڵبـــوو، بـــڕوا و دینـــی بـــردم
عەشـــقت پـــایزێ بـــوو، نە بەتەنیـــا دڵـــم
گەڵای نێـــو بەهـــاری ســـەوزی ژینـــی بـــردم

بە گیـــان و دڵ خۆشمویســـتی لە نـــاخەوە
بەڵام چـــی بـــکەم، بـــێ وەفـــا بـــووی بە داخەوە
قفلمـــدا لە دەرگەی دڵـــم بـــۆ هەمیشـــە
تـــۆش گـــوڵی بـــێ وەفایتـــدا لە یـــاخەوە

شـێتانە خۆشمدەویسـتی وەك چـاوی خـۆم
تـۆش لە دڵەوە سـەد جـاران دەمـردی بـۆم
ئێسـتاش تـۆ تەنیـا گیـرۆدەی دڵـی خـۆتی
منـیش گیـرۆدەی خەم و ئـاهو دەردی تـۆم

تـۆ لە دڵـم هەر خۆشەویسـتیت داوابـوو
دڵـت بـۆ ئەویـنم، هەردەم لە ڕاوابـوو
داخـی کـۆنە ئەویـن، منـی خسـتە دڵـت
هەرچـی لەگەڵ دڵـما کـردت لە تـاوابوو

نە شـەوێ دوو شـەوان، تـۆ تەمەنـی خشـتم
فرمێسـکی خوێنینـت لە چاوانـت پـێ ڕشـتم
مـن نە ئەو دڵەی خـۆمم بە دەسـتکەوتەوە
نە جـارێکیش بەو دڵە ڕەقەی تـۆ گەشـتم

تـۆ نیـازت بـوو لەنێـو دڵـی خـۆت کـۆتم کەی
گیـــرۆدەی داوی خۆشەویســـتی خـــۆتم کەی
من لە خۆشەویستیش، خۆشی تۆم گەرەك بـوو
تۆش دەتویست بۆ هەمیشە سـەرو پـۆتم کەی

خـۆ مــن بە تەنیـا نـیم، وا گریـان هــاوڕێمە
فرمێســـك میـــوانمە، هەر ئەو ئاگـــای لـــێمە
هەموو دونیا دەزانێ شـوێن پێـی عەشـقی مـن
بە تەنیـــا تـــۆ پـــێ نـــازانی مـــن لە کـــوێمە

خۆ ژیـنم تەنیـا هەر ئـاخ و ئـۆف و دەرد بـوو
هەرچی من بینـیم، دڵـی هەر وەکـو بەرد بـوو
گوڵ بـوون و بـۆ گیـانی مـن دەبـوون بە دڕکـێ
بە تەنیـــا ئەو دڵەی مـــن پـــاك و بـــێگەرد بـــوو

خۆشەویستی و دڵم لەنێو دەستی تۆنا
بۆ دڵ ڕەقیشت، من پێم لە مەستی تۆنا
خۆشەویستی لەنێو هەستی مندا هەبوو
بەڵام هەرگیز لەنێو سۆزو هەستی تۆنا

لەنێو خەونیشدا هەرگیز لە تۆ نابیستم
تەنیا جارێك بڵێی هەر تۆی خۆشەویستم
لەڕێگەی تۆوە گیان و دڵی خۆم دانا
کەچی بە ناکامی ڕۆیی هەرچی ویستم

گیان و دڵ بووی، بۆ گیان و دڵت لێ بردم
تەنیا ئەو دڵەت دەزانێ چیت پێ کردم
هەرچیمکرد بۆ دڵت، خۆ هیچی نەگەیشت
تازە بە تازە دەڵێم، من بۆ کێ کردم

ئەو دڵەی بە تۆمـــــدا، لەو دڵەت جودابــــوو
پــاك و بـێگەرد، بەرهەمــی عەشـقی خودابــوو
بەدوای دڵـی تـۆوە، خۆشـی خـۆی لە دەسـتدا
تەنیـــا بینینـــی عەشـــقی تـــۆی لە ڕودابـــوو

بەیەك نیگـــا، تـــۆ گیـــان و دڵـــت دەرهێنـــام
هەر بەجارێ خۆشی و خەنـدەت لەبـن هێنـام
لە شـارێکی وێرانەبـووی دوای جەنـگ دەچـم
سەیری نێـو دڵـم کە، تـۆ چیـت بەسـەر هێنـام

بە بینینـــــی تـــــۆ، گیــــانم دەکەوتە ســـــەما
شـــادی بـــۆ دڵـــم دەهێنـــا، لە جێـــی خەمـــا
چیرۆکێکــی زۆر کورتبــوو، خۆشەویســتی تــۆ
دڵــــی مـــن زوو مـــرد و ئەو ڕۆژانەش نەمـــا

سەردەمێ خۆشەویستیت هەردوو چاوم بـوو
فرمێســـکت دەرمـــانی دڵـــی شـــکاوم بـــوو
من بوومە نیوەی تۆ و تۆش بووی بە نیوەی من
یەکەم پیتـــی نـــاوی تـــۆ، لە دوای نـــاوم بـــوو

تەنیـــا شـــەڕابی خەم و حەسرەت دەنۆشـــم
دڵـــم ئێســـتا تـــۆراوە لە خـــودی خۆشـــم
تـــازە تووشـــم بـــوو، بە دەردی خۆشەویســـتی
تەنیـــا خـــودا دەزانـــێ چەنـــدە نەخۆشـــم

تـــازە بەســـەرچووم و لەنێـــو دڵتـــا ڕۆشـــتم
هەموو هەست و سۆزی نێو دەروونت کوشتم
ئەوســـا مەلـــی خەنـــدەم بە دونیـــا دەفـــڕی
ئێستاکەش چیم تیـا نەمـاوە، هەر یەك مشـتم

ئەوســـاکە بەبـــێ تـــۆ، گەڵای پـــایزبووم
نەك هەر تەنها لە تـۆ، مـن لەخۆشـم زیزبـووم
ئێســـتاکە بێگـــانەی نێـــو ئەو دڵەی تـــۆم و
بیـــرتە ئەوســـاش لە دڵتـــا چەنـــدە ئـــازیزبووم

دڵـــم هـــیچ شـــتێ نابـــا، گـــوڵم بەبـــێ تـــۆ
وەك شـــارێکی خـــامۆش و چـــۆڵم بەبـــێ تـــۆ
نەك ئەو دڵەی ســـینەم، ئەو دڵەشـــم شـــکا
وێـــنەم کێشـــابوو، لەســـەر قـــۆڵم بەبـــێ تـــۆ

شووشـــەی دڵـــم شـــکا، بـــێ تـــۆ بە تەنیـــا مـــام
ئێســـتاکە بـــێ تـــۆ ،لە نێـــو خەمـــی دونیـــا دام
بیابـــانی ئـــازاربووی بـــۆ دڵـــی تێنـــووی مـــن
بریـــا بە گیـــان و دڵ، ئـــاوێتەی دەریـــا بـــام

هێنـدە قـوڵ خۆشـم ویسـتی، لە دڵ دەرنـاچی
دونیـــا بەســـەربچێ، تـــۆ هەر بەســـەرناچی
دڵــم خــونچەی شــادی نــاگرێ، جــارێکی دی
گەرچـــی تـــۆ لە خەیـــاڵ و بیـــرم هەرنـــاچی

وەکـــو خـــورپە، مـــن لە نێـــو دڵـــت مـــامەوە
تـــۆ نێـــو شـــکۆڤەی بەهـــار بـــووی بەلامەوە
مـــن بە زمـــانی گـــوڵ، گـــوتم خۆشـــمدەوێی
تـــۆش بە زمــــانی بەرد، وەڵامــــت دامەوە

دڵ شـــکاوە لێـــت بەجـــارێ فەرامۆشـــم
مـــن تەنیـــا خەمـــی ئەو ڕۆژانەت دەنۆشـــم
تـــۆ چ کارێکـــت بەســـەر دڵـــم هێنـــاوە
دڵـــم هێنـــدە زیـــزە، ڕوونـــاداتە خۆشـــم

وەکــو هەناســـە، مـــن لەنێـــو ســـینەتابووم
شـــێوەی گـــوڵێکی تێنـــوو، لەم ژینەتـــابووم
بـــووم بە گەڵای زەردی درەختێکـــی ووشـــك
تەنیـــاو بـــێ کەس، لەم دڵە بەفرینەتـــابووم

لەنێـــو دڵتـــا مـــردم، کە جـــێگەی زۆران بـــوو
بەشـــم بە تەنیـــا هەر گریـــان و تـــۆران بـــوو
دڵـــی مـــن هەمیشـــە بەهـــاری پـــڕ خـــونچە
دڵی تۆش چـوار وەرزە، هەر بـاو و بـۆران بـوو

مـــن بـــووم و ئیـــدی تـــازە بۆتـــۆ هەر نـــابم
چـــۆن بەم دڵە شـــکاوەم لەگەڵ تـــۆ چـــابم
لەگەڵ دڵـــی خۆشـــم، نێـــوانم خـــۆش نیـــیە
چـــۆن دەتـــوانم لەنێـــو ئەم دڵەی تـــۆ دابـــم

به بــۆنەی دڵــی تــۆیە، هەرچــیم بەســەردێ
هەر دڵـــۆپە ئەشـــکێ لە چـــاوم کە دەردێ
خۆشەویسـتی تـۆ، تەمەنـی کـورت کـردمەوە
لە چیرۆکـــی پـــڕ لە ژانـــی خەم و دەردێ

خەمـــی ئەو دڵەم تـــازە هەر بـــن بڕنـــابێ
بە نـــاڵەو گریانیشـــم خـــۆ هەر کڕنـــابێ
دڵــم ئێســتاکە چەشــنی دەریــایی بــێ بــنە
خەمـی دونیـای بـۆ دێ و کەچـی هەر پڕنـابێ

ســۆز و خۆشەویســتی بــۆ مــن پــڕ تاســەیە
تەنیـــا خەم بـــۆ ئەم دڵەی مـــن پێناســـەیە
کە خۆشەویســـتی لەنـــاو نەبـــوو ئەم دڵەم
مەرگ و ژیـــنم نێـــوانی یەك هەناســـەیە

ئـــــاگرێکی وات لە دڵـــــم کـــــردۆتەوە
خــۆ گیــانی شــیرینی خۆشــم بیرچــۆتەوە
چــاوەڕێی بــارانی ئەوینــت بــووم کەچــی
منیشـــــت ســــوتاند بە ئـــاگری خـــۆتەوە

ســـووتام و لەم ڕێــگەیە، بــوومە خــۆڵەمێش
خۆشەویستیت بەجارێ دڵمـی خستمە ئێش
هەزار هێنـــدەی تــر، دڵـــت ئـــازارم بـــدا
نــزا نــاکەم وەکــو مــن خەمــت بێــتە پــێش



## شەوی هەفتەم

# بازووی نیشتیمان

ئاڵاكەم نەخشینكەم بەسەر باڵاكەم با
ڕەنگم بە ڕەنگی ئەو، ئاڵ و واڵاكەم با
لێوم سوور، قژم زەرد، قەد و باڵام سەوز
خۆزگە جوانی من، وەك جوانی ئاڵاكەم با

خاكی تۆم خۆشدەوێ، بە خودا نیشتمان
چونكم كەژوكێوت، بۆتە پەناوپشتمان
دڵمنایە گوڵێكی سوور بقرتێنم
كەوا ئاودراوە، بە خوێنی گشتمان

هەڵبەستوان مەكە هێند باسی ڕووی نیشتمان
كە سەر نەوین ڕوو لە ڕووخساری گشتمان
نەتزانیوە هەر وشەیەك تۆ نووسیبووت
دڵۆپێ خوێن بوو، لەپێناوی ڕشتمان

بـــاڵێکم نیشـــتیمان، ئەویـــتر مەرگـــم بـــۆی
خـــاکم ڕووتە بـــێ مـــن، پۆشـــاك و بەرگـــم بـــۆی
نیشـــتمان کـــوا مـــن یـــار و دۆســـتم هەبـــووە
تـــاکە خۆشەویســـتی نێـــو دڵ و جەرگـــم تـــۆی

تـــا ئـــازادبێ زێـــدم، مـــن تێدەکۆشـــم بـــۆی
سەربەســـتی دەرمـــانە، بـــۆیە نەخۆشـــم بـــۆی
خەڵات بـــن بـــۆی، یـــار و نەیـــارانی ڕێـــگەم
نەوەکـــو هەر دوژمـــن، بگـــرە بە خۆشـــم بـــۆی

بـــڕوێنە لە دڵـــما عەشـــقی زنجیـــر و کـــۆت
بەڵـــکە زێـــتر گیـــانم بـــێ بە قوربـــانی خـــۆت
ئەی نیشـــــتمانی بەبـــــێ لاوك و حەیـــــرانم
تـــۆ نـــازانی مـــن چەنـــد شـــێت و حەیـــرانم بـــۆت

هەڵـــڕژا بیلبـــیلەی ڕەشـــتاڵی خەو، بـــۆیە
شۆڕشــــی ڕەیحـــانەو نێرگـــز و شــــەوبۆیە
دەزانـــم نیشـــتمان جەســـتەت پـــڕ لە زامە
ئێشـــکگری تـــۆمە، مـــن هەمـــوو شـــەو بـــۆیە

کــامان ئاشــقترین، مــن بە مەجنــوونم گــوت
ســەدانی وەکــو تــۆ و لەیــلا لە چــوونم ســوت
ســـەرکێوی نیشـــتمان جــمەی هــات لە هەڵـــۆ
کە منــی چاوشــەهێن، هەر کــاف و نــوونم گــوت

ئەی هەڵـۆی باڵنەخشـین، نەخشـینکە ئەم خـاکە
ڕوو لە تــۆیە ئاســمان، بــێ فــڕکەت خەمنــاکە
چـاو، ئەم شۆڕشـگێڕەش خـۆ چـاو لە تـۆ دەکـا
تیشـــکی ئەم چـــاوانەت، دە جـــارێ بەم داکە

مـــــن دەوردراوی داوی لـــــوغم و میـــــنم
نە گیـــرۆدەی ئەبـــرۆ و پەرچەمـــی چینچیـــنم
مـــن مەمـــم، ئـــاڵودەی زوڵفـــی تـــۆم نیشـــتمان
بە خـــوداکەم قەســـەم، هەر تـــۆی خـــاتووزینم

عەشـقی شـیرین بـێ فەرهـاد لە نـاخی دەروون
تـا پێـی دەگـا دەبـێ کونکـا کێـوی بێسـتوون
بـۆ عەشـقی نیشـتیمان کێـوی دنیـام کـونکرد
دڵ و خـاکم کەچـی هەریەك بـۆ لایـێ چـوون

گەرووم وشـك دەبـوو کە دەسـت شـەتەك بـایە
کانیـــــــاوێکی نیشـــــــتمانم لەتەك بـــــــایە
خەونە، کە نەمـــــــدەزانی لەم غەریبـــــــیە
مـــــالم لەژێـــــر تەرزە و ژوورم لەتەك بـــــایە

دەیگــوت: خۆشەویســـتم یەك دڵ و بـــاوەڕین
شـــەم و پەروانەکەی نێـــو عەشـــقی ئـــاورین
گــوتم: حەیــفە گــوڵم لەنێـــو بــاخی ئەویـــن
هەردوو بـــا لە ڕێـــگەی نیشـــتیمان هەڵـــوەرین

بکــوتە دەف لە دەســت، تــا لەپــت ســوورەچێ
بیـــرت لەلای یـــار و سەرمەســـتان دوورەچـــێ
کە خــوێنی ســوورت دی، تــا بیریچکــت بــۆ لای
نیشـــتیمانی ژێـــر دەســـتەی بـــێ ســـنوورەچێ

لە ژوانــگەی ئاشــقان گــوایە هەر مــن دیــارنیم
لەگەڵ یــاری گوڵــدا خــاوەن یەك بڕیـــار نـــیم
چـــــونکە نیشـــــتیمانم لا ئـــــازیزترە لەو
هەربــۆیە مــن لەنێــو خــورپەی دڵــی یــارنیم

خۆشەویستەم گوتی: پەلەداری گوڵم
دە پێبنێ بەنێو نیشتیمانی دڵم
چۆن شۆڕشی عەشق بەرپاکەم ئەزیزم
کە داگیرکراوە نیشتیمانی گوڵم

مـن لە خـۆڵی خاکم، یا خاکم لە خۆڵمە
هـی کـام خەباتگێڕە، ئەو خوێنەی لە قۆڵمە
لەوە سەرگەردانم، سبەی خوێنمڕژا
مـن لە کۆڵی خاکم، یاخود خاك لە کۆڵمە

نیشتیمان بە سووتت دەسووتێ دەروونم
دادەگیرسێ باڵام، خەڵوزە هەربوونم
کورەیێ سازدەکەم بۆ گشت داگیرکەران
ئاگربەرداتە نێو زیندانی بەربوونم

شـــەوێ لە خەومـــا وەك مەلان بـــاڵم دەگـــرت
ڕووم کەوتەوە وەتەن، مــن ڕێــی مــاڵم دەگــرت
ڕاوچـــی بـــووم لە پێدەشـــتی نیشـــتمانەکەم
دوژمنـــــی دڕنـــــدەو ملـــی داڵـــم دەگـــرت

دوور لە تـــۆ شـــەوێکم ئاســـا نەدەڕۆیـــی
ئەوەی ڕۆیـــی، ڕۆیـــی هەر بە ســـەرەڕۆیی
بــێ پیاســەی دەم کــانی و گەشــتی کەژو کێــوت
هەر یەك ســاڵی خشــت لە تەمەن بە دە ڕۆیــی

شـــەڕگەیە، تێـــنەگەی کە دیـــلانە، نەچـــی
نهێنـــــی گێڕانـــــی ئەم پـــــیلانە بەچـــی
بــۆ ڕاوی فــیلان چــووم، کە بینــیم، پێکەنــیم
نێـــو شـــاری مێـــرووله وردیـــلانە کەچـــی

گـــــولله‌گڕ، ده‌رده‌كه‌م بـــــۆچی ده‌وانــــاكه‌ی
بـــــۆچ نیشـــــتیمانم ســـــاڕێژی ڕه‌وانــــاكه‌ی
گــولله‌كه‌ت پــێكه مــــن، له‌جــێگه‌ی نیشــتیمان
بــــا گیـــانی مــــن ئـــازادبێ، تــــۆ كه‌وانــــاكه‌ی

ئه‌وینـــــت شمشـــێری به‌ڕووی مــــن هه‌ڵـــده‌دا
هه‌ر به‌م شمشـــێره‌وه ســـه‌ری مــــن په‌ڵـــده‌دا
خــوێن و كاســه‌ی ســه‌رم ده‌نێــته ده‌ســت دوژمــن
گیـــانی بـــاڵ گرتووشـــم به ســـینه‌ی گه‌ل ده‌دا

له دوور ده‌نگـــی نه‌رمـــی نه‌ی و تـــارم بـــۆ دێ
واتێـــده‌گه‌م مـــن ســـوورگوڵی پـــارم بـــۆ دێ
له‌نێـــو ئـــامێزی نیشـــتیمانه‌كه‌ی خۆمـــدا
به‌ره‌و پـــایته‌ختی دڵ، تـــازه یـــارم بـــۆ دێ

هـــاتمەوە نیشـــتیمان دەمگـــوت: نـــانوم نەنـــێ
تـــاکو یـــار هەردوو دەســـتی لە ملـــم نەنـــێ
دوژمــــــنم نەیـــــاری ئەویــــــنە چـــــوزانم
لە جـــێگەی بـــازووی تـــۆ، پەت لە ملـم ئەنـــێ

نێرگـــز گـــوتی: بـــاخێکم دەوێ گوڵڕەنـــگ بـــێ
بە جریـــوەی بولبـــول پـــڕ بەزم و ئاهەنـــگ بـــێ
بـــــۆ بـــــاخی وەتەنـــــم ئەی مـــــن چ بخـــــوازم
کە هەر چـوار لای تـۆقکراوی دڕکـی جەنـگ بـێ

بە هیوا گەیین گشـت، چیـت بـۆ بـکەم  گەلەکەم
بـــاری خەمـــی تـــۆ هـــاتۆتە ســـەر کەلەکەم
ئازادیـــــت لە قـــومێ ژەهـــری ڕەش بێـــتەدی
دەبـــێ بـــۆ چێـــژی ئەم ژەهـــراوە پەلەکەم

هەر ڕۆژەی پۆلێ قەل بۆ وەتەنم دەفڕن
من پەڕەمووچەو ئەوان گیانم لێدەکڕن
گەنم دەنێمە دەمیان هەر ڕووم وەرگێڕا
بە ڕەوە دێن و لە لانە سەرم دەبڕن

دەسکی ئەو خەنجەرەم بە ئەوینێ سڕە
لەنێو کالانەی خۆی دڵ ئارام و کڕە
مەورەدی دوژمن بۆ گیانم تیژی دەکەن
لە هزری دەنێن دەسکی بێ بڕوات ببڕە

خوێنم شەڕابی سەر مێزی خوێنمژان بوو
گیانم نێچیری تەڵەی مرۆکوژان بوو
فریشتەی گیانکێش کە بەسەر جەردانیدا
وەك من بەشی ئەمانیش هەر خوێنڕژان بوو

دەســـتی دڵـــم لەنێـــو قەفەســـی دوژمنـــا
گیـــری کەلەپـــچەیە لە ســـوژ و قوژبنـــا
کە قەدی قەف پســـا بەردەبێـــتە گیانیـــان
بەس ناکـــا تـــا دەشـــکێ ئێســـکێ لەگـــژ منـــا

دامپۆشـن بەو خـاکەی بـۆی بـوومە خـاك و خـۆڵ
گیانم دەرچوو لە ڕێی وەك تـۆزی دەشـت و دۆڵ
پێـــی بڵـــێن: هەڵگـــرێ نـــازم لە باوەشـــی
خـــۆ تەمەنێکـــی ڕێـــك، ئەوم دابـــوو بە کـــۆڵ

لە بـــن بـــاڵی شـــینی هەڵـــۆی چیانشـــینم
بـــــۆ لانەی گەلم، لە گەرمەی دارتاشـــــینم
لە مـــان و مردنـــی ئەم شـــەڕە دەنـــووکە
دەنـــووکی کـــۆترێکی پەڕوبـــاڵ شـــینم

له بۆســەی پــڕ له ســۆی خاکــا تیــروکەوان
تــرازا و چڕنــوکی هەڵــۆی شــومی کەوان
چــاوی ســەنگەری بەســت کــۆتری دڵســپی
له گەرووی چەکــی دەرهێنــا گــولله و قەوان

دەك بمــرم که ژینــت هەر دەمەی مەرگــێکه
بــۆ خــاکی پاکــت دونیــا چەشــنی زەرگــێکه
داگیــــرکەرت گــــورگێکی تەوبەشــــکێنه
نــازانێ هەردەمەی له پێســـت و بەرگــێکه

ئــاو جــوڵا، ماســی گــوتی: دەنگــی قــڕش دێ
له مەفــتەنم بــۆ کــوێ تــازه ڕۆژیــمەش دێ
قازوقوڵینــگ فــڕین و دوا کۆچیــان کــرد
لەنێــو ئەم دوورگه، بەس دەنگــی قەلەڕەش دێ

سـەربازێ لە جەنگـدا بەرەو پیلـی حەق چـوو
دەست بە چەکی چاکی، لەگەڵ ڕێژنەی شەق چوو
لە دیرۆکـی شـەڕدا پـایەی ئەفسـانەی بـرد
وەك تەمەنـی لەقـلەق، هەر بە لەقەلەق چـوو

یـار هـات و لەڕوومـدا، شـین و وا وەیلـی کـرد
گلەیـی لە عەشـق و منـی بـێ مەیلـی کـرد
تـازە تـۆ عەشـقی خـۆت بـۆ مـن بەیـان دەکەی
کەوا دوژمـن سـەدان مەجنـونی و لەیلـی بـرد

مـن خۆشەویسـتی تـۆ بە عەشـقی یـار نـادەم
بـۆیە نەوەك شـەوێ سـەری پێکـێ بـادەم
مـن نەتـوانم کە تـۆ خەوتـی، ئەی نیشـتیمان
لێفـی ئـازادی بەسـەر خـاکی تـۆ دادەم

گــوایە مەســتی یــارە جەســتەیان لە خــاچ بــرد
هەر بـــۆ ئـــازادی زنجیریـــان لە قـــاچ کـــرد
تێگەیـــین تـــامەزرۆی یـــارە، نەیـــانزانی
خــاکی لە بــاوەش نــا و دارو بەردی مــاچ کــرد

لەپێنـــاوت بـــۆ کەس ســـەرم دانەنەوانـــد
ســـەری نەیـــارانی سەرســـەختی تـــۆم کەوانـــد
کە ســـەریان پەڕانـــدم لە ڕێـــگەت نیشـــتمان
جـــگە لە خـــاکەکەت کەس ســـەرمی نەحەوانـــد

ڕمـــا قەڵای هێـــزم، کـــوێری ئەم چـــاوەم دی
تەرمـــی دڵەکەم بـــوو هەرچـــی لەم نـــاوەم دی
دڵـم گەش بـوو، ڕۆشـنایی کەوتە دیـدەم هەرکە
لەســـەر بـــانی وەتەن ئـــاڵا شـــەکاوەم دی

له دووره‌وه ئه‌ژیم، ڕۆژێ دێ من ده‌مرم
پشكی تیانامێنێ پیاڵه‌ی پڕی عومرم
هه‌رچه‌ند بژیم یه‌ك خۆزگه‌م هه‌یه ئه‌ی وه‌ته‌ن
ڕۆژێ له ئامێزت به‌سه‌ربه‌ستی بمرم

هه‌ڵبه‌ستوان مه‌كه هێند باسی ڕووی نیشتمان
كه سه‌ر نه‌وین ڕوو له ڕووخساری گشتمان
نه‌تزانیوه هه‌ر وشه‌یه‌ك تۆ نووسیبووت
دڵۆپێ خوێن بوو، له‌پێناوی ڕشتمان



## شەوی هەشتەم

# ڕێگەی عەشق

ئەمشــەو چـۆن بـخەوم، کە بـۆم تـاکە هەل بـێ
تـا سـبەی دووره، ئەمشـەو دەبـێ خـۆر هەڵبـێ
ئاســمانی دڵـــی مـــن بـــێ ئەســتێرەو مــانگە
دەبـێ شــەو تـریفەی ڕووی مـانگی لەگەڵ بـێ

شمشــاڵ گەروومــی گــرت و منــی دا بە دەف
یـاران ئەڵـقەی دڵیـان بەسـتم لەڕووی هەدەف
زیـخ بـووم، هێنـدەم زانـی تروسـکەم لێهەڵسـا
بـوومە مـرواری و چـوومە نێـو دڵـی سـەدەف

نەیــــارانم هـــــاتن، زنجیــــر لە قــــاچم کەن
یــــاران ئاســـا، بەم لاشـەیـــە لە خـــاچم کەن
هەر لەڕێـگەی عەشـقە، ئەم لەخاچـدانەی مـن
یــاران پــێش تفــی نەیــاران، دە مــاچم کەن

دڵ بە کەیــفە دەســت لەنێــو ســینەی نزابــێ
دەم لەنێـــو دەمـــی ئەم زیکـــرەم داخزابـــێ
دەفگێـــڕ دڵـــم بـــخەرە ســـەما بەم ســـۆزەت
پـــێش ئەوەی لاشـــەم لەنێـــو گـــۆڕدا ڕزابـــێ

دڵ کە ڕەت بــوو بەلای گۆشــە، پەرێشــان بــوو
بینـــی، ســـۆفی لەنێـــو نـــزا هەڵکێشـــان بـــوو
گۆشـــەی زیکـــرو ڕووگەی خەڵـــوەتی بەرنەدا
تــا لە ســەرەمەرگی لیقــا و گیــان کێشــان بــوو

وەك دەف هاتۆتە جۆش ئەڵقەی دڵم قەف قەف
خەمــم بە بــا دەدا، وێــنەی بڵقــی ســەر کەف
بـــۆ نەمـــانی ئـــێش و ئـــازاری دڵ دەبـــێ
گەرووم بێــتە شمشــاڵ، ســینەم بــکەمە دەف

سـینەم دەفە بە دەسـتی نـزا هەڵکێشـان
لەگەڵـی گیـان و دڵـم دێـتەوە ئێشـان
خەیـاڵم لە گەرمەی مەسـتی چێـژو عیشـوە
دڵـیش لە گۆشـەی عەشـق، مانـدوو پەرێشـان

دێ بە گـوێما نـاڵەی سـۆزی دەروێشـانە
لە نێـو گەرمەی ئـاهو نـزا هەڵکێشـانە
کە خۆشەویسـتی هەمـوو گیـانی داگـرتم
بـۆ هەر تیرێکـی دڵ، دەبـم بە نیشـانە

دەدرەوشـێ هەروەك زیـو، خـاکی نیگـاهی مـن
تـۆراوە تـاریکی لەڕووی سـیاهی مـن
دڵ لە ئەشـکی تەڕی منـاڵی گەشـترە
چـونکی، خەڵـوەت بـۆتە دیـوی پەنـاهی مـن

لەم گـــولّزاری عیشـــقە، شـــادیم چرۆدەکـــا
لەگەڵ دڵتەنگیـــــدا، دڵـــــم گرۆدەکـــــا
هەر کێ گوتی مـن ئەشـکم دی لە نێـو دیـدەی
هێـــزی ڕووی منـــی نیـــیە، یـــا درۆ دەکـــا

پشـــــکۆی دڵـــم، جۆشـــــم دەدا لەم خەوەدا
وەك دڵـــم، خەو تـــۆراوە لـــێم لەم شـــەوەدا
نـووری تـۆی دیـوە، بـا شـەویش بـێ نـاخەوێ
تـــا عەشـــقی بـــاڵ بگـــرێ لەگەڵ ئەم ڕەوەدا

کە نـــــــزا ڕادەخەم لە ڕووی نیگـــــــارم
دادەچەمـــــێمەوە بــــۆ پەروەردگــــارم
لە ســوچێ نــووری تــۆ، دەچــۆڕێ لە بــاڵام
وەك بــووکی ڕازاوەی، بــن دەســتی شــەوگارم

گەر بێ و خۆم بە فیدای شـەوی شـەوگاران کەم
دەبێ هەر چوار وەرزە، مـن ئەشـکە بـاران کەم
لە دونیـــا کە نـــاو و نیشـــانێکم نەبـــوو
چـۆن چـاوەڕێی لیقـای شـیرینی یـاران کەم

هەر دڵەو پەکـــکەوتەی بەر مـــاڵی دەردێـــکە
هەر دەردەو دەفگێـڕی بـێ حـاڵی هەردێـکە
دوای ئەم هەمـوو دەف کوتـانە، ئینجـا زانـیم
هەر نـووری، شـەوقی ڕووی بەرمـاڵی مەردێـکە

ئەڵـقەی دڵـم تـێکەڵ بە تەلـی سـاز دەبـێ
بـۆ حـاڵی بـێ حـاڵی سەرمەسـتان سـاز دەبـێ
بـێ نـوزەی نەی و شـین و شـەپۆڕی شمشـاڵ
لە دنیـا ئەو دڵەی مـن، چـۆن دەربـاز دەبـێ

له گۆشــــەیێ، لەتـــێ نـــان و قـــومێ شـــەونم
تــریفەی نیگــای عەشــقی تــۆ بێــتە خەونــم
ڕســتەیەك پــڕ قەزوانــی نــوور دەســتم بگــرێ
ئەوســـاکە سەردەســـتەی عاشـــقانی کەونـــم

ســەرم تەختــی خــاکەو ســینەم لەســەر قــۆڵە
ئەژنــۆم نوشــتاو، پەنــجەم لەنێــو پرچــی خــۆڵە
زار لەنێـــو دەمـــی زیکــرو دەســـت لەنێــو نــزا
بەمشـــەوە مـــن چنگـــێ نـــوورم لەنێـــو کـــۆڵە

ســـەرەڕۆییم لەنێـــو هەوەس پەتکـــی کـــردم
تــکەی جەرگــم ســوورکرد، تــك بە تکــی کــردم
هێنــدەم زانــی بــوو بە جەڵادێکــی خــوێن ڕێــژ
لەبەر چـــاوی یـــارو نەیـــار هەتکـــی کـــردم

بینـــــای بینـــــاییم هەر نەمـــــا، لە تاوانـــــا
جەســـــتەم بە گـــڕی غەم ســـوتا، لە تاوانـــــا
پرســی تــانەی تــاوانم کــرد، گوتیــان: چــارەی
گیـــــراوەی پڕوشـــــکی نـــــووری هەتـــــاوانە

وەرن کەشـکۆڵ پـڕکەین بـۆ ڕێ وەکـو جـاران
لە کونجی تـار دەرچین، غەم جـێ بێڵـین یـاران
چەشـــنی لەخـــۆدانی دەف و شـــینی شمشـــاڵ
گەرووم دەگـری بـۆ مـاچی نێـو دەمـی بـاران

عاشـــــقێ، شـــــەیدا زریکـــــانی هەر ئـــــاوا
بـــوو بە هەڵـــم، وەکـــو بڵقـــێ بەســـەر ئـــاوا
قـــــافڵەی مەلان هەر کە گەڕانەوە گوتیـــــان:
بینـــــیمان لەنێـــــو زەرد و ســـــوور خۆرئـــــاوا

**دوایین شەوە ئەمشەو، با پەڕی گوڵ ڕاخەین**
**پەردەی دڵمان وڵاکەین، دەرگای ڕق داخەین**
**عەشقێ دەستی کردۆتەوە بە ڕووی دڵمان**
**گەر دەستی نەگرین، تاکو مردین بەو داخەین**

**بەس ئەمشەومان ماوە، یاران وەرن کۆبین**
**گەرد و خۆڵەمێشی سووتان و بۆن سۆبین**
**دەبا ئاگر لە نێو گیان و دڵمان هەڵکەین**
**نەکا شەوێ لەنێو گڕی بابەڕۆبین**

**یاران با کۆڕێ بەستین لە ئامێزی شەو**
**لادەینە لای مانگ و دەرچین لە ڕیزی شەو**
**پێکمان بە ئەشکی پەشیمانی بشۆین و**
**گوڵ و ڕەیحانە دانێین لەسەر مێزی شەو**

لەم گەشـتەدا ئـێمەش بـا بەرکەویـن ئەمشـەو
لەپـاڵ گـڕی ئەسـتێرە سـەرکەوین ئەمشـەو
تەمـــی هەوران ببـــڕین و لەتەك تـــریفەی
مـانگی لەتبـووی تاقـانە دەرکەویـن ئەمشـەو

یـاران وەرن دوایـین شـەوی زێـڕانە شـەو
کـۆڕی گەرم و مەجلیسـی یەك پێـڕانە شـەو
ئەڵـقەی دڵتـان کـۆکەنەوە لەنێـو عەشـقا
گـڕی سـەرپەنجەی گەرمـی دەفگێـڕانە شـەو

پەروانەی دڵ بەڕووی نـوور عەوداڵە ئەمشـەو
دەف سینگی خۆی دەکوتێ و بێ حاڵە ئەمشەو
لەم کـونجە درەوشـاوە شـیوەنی نەی و
نـاڵەی گەرمـی نێـو گەرووی شمشـاڵە ئەمشـەو

وەرن یـاران، دەسـت لەنێـو دەسـتانە ئەمشـەو
دوا کــۆڕی دیــوانی دڵ مەســتانە ئەمشــەو
عەشـق هەڵـڕژاوە وەك مانـگ بەسـەر شـەودا
تــــۆرانی ئـــازاری دڵ پەســـتانە ئەمشـــەو

بـــاغی دڵ دەوری پــڕ لە گـــوڵ و چـــیمەنە
کـــۆڕی گەرمـــی عاشـــقانە ئەم دیـــمەنە
تەنیــا عەشـــقی لە دڵ هەڵگرتـــووە نـــاخم
ڕقـــــی بەردا، بەرد بـــــارانی ئەهـــــریمەنە

کـــۆترەکەی دڵـــم لەم کـــۆخەدا کەویـــیە
هەر نــــاڵەیێ بەرزبێـــــتەوە لەویـــــیە
ئەوینـــی تـــۆی توونـــد بە دڵ و گیـــان گرتـــووە
لە ڕووی عەشـــقا، ئەو هەمیشـــە ســـەر نەویـــیە

عاشـــقان ڕێیـــان کـــرد، بـــۆ ڕووگەی خـــودایی
چـــرای نـــزا هەڵـــکەن بـــۆ ڕێـــی دڵنەوایـــی
هەر گـــوڵڕێژە ئەم ڕێـــگەی عەشـــق و ئەویـــنە
بـــا دڵـــمان پـــڕکەین بـــۆ گەرمـــی ڕۆژی دوایـــی

گەرووم پـــڕ گـــریەو شـــنەبای دڵـــی ئـــارام
عەشـــقی یـــار لە دڵـــما، بـــۆتە بـــۆن و بەرام
زمـــــان بـــــۆیە لاڵ و دڵ بـــــۆیە شـــــێتبووە
نیگـــای عەشـــقی تـــۆی دی، وا گەیشـــتە مەرام

فرمێســـکی چـــاوانم، وشـــکی کـــرد بـــووبە تـــۆز
دڵـــم تەقیـــیەوە، بـــوو بە کانیـــاوی ســـۆز
ئەم چـــۆلەکەی دڵـــی شـــەیدام بـــاڵی گـــرت و
هەڵفـــڕی بە نێـــو ئاســـمانی عەشـــقی پیـــرۆز

عاشــق، دەبــێ بــۆ دڵەکەی خــۆی ئــیش بکــا
نەك لە گۆشـــە تەنیـــا خزمەتـــی ڕیـــش بکـــا
دڵ لەگەڵ عەشـــقا، هەر کە وەفـــای وەلانـــا
دەبــێ چـــاوەڕێی داخ و چـــزەی شـــیش بکـــا

ئەمشــەو پــڕ هەنســك و پــڕ زیکــرو تەهلــیلەم
بــۆ گەشــتی ڕێــی عەشــق، گیــانی ئەم دەلــیلەم
بەم شـــەوگارە تیشـــکی ڕووگەی تـــۆم گرتـــووە
ڕونـــاك بـــۆتەوە تـــاریکی نێـــو بیلبـــیلەم

بـــاڵی دەگـــرتم، کە ڕوو لە هەڕەشـــە بـــام
ئێســـتا کەچـــی پەڕوبـــاڵی دەم ڕەشـــەبام
تەنیـــا عەشـــق باوەشـــی پێـــدا دەکـــردم
گەر شـــیلەی نێـــو زاری ئەم گـــوڵە گەشـــەبام

بەرمـــاڵم لە گـــوڵ و ڕەیحـــان و شـــەوبۆیە
بۆنی عەشـقی تـۆم بـۆ دێ هەمـوو شـەو، بـۆیە
ئەو ڕووخسارە جوانەی مـن دیـم لەنێـو خەومـا
نە بـــاغی دنیـــا و نە گـــوڵ و نە شـــەوبۆیە

دێـــوانە لە کێـــوێ گـــوتی: موغـــان مـــنم
هەگـبەت تونـدکە و ڕووت و ڕەجـا وەرە کـنم
عـــومرێ ســـوتام بە ئـــاگری خەیـــاڵی شـــەم
نەمزانـــی هەر مـــن تەنیـــا لە دڵتـــا وونـــم

دە فێـــری عەشـــقم کە، کە بە موغـــان گـــوتم:
پێیوابـــوو دڵـــێ لەســـەر بـــازووم هەڵکـــوتم
شـەلالی بەسـت خـوێنم، بە تیـری ئەم عەشـقە
کەچـی چێـژی ئەم عەشـقەی هەر پـێ نەگـوتم

دەیگـوت: لەیـلا کە تـۆ هـاتی، خـۆرم هەڵـدێ
دەنگــی نەی و چـۆڕەی مەی و بـۆنی گـوڵ دێ
کە تـــاری پچـــڕا نەی، وەری پەڕاوی گــــوڵ
مەجنـون زانــی عەشــقەکەی تــۆ لەنێـو دڵ دێ

تــــۆ بەڕوو پێـــدەکەنی، مــــن بە دڵ دەگـــریم
تــۆ لە داخــی دڕکــێ، مـن وا بـۆ گـوڵ دەگـریم
تـــۆ لە ئـــاهی پـــاییز، زەرد و لاواز کەوتـــووی
بۆ بەهـاری بـێ مەل، مـن لەسـەر چـڵ دەگـریم

نەکـا دوور لە کـۆڕی نـوور، مـن دێـوانە نەبـم
بە گیـــان و دڵــــی شــــەیدام، لەم نێـــوانەبم
گەر لە دەســتی عەقڵـم نـا، تـا مـردن دەبــێ
بە دەوری خــــۆم لەگـــژ ئەم قـــوڕ پێـــوانەبم

خاکم تاتەی سەژدەو تاقە بەرماڵێکە
سەروەتم کفنێك و داهاتووم چاڵێکە
من غەمی چی بخۆم لەم تەمەنە کورتە
کە هەر هەمووی وەکو خەون و خەیاڵێکە

ڕووم نایە بەو دەستەی ژێردەستەی هەوایە
چۆن وێرد و نزاکەم، بەم چەشنە خودایە
چاکەیەك شك نابەم، بۆ بەرپێی تاریکم
فرسەتێ بوو عومری کورتی ئەم دونیایە



## شەوی نۆیەم

# تەڵەی ئەجەل

تەڵەی مــردن گرتــی، هــات ئــێمەی لە تۆڕنـــا
ژیــــان پـــاپۆڕ، ئــــێمەی لە دەری پاپۆڕنــــا
دەورەمــــــان گیـــــراوە بە تەڵەکەی مەرگ
هـــاکە ســـبەینێ مـــن و تۆشــــی لە گۆڕنـــا

هەر وشـــەیە و لەســـەر لێـــوم وا ڕادەکـــا
دەریـــای ئەشـــکم کە دڵ گریـــان داوادەکـــا
بێئاگـــا بیـــرم هەر خـــول دەخـــوا بە دونیـــا و
لەپـــڕ مــــردن بەرەو گـــۆڕم ئاوادەکــــا

دوێنــێ چنگــێ قــوڕ بــووم لە خــاکی ڕەوەکەم
کـــــرایە بەر گیــــانم بێـــــداربوو خەوەکەم
دەبــــێ قوڕپێــــوانم لەبەرچـــی بـــێ ئەمـــڕۆ
ســـبەی مشـــتێ خـــۆڵبم لەبـــن پێـــی نەوەکەم

ماتم بە دەنگی ئەو فریشتەیەی دێ و دەمبا
دەمبە مشتێ خۆڵی پەرشبووی بەردەم با
کە من زانیم مردن بۆ لام دێ، هەر دەمگوت:
بریا زووتر ئەشك، شیفای ئەم دەردەم با

ئەودەم لە چۆڵی ژین، لە ڕاو پۆڕمان دەگری
نەمانزانی مەرگ تەڵەو تۆڕمان دەگری
گوڵ و گیا لە گڵ و خۆڵمان سەر دەردێنێ
بولبولێ دەخوێنێ و لەسەر گۆڕمان دەگری

نێو گۆڕی تەنگوتار، جێ و شوێنمانە سبەی
گڵ و بەرد لە جێی لێفە و نوێنمانە سبەی
لەگەڵ دونیا دەم لەنێو دەمین ئەمڕۆکە
کرم دەمی لەنێو لاشە و خوێنمانە سبەی

دەوران دەوری جــوانە خــولانەوەی گەردوون
ڕێگـا بـۆ كۆتـا مـاڵ، مـردن و ژیـان، هەردوون
بـۆ بەهـای جـوانی مـرۆیە بـوون و نەبـوون
داخـی چـی بخـۆم كە خۆشەویسـتان مـردوون

لە باوەشـــــی خاكـــا دەمـــــێكە لەخەودان
شــەوە لام، ئەوان لە تــاریكی دوو شــەودان
چ زووبەزوو بـــوونە خـــۆراكی كـــرم و مـــار
لەنێــو خەوێكــی قــووڵی بــێ سەروســەودان

دوو پاشـا شـەڕیان بـوو لەسـەر بـاڵای جـوانێ
ئەویان بەمی دەگوت: دوای من مەردی كـوانێ
نەیـــــانزانی خـــــودا كـــــارگێڕی گەردوونە
گــۆڕی كــچە دەبــێ بە ســەرینی شــوانێ

بە هەڵـــهەڵەی دونیـــا وەرن تەماشـــاکەن
تەماشـــای تـــابووتی نێـــو گـــۆڕ پاشـــاکەن
دوێنـــێکە هـــاواری کـــرد پاشـــا بەســـەرتان
لە هـــاواری خۆتـــان بە جـــارێ حاشـــاکەن

گـــوڵی باغـــان نـــاز بەســـەر دڕکـــوداڵ دەکـــا
بـــۆیە ســـەدان بولبـــول عەوداڵ دەکـــا
ئەم لاشـــەی تـــۆ گـــوڵە لە ئـــامێزی بەهـــار
گەرنـــا بـــۆ هێنـــدە حەز بە ڕاوی داڵ دەکـــا

کـــامە هەنـــگ لە گـــوڵی ســـبەی دڵنیـــایە
کە شـــیلەی تـــاڵاوبێ ژینـــی ئەم دونیـــایە
ئەوەی لەســـەر خاکـــا بەســـتە و ئـــاوازی خوێنـــد
ئەمـــڕۆ ئـــاوازێکی کـــپەو لە بنیـــایە

کفنپۆشـــێ هەڵســـا لەنێـــو گـــۆڕی ونـــی
ســینەی شــەقکرد، دەرچــوو لەنێــو گڵــی بنــی
بە ڕێبـواری زینـدووی تەنهـا وشـەیەك گـوت:
دوێنــێ وەك تــۆ وابــووم، سـبەی وەکـو منــی

گۆڕهەڵکەنـان قـوڕی کـوێ بـکەن بەسـەردا
کە خۆی قوڕبێ مەگەر سەری خۆی لە بەردد
ڕۆژێ، کە دەبێـــتەوە چنگـــێ خـــۆڵ و تـــۆز
کفنـــی نـــامۆ بە گـــڵ بـــۆ دەکەن بە بەردا

لە لایـــێ شـــیوەنە، یەکـــێ پێـــدەکەنێ
ئەمیـان دێـتە دونیـا، ئەو گـۆڕ هەڵـدەکەنێ
کەسـێ سـەما دەکـا، یەکـێ کفنـی لایەو
جلـــی تـــار و ڕەشـــی دونیـــا دادەکەنـــێ

ئەوەی دوێنـــێ بەڕووی مـــردووان پێکەنـــی
ئەمـــڕۆکە گـــۆڕێکی قوڵیـــان بـــۆ هەڵکەنـــی
دوو دەســـتە خـــرایە نێـــو تـــابووتی مەرگ
ونبـــوو لەنێـــو دونیـــا، گـــۆڕ بـــوو بە مەســـکەنی

هەمـــوو وەرنە دەورم، دواســـاتی مەرگـــمە
ئەو کفـــنە بـــدروون، لە گـــۆڕدا بەرگـــمە
مـــردن ئەو تیـــرەی کە گـــرتە یـــاری شـــۆخم
هەر ئەو تیـــرە ئەمـــڕۆ پێکـــاوی جەرگـــمە

دوێنـــێ قەتـــرە ئاوێـــك، ئەمـــڕۆ وردە گڵـــم
بـــای مـــردن لوولیـــدا تەمەنـــی پـــڕ گـــوڵم
هەقیـــانە نێـــنەلام دۆســـتان، کە دەبیـــنن
عەشـــقی تیـــا نەمـــاوە، داڕزاوە دڵـــم

ئــامێزی مەلــی شــین ســەوزایی ســەرچڵە
سەوداســەری شــاهەنگ پەڕی ناســکی گــوڵە
لەم نێوەنــدە بەس مــن ئاشــقی دونیــام و
ســپێدەش ڕوونە، کە ســینەم لەژێــر گــڵە

بــاگوردانێ دێــنن لەســەرم دەیگێــڕن
هەروەکــو بێگانــان چــاوم تێــدەگێڕن
هێنــدە نابــا دۆســتان پشــتم لێــدەکەن و
بەرەو مــاڵی دونیــا ڕووم لێــوەردەگێڕن

خۆشەویســتان شــینێ بــۆ مــن دادەبەســتن
بە ئێســکی مــردووان گــۆڕم هەڵدەبەســتن
هیچ کەس نەیبیست کە گوتم جێم مەهێڵن
لەســەر گڵــی تەڕی ئەم گــۆڕەم هەڵمەســتن

که مــردم هەریەك بەجــۆرێ خــۆی دەنــوێنێ
هەریەك دێ و گــوڵێ لەســەر گــۆڕم دەڕوێنــێ
لە پــڕمەی گریــانن، منــی خەوتــووش بێــدەنگ
یەك غەمبــار دێ و یاســینم لەســەر دەخــوێنێ

لەنێــــو تـــابووتی دار ڕووســـارد و خامۆشـــم
لەنێــــــو زەردەخەنەی دونیـــــا فەرامۆشـــــم
بەســـەر شـــانان دەمــبەن بــۆ شـــاری مــردووان
تەنیـــا لەم بەیـــنە، مـــن ڕووتـــی کفنپۆشـــم

ســـیمای تەڕی گەنجـیم هەر وەکــو گــوڵ ژاکــا
دوای ســـەردەمێ جەســـتەم خــرایە ژێــر خاکــا
نەبــوو یــارم جــگە لە مشــك و مــار، لە گــۆڕ
نەبــوو کەس لە دونیــابێ و ئەشــکم بــۆ داکــا

جلیـان هێنـا و گوتیـان: وەسـفی لەبـن نـایە
هـــاوارمکرد، ئەم پۆشـــاکە لە مـــن نـــایە
چوو ڕۆژی هاوسـەربوون، ئێسـتا کفـنە بەرگـم
لەم گـــۆڕە تـــارەدا، کەســـم بە کـــن نـــایە

ئەی گـۆڕی کفـن دز، بەڕووی تـۆوە ڕووتـم
لەنێـو دەمـی تـۆدا چنگـێ پـاروو و قـووتم
کە گیـــانم بـــاڵەفڕکەی نێـــو ئاســـمانی کـــرد
ئـــاگری دونیـــا بەردە تەخـــت و تـــابووتم

گـــۆڕم بـــۆیەك دێ، تێکدەشـــکێنێ ئێســـقانم
خۆم تێی کەوتـم، ئەو گـۆمەی بـۆ یـار لەقـانم
بـــوو بە مـــار و ئەژدەهـــا لە گەردەنـــی مـــن
ئەو تیـرەی مـن لەسـەر سـینگی یـار چەقـانم

دەمگوت: کەس تاڵی ئەم گەشتەی پێ نەوتووم
سەرم دای لە بەرد، ئەوسا زانیم مـن خەوتـووم
دوور لە بـــاغی پــڕ گـــوڵی خۆشەویســـتانم
لەم گـۆڕە تەنـگە وەك پەپـولەی وڕ کەوتـووم

ئەمــڕۆ لەســـەر خاکـــا، ســبەی لەنێــو گــۆڕم
پەڕەی نێچیرێکـــی ژێـــر چڕنـــوکی تـــۆڕم
مەرگ ڕاوکـــاری خـــۆی بـــۆ گیـــانم ســـازداوە
بە چـــاوی گومـــان لە ســـبەینێ دەنـــۆڕم

گۆڕپەرســـتان دێـــن و لاشـــەم کەوردەکەن
لەســـەر پەنـــجەی پـــاکی شـــادەم دەوردەکەن
دەکەونە شـــوێن پەپـــولەی نەخشـــینی گیـــانم
تـــا ئەم ئاشـــنای ئەو دیـــو دونیـــای هەوردەکەن

پرسـی سـاقی نـاوێ مـردن پێکـی پڕکـا
شـەهیدی عەشـقە دڵ، دەبـا پـاکی فڕکـا
تەنیـا جـارێ ئەم پـێکە لێکـدەدا مـردن
لێکیـدە مەرگ، تـا چـاو بنـی جـام بڕکـا

بـادەگێڕی ئەم کـۆڕەیە سـاقی دڵـم
ئەمـڕۆ گـڵ لەدەسـتم، سبەی بـاقی گڵـم
پێکـی عەشـقە لەسـەر لێـوم کە بێـدارم
بەم عەشـقەوە عەتـر ڕێـژە تـاقی گـوڵم

شۆڕی نێو گۆڕیـان کـردم دونیـام لـێ شـەوبوو
خەو کە بەریـدام، زانـیم ئەوەی دیـم خەوبـوو
بە کـوڵ گریـام بـۆ ئەو سـامانەی دوای مەرگـم
کە شـەونخونی هەمـوو دونیـام بـۆ ئەوبـوو

چاوی بەستووم خەوێ، دەستی هێن سووکەڵە
لەتاو گەمەی مردن، گیان بۆتە بووکەڵە
شووشەی دڵ شکاوە، بۆیە نە نەی وەك خۆی
نە دەف سەدای، شمشاڵ گەرووی پڕ دووکەڵە

بە من پێدەکەنن، چونکی پێناکەنم
تامیسکەی غەم لەسەر لێوم هەڵناکەنم
چۆن پێکەنین بمگرێ، ڕووت بۆ گۆڕ دەمبەن
هەر دەبێ جلی ئەم دونیایە داکەنم

یادی گۆڕ وەك هەوای پاکی هەناسەمە
لەنێو دونیا شیفای یەکجێی ئەم تاسەمە
مان و نەمانی من سەرابێکی ونە
کە ڕوون و گەشبێت بۆ لەگژ ئەم باسەمە

دونیـا لە جـێگەی خـۆی، بەس ئـێمە نـامێنین
تــا گــۆڕ تەوبە نــاکەین، کەوا لە دامێنــین
چییـان بـرد لەگەڵ خـۆ، ئەوانەی پـێش ئـێمە
ئـێمەش ڕۆژێ دەڕۆیــن، گەر لەوان ڕامێنــین

لاویـم چەشـنی یـاقووت و مـرواری و دوڕە
دەمـاری بـازووم تونـد، دڵ بە تـین و گـوڕە
هەر ئەو لاشــە نەرم و جــوانەیە ســبەینێ
لەژێــر خاکــا ئــاوێتەی تــۆپەڵێ قــوڕە

بــۆ ســبەی ڕۆژێ مەلــی خەیــاڵم وێــڵە
هەوری دڵ لەنێــو گومــانی تەم و لــێڵە
جەستەم شـەنگ و شـۆخە بە جلـی نێـو دونیـا
ســبەی لە گۆڕســتان بــێ نــاز و بــێ کـێڵە

شـــادی چیـــیە، کە ژیـــنم بە ڕۆڕۆ بچـــێ
جەســـتە پـــولێ ناکـــا دڵ ســـەرەڕۆ بچـــێ
دەبـــێ خـــۆزگەی ژینـــی هەژارێ بخـــوازم
قـــاروون کە تـــا حەشرێ لە خاکـــا ڕۆبچـــێ

دونیـــا ئەوە نیـــیە مەنزڵـــی هەتـــابێ
نـــزیکە مەرگـــی تـــۆ، ڕۆژ و شـــەو کەتـــابێ
وەیـــل و واوەیـــلا بـــۆ ژینـــی ئەو بەنـــدەیە
ســـەرتاپا تەمەنـــی هەر لەنێـــو خەتـــابێ

دیـــارە ســـبەی لاشـــەت لەبەردەمـــی دادە
تا زووە ئەمڕۆ خۆت گوێچکەی نەفست بادە
ئەم تەمەنەت کە بە نافەرمـــانی ڕۆیـــی
ســـبەینێکە بەشـــت هەر داد و نـــادادە

دونیا کە ژینێکی زۆر کورتی سەرپێیە
نیوەی تەمەنی من لە خەوی نێو جێیە
هاواری دڵ بۆ منی بەدکارەی لەو دونیا
ئێشی سووکم دوو پشکۆی سووری ژێر پێیە

لە دونیا دڵ بۆ حەزی هیچ پەرێشانە
ئەم حەزە کە تیرە، دڵیشم نیشانە
بێسوود، کە نامۆم بە نەمری نێو دونیا
هاولەزەتمان باڵەفڕکەی گیانکێشانە

## شەوی دەیەم

# ملوانکەی مەرگ

پەڕیــوە بــازووم، مــن دڵ بە تــین و گــوڕم
سـبەی دەمـرم، دەکەومە دەسـت نەوەی کـوڕم
بــووکەڵە و ئەسـپ، لە گڵــم دەنەخشـێنن
دەبیــنم، لەنێــو دەســتیان تــۆپەڵێ قــوڕم

دەســـتی مەرگ لەژێـــر دەمـــاری گەردنمە
بــا بە ڕۆنــی هەناســە هێنــان و بــردنمە
لەگەڵ عاشــــقاندا، قاقــــا زۆر پێکەنـــیم
ئەمــڕۆکەش پەلەقــاژەی گیــان دەرکــردنمە

قەلــی مەرگ بەســەر شــانما نیشــت و قــڕی
شــادەماری ژینــی، لە نێــو ملــما بــڕی
ڕەوە داڵ چاویــــان لە کــــالانەم دەرهێنـــا
مەلــی گیــان لە قەفەســی ســینەما فــڕی

کارمـــــامزی ژیـــــنم، مـــــردن دەکـــــا کەوری
وەك دەفـــی دەفگێـــڕێ، دەمگێـــڕێ بە دەوری
چـــوارپەلم دەبەســـتێ و پەلـــی ژیـــنم دەخـــا
دەنێـــتە ســـەر تـــاری گەرووم دەمـــی تەوری

پەنجەی مردووی دەفگێڕێ، لە خەوما هەڵدەستێ
بە ئەڵـــقەی دەفـــی، پـــل و پەنـــجەم دەبەســـتێ
پێســـتی ســـینەم دەکـــا بە پەردەی دەفێـــك و
بە دەورم دەخـــولێ و شـــینم بـــۆ دادەبەســـتێ

تەمەن لەنێـــو دەمـــی بێژینگـــێ جێیهێشـــتم
ئاشـــــەوانی مەرگ، منـــــی دی یەك مشـــــتم
فەریـــکە گەنمێکـــی بـــێ زیـــوان بـــوو تەمەن
مـــردن ئـــاردی بێشـــتم و کەپەکـــی ڕشـــتم

هەمـــوودەم گـــوێ قـــوڵاغ، چـــاوەڕوانی مەرگـــم
نـــــازانم کە کفــــن کەی دەبێـــــتە بەرگـــــم
بەڵام ڕوونە، بەرەو مەرگ هەنگـــــــــــاودەنێم
بـــۆ تیـــری دونیـــا، وەك قەڵغـــانێ بـــوو جەرگـــم

دەنگـــێ بـــانگی کـــردم، ئاشـــناتر لە دەنگـــم
بەســـــەر زەوی کەوتـــم، زەرد داگەڕا ڕەنگـــــم
دەســـتی بە گەرووم دابـــرد و گیـــانی بـــردم
تەنیـــا جـــێما لاشـــەی شـــل و لـــۆق و لەنگـــم

شـــــەپۆڵێ خســــــتمیە پەتـــــی قەنــــــارەوە
منـــــی قوتـــــدا بە ترۆپـــــك و بنــــــارەوە
بەدوای شـــەپۆل کەوتـــن، بەس کراســـێ جـــێما
لە دوای مەرگـــــم گیربــــــوو بە دارچنــــــارەوە

سروشـــتی ژیـــن بـــوو، وەری گەڵای نێـــو ڕەزان
بەهـــــار چـــاوی لێکنــــا و لەدایکبـــــوو خەزان
مــردن بە شـیوەن هــات و گیــانی منــی بــرد
لێــو لە خەنــدە، گیــان لە جەســتە، لێکــترازان

فریشـــــتەیێ تەنیــــا هـــــات و ڕووم تێکـــــردم
جـــووتێ کەوشـــی ئەو ســـەفەرەی لەپێکـــردم
هــاوارم کــرد، کەوشــی مــردن بەپــێم تەنــگە
کەچــی گەشــتی نێــو ئەو دونیــای هەر پێکــردم

مردن دەیگـوت: هـاتووم ئاسـکی ڕۆحـت ڕاوکەم
ڕەگـــی ئەم تەمەنە ســـەوزەت بـــن بـــڕاوکەم
پێکەنــــیم، مەرگ ســـــەرەتای ئەم ڕێـــگەیە
دەبـــێ دۆزەخـــی ئەم ژیـــانەم پـــڕ ئـــاوکەم

لەژێـــر ســـاباتی پـــڕی ئەرشـــیفی خەیـــاڵ
بەرەو متبـــوونێ ئەمشـــەو، دامە شـــەقەی بـــاڵ
دیــم شــیرینی گێــڕان بــوو، لەم شــەڕە نــوقڵە
کەوتە نێــو دەمــم، نــوقڵی مەرگــی تفــت و تــاڵ

دیلـــی هەوا و مەیلـــی ئەم دڵە بەردەم بـــووم
لە دونیــا تــا تــوانیم بەڕێــی ئەم دەردەم چــووم
ئێســتا، کە پەککەوتەی نێــو جێگــای مەرگــم مــن
داخم بۆ دڵ، تووشی ژەهری نێــو ســەردەم بــووم

بەزم و سەیران بێ ژیــن، یــا ئەسریــن هەر دەڕۆم
لە دەشت بم، یا سەر لەسەر سەرین هەر دەڕۆم
مەتەڵـــێکە چـــوونم، خۆشـــم لێـــی تێنـــاگەم
لەدەمــی خــونچەم بــم، یــا وەریــن هەر دەڕۆم

دوای کـــۆچی ئـــازیزان کـــۆچ و مەرگـــی مـــنە
کفنـــی زەردبـــووی دۆســـتم ســـبەی بەرگـــی مـــنە
بـــۆ نەگـــریم دوێنـــێکە قاقـــا پێـــدەکەنین
ســـبەش تیـــری مـــردن، بـــۆ نێـــو جەرگـــی مـــنە

دوا هەناســـەی شـــەو لەســـەر تـــاتەی کڕنۆشـــی
جەســـتەی مـــن دواهەمـــین چێـــژی مەرگـــی نۆشـــی
هەرچەنـــدی کـــرد، لاشـــەم بەجـــێما لە دونیـــا
ڕووی خاك واڵابوو، ئەمیش خـــۆی خســـتە کۆشـــی

هاموشـــۆی ڕۆژ و شـــەو، بـــۆم دەنـــوکی هەڵـــۆن
هەمیشـــە ســـەرپەنجەی تەمەنـــی مـــن دەخـــۆن
کـــێ دەڵـــێ: دەبیـــنم دونیـــا، کەمێکـــی تـــر
کە دەســـت و پـــێم لەبـــن دەســـتی مـــردن کەمـــۆن

پەتـــی ســـێدارەی خـــۆت مەخەرە گەردنـــم
خـــۆم هـــاڕاوەی نێـــوان دوو کێلـــی مـــردنم
ئەی دونیـــا بـــۆچ هێنـــدە لە مەرگـــم دەگەڕێـــی
کە بەهەشـــت خەڵاتە، بـــۆ گیـــان دەرکـــردنم

بە خـــودا چـــۆن بڵـــێم، دڵ ســـەرەڕۆ نەبـــێ
نەبـــووە خـــورپەی شـــیوەن و بـــابەڕۆ نەبـــێ
کە هـــات وادەی مەرگـــم، چـــۆن بێـــژم خوداگیـــان
نـــۆرەی گیـــان کێشـــانم، بەس بـــا ئەمـــڕۆ نەبـــێ

مـــردن بـــێ، گیـــانی مـــن بـــۆ مەرگ تـــاوەدا
ملـــی ڕێگـــا دەگـــرێ، وەکـــو تیـــرێ تـــاوەدا
دونیـــای ســـەر تەمگرتـــوو تەنیـــا جێـــدەهێڵێ
ســـەر لە کۆتـــا مـــاڵی ژێـــر خۆرەتـــاو دەدا

گەنمێکـــی چـــابین، بەر لەوەی مەرگ کـــارگەی
بمانهـــاڕێ و لوملمانـــدا بـــۆ بـــنە و بـــارگەی
گەر نـانێکی شـیرن دەرچـووین، لە بەهەشـتیش
بـــۆ لای یـــار، تێدەسـوڕێینەوە هەوارگەی

دونیـا ئـێمەی تێـدا، وەك بڵقـی سـەرئاوە
بـۆ مـرۆڤ نـامێنێ مەزنـی، کە هەر نـاوە
شـەونخونی ئـێمە بـۆ دونیـایە داخـم
مەرگ سـەدانی وەك ئـێمەی بەدەرنـاوە

کە مـانگی ڕووخسـارت تـریفەی نەهـاتێ
بـاڵەفڕکەی گیـان کـێش لەپـڕێ ئەتگـاتێ
وەك بـا، بە تونـدی بـاوەش دەکـا بە گیانـت و
ملـوانکەی مـردن و سـەفەرت ئەداتـێ

یــار لە دونیــا بە شــوێن پەپــولە و گــوڵ وێــڵە
دیــــــارە نەیزانیــــــوە مــــــاڵی لەتەك كــــــێڵە
مــــردن قاقــــا پێکەنــــی، کە گــــوتی توخــــودا
لە پــــاییزی پیــــری، بەهــــار جــــێم مەهــــێڵە

ڕۆژێ چیرۆكــــــــی ئەم ژیــــــــنە دەبــــــــڕێتەوە
مەرگ گیــــانی یەك بە یەكــــمان دەكــــڕێتەوە
یەکەم نەفخــــی ســــوور لێــــدەدرێ، ئەم فــــودانە
كــات ڕادەگــرێ و نەخشــەی جیهــان دەسڕێتەوە

بــاڵی ژیــن و مــردن، مــرۆڤ خــاوەن دووبــاڵ
ژیــان تــیلە چــاوێکە، تــۆ چیــتە لە خەیــاڵ
نە یەك چــــــرکە تەمەن دەگەڕێــــــــتەوە دوا
نە بــۆ مــرۆڤ ئەم دونیــایە دەبــێ بە مــاڵ

ســـەرت بەرز مەگـــرە، کە ژێرمـــان پـــڕ ئێســـکە
بەش دابەشــــــی دواتە پـــــاوەن و پرێســــــکە
ئەوەی دونیـای دۆڕانـد، لە وێـش هەمـان بەشـە
نــــاڵین و نــــرکەیە، بەشــــی هەر فرمێســــکە

لەوانەی چـــوون، دوو هێنـــدەیە ئەوانەی دێـــن
دێـــــن و دەچـــــن، نــــازانن کە ڕەوانەی کـــێن
بەرەو ئەو دیــــــوی پەنهـــــانی و فەنــــــابوونە
هەرچـی کە چـوو، ئەوەی هـات و بەوانەی دێـن

بولبـــولێ بـــۆ نێـــو شـــکۆفەی وەریـــو گریـــا
لەم بەهـــــارە مەرگــــی تـــۆم نەدیبـــا بریـــا
دەترســــم زووبەزوو منــــیش ســــەرنێمەوە
ئەشـــکی هەورێ داکـــا و کـــۆچم بێـــتە دەریـــا

دەمــی دنیاویـــستان هەر گـاڵتەوگەپ دەکـا
لەســەر پەتــی دوودڵــی ڕاســت و چەپ دەکـا
تــاکو دەمــی مــردن ســەرێکە و ســەد ســەودا
بە گیـانی هەزار و ســەد دەســت و لەپ دەکـا

دڵپەســتیت ببەســتە، دە گیــان و دڵ گەشــکە
بە یــار و نەیــاران ڕەیحــان و گــوڵ بەشــکە
غەم بــۆ مــردن مەخــۆ، کە ژینێکــی کەش دێ
چــاوی پێکەنینـــت، بە لێــوی کــل ڕەشــکە

کــوڕی کفــنم، ســا لە لێــو مەرگــم مــاچێ
کە هــاتە ژووانــم، بــا لەنێــو بەرگــم لاچــێ
پەکــم بخــا لەنێــو پێخەفــی گیـــانەڵا و
تەزووی ئــامێزی ئەو بەنێــو جەرگــم داچــێ

عاشـــقانی دڵ پـــڕ، وەرن کـــۆڕێ ســـازکەین
خەم و ژانمـــان لەنێـــو گەرووی یەك ئـــاوازکەین
بەر لەوەی لاڵ و کەڕی ژێـــر گـــۆڕی خەوبـــین
زارمـــان لەنێـــو دەمـــی بێـــدەنگی دەربـــازکەین

لەو تەمەنـــی کە مـــاومە، ئەوەی دێ مـــردنە
ئەو داڵـغەی دام دەگـرێ، خـۆ بەس کـات بـردنە
ئەوەی کۆشـــکی دڵـــم، لەبـــن دەڕوخێنـــێ
تەنیـــا ئـــازار و تەزووی گیـــان دەرکـــردنە

ئەنگوســـــتی زەردەخەنەم ڕاوی غەم دەکــــا
لە شـــــادیدا گلێـــــنەم داوای نەم دەکــــا
مەلێکـــی کـــۆچەریم و شـــەقەی بـــاڵم دێ
دەزانـــم چەن بفـــڕم هـــێن تەمەن کەم دەکــا

ڕۆژێ دەفری تەمەن، دێ مەیلان و پڕکەم
لە گۆشەی تەنگی ژین، پێکی مردن فڕکەم
کە مەی مەرگ هەتا سەر لووت و دەمم هات
دەبێ بۆ نێو کونجی گۆڕخانە چاوبڕکەم

دەنگێ بانگم دەکا سبەی زوو میوانتم
تۆ بەسەرهات و من کۆڕگێڕی دیوانتم
هاوارم کرد کێی تۆ، گوتی: مردنم من
گەورەی ئەندازیارانی عومرپێوانتم

چرکەکانی سەعات، گەنجینە بردنە
عومرژمێرە، بەس تەوقیتی مردنە
دونیا شەپۆلێکی تیژڕەوی خێرایە
وا لەگژ پەلوپۆی سەوزی گیان بردنە

خـــۆری ئەگـــریجە زەرد چـــاوی لە کـــل دەنـــێ
تاریکـــایی ڕەشـــی شـــەو لەنێـــو دڵ دەنـــێ
بـــۆ مـــن لێـــدەدا پـــێمەڕەی مـــردن چـــاڵێ
مـــردن چواردەســـتە دێ، لاشـــەم لە گـــڵ دەنـــێ

لەنێـــو بـــاغی دونیـــا داری بـــێ پەلوپـــۆم
لە تێـــری تـــوێکڵی تـــاڵی غـــرور دەخـــۆم
دەخـــۆم و نێـــو بـــاغی ســـبەینێم بـــێ بەرهەم
تێنـــــاگەم وا بەرەو دوا مەنـــــزڵگە دەڕۆم

ڕوونە دەمـــرم ڕۆژێ، بـــا ئێســـتا بـــێ غەم بـــم
بـــێ غەمـــم کـــاتێ دوور لە ژەهـــراوی تەم بـــم
پـــاش ڕزانـــی لاشـــەم ئـــاوێتەی نێـــو خـــۆڵم
بـــۆ ترســـاوی تـــۆز و تـــاریکی نێـــو تەم بـــم

شەو کە ڕێی خەون بێ، ڕاوچی ئەم شەوەمە
پۆلی دوور لە دونیا، دۆستی ئەم ڕەوەمە
کەوا بەرەی دونیا گۆشەگیری خەو بن
بۆچی سست و خاوم، لەگژ ئەم خەوەمە

بە تەمەن ناژمیردرێ پیری سەردەمی
ئاوێتەی لەنێو نەخۆشی و دەرد و خەمی
مردن ئەژدیهایێکە دوای پیری دێت و
بە ڕووی هەموو گیانێ دەکاتەوە دەمی

## شەوی یازدەم

# منداڵیم لەگەڵ کۆلارەکەم لێ وون بوو



سـەد جـار یـادت بەخێـر ڕۆژگـاری منـداڵی
چەنـدە زوو تێـپەڕین، ڕۆژ و مانـگ و سـاڵی
چی خۆشی و خەنـدەبوو، بـردت لەگەڵ خۆتـا
منــت وا تەنیــا هێشــتەوە دەســت بە تــاڵی

یــادت بەخێــر دونیــای خەنــدەو پێکەنیــنم
ئەی ڕۆژگــاری پــڕ لە یــاری و هەڵپەڕیــنم
بە دوای دایمکەوە بووم وەك سێبەرێ ئەوسـا
ئێســـتاکەش هەر بەدوای ئــازار و ئەسریــنم

نەخەم و نە خەفەتــــم لە نێــــو ســــینەبوو
نە ئەو دڵەشــــم جــــێگەی ڕق و کینەبــــوو
ئەوســا لەگەڵ دار و بەردیــش یــاریم دەکـرد
کەی دڵ خــــاوەنی ئەو هەمــــوو برینەبــــوو

له جــێگەی دڵــم، بە تەنیــا ســەرم دەشــکا
ئێســتاکەش هەر ســەرتاپای ژیــانم ئەشــکە
ئەوســا دڵــم دەدا بە مــار و مێــرووولەش
ئێســتا دڵــم لە خــودی خۆشــم لە شــکە

چەشــنی دڵــی دایکــم زۆر ســادەبوو ژیــنم
ئەوســاکە زۆر زوو ســاڕێژ دەبــوو بــرینم
بێچــووە پشــیلەیەك هــاوڕێی گیــانی مــن بــوو
ئێســتاکەش تەنیــا هــاوڕێی خەم و ئەسریــنم

هەر بە تەنیــا بووکەشووشــەیەك یــارم بــوو
جێــی نەدەهێشــتم، هەمیشــە لە دیــارم بــوو
دایکیشــم ئەو دەمــانەی کە جێــی دەهێشــتم
بەخۆی لە جــێگەی هەمــوو کەس و کــارم بــوو

بووکەشووشــەم تــا دەهــات لا ئــازیز دەبــوو
ئــاخر کــوانێ ئەو ڕۆژێ لە مــن زیــز دەبــوو
گەر لەگەڵ منــدا، بووکەشووشــەش گەورەبــا
خەم و خەفــت چــۆن لەنــاو دڵــم ڕیــز دەبــوو

شــــەو تـــاکو بەیـــانی لەنێـــو ئـــامێزم بـــوو
لە دەمــی تەنیـایی، خــۆی پشــت و هێـزم بــوو
خۆزگە وەك من ئەویـش گیـان و دڵــی دەبــوو
ئەوســا لەلای چەنــدە قەدر و ڕێــزم دەبــوو

بووکەشووشــەی منــداڵیم بــوو بە هــاودەردێ
ئێســتاکەش بە کــوڵ ئەشــکم لە چــاوان دەردێ
ئەوســا دڵــم هەمــوو شــتێکی لــێم دەویســت
ئێســتاش دڵــم لە ئاســت خۆشــم بــۆتە بەردێ

سـنووری جیهـان تـا دەرگەی حەوشـەمان بـوو
دونیـا بە تەنیـا جـێگەی یـاری و گەمـان بـوو
ئێســـتا خۆشـــی بەلای دڵـــما تێـــدەپەڕێ
خۆشـــی ژیـــان بە تەنیـــا ئەو دەمـــان بـــوو

بـۆ مەرگـی چـۆلەکەیەك بە کـوڵ شـینم بـوو
ئەشـکی دایکـم تێکەڵـی نێـو ئەسریـنم بـوو
ئەوســا خەمـــم لەگەڵ ئەشـــکم دەتـــوایەوە
کەی وەك ئێســـتا هێنـــدە ژان و بـــرینم بـــوو

بە تەنیـــا دایکـــم خۆشەویســـتی ژیـــنم بـــوو
تەنیـــا لەگەڵ ئەو گفتوگـــۆی شـــیرینم بـــوو
ئێســـتاکە نـــاگەمە نێـــو جـــێگەی خەویشـــم
کەچـــی ئەوســـاکە خەیـــاڵی فـــڕینم بـــوو

باوەشـــی دایکــم خـــاك و نیشـــتمانم بـــوو
نـــزیکترین کەســـی نێـــو دڵ و گیـــانم بـــوو
ئێســـــتاکە خەم و نـــاڵین ئـــاوازی دڵـــمە
ئەوســـا لای لایەی ئـــاوازی ژیـــانم بـــوو

دڵێکـــی بچـــووکی جـــوان و بـــێ گەردم بـــوو
کـــوانێ مـــن وەکـــو ئێســـتا هەزار دەردم بـــوو
هێنـــدەیان شـــکاند دڵـــم، تـــا بـــوو بە بەردێ
کـــوا ئەوکـــات لە ســـینەم دڵێکـــی بەردم بـــوو

چەشنی پەپولەی ڕەنگین هەر لە فـڕین بـووم
کوانێ من تووشی داوی عەشق و ئەوین بـووم
تـــا ئەو ســـەری کـــۆڵان دەچـــوو پێکەنیـــنم
کەی وەك ئێستا خەریك فرمێسك سڕین بـووم

دڵــم بــۆ منــداڵیم، تەنــگ و پەرێشــانە
ئەوکــاتەی دایکــم قــژی دەکــردم شــانە
تەنیــا خەمــی بووکەشووشــەکەم بــوو ئەوســا
ئێستاش خەمــی هەمــوو دونیــام لەســەر شــانە

خەمەکانم هێند بچوك بوون، وون دەبوون لێم
کەچی ئێستا خەمی خەڵکیش دێــنە ســەر ڕێـم
منــداڵیم و ئێســـتام هەرگیــز لە یەك نــاچن
هەر لە دڵــی خــۆم دەپرســم، ئــاخۆ مــن کــێم

مــن لەو ڕۆژەوە دونیــام لــێ ســەراوبن بــوو
منــداڵیم لەگەڵ کــۆلارەکەم لــێ وون بـــوو
خەندە و خۆشی منــداڵیم بــۆ هەمــووان چــوو
خەم و ژانــی گەورەیــش تەنیــا بــۆ مــن بــوو

## شەوی دوازدەم

# بەفری پیری

پیــری کەوتە گیــانم لاویــم بــێ خەبەرمــا
زەردەخەنە و جـــوانی دارِنـــی لەبەرمـــا
ســووڕی گەردوونە کە جــامی پیــری پڕبــوو
نە ددانـــێ لە دەم، نە داوێ لە ســەر مـــا

لاویــم دێــتەوە یــاد، گریــانێ دامــدەگرێ
دەڵــێم: بەم ڕیشــە تەڵەی مــردن پــامنەگرێ
دوێنــێ دەســتی پیــرو بە ســاڵانم دەگــرت
ئەمــڕۆ پیرکەوتــووم و گۆچــانێ ڕامــدەگرێ

پیــری هــات و شــکاندی دڵــی پــڕ هەســتم
گۆچــانێکی بــێ گیــانی خســتە نێــو دەســتم
ئەوســا وەســتابووم و دیــوارم هەڵدەبەســت
ئێســـتاش بە دار و دیـــوارەوە هەڵدەســـتم

بەفــری پیــری، بــاری بەســەر کێــوی ســەرم
زوو نیشـــانیدا، وادەی کـــۆچ و ســـەفەرم
لەبەهـــاری تەمەن، زســـتانی پیـــری هـــات
بەرگـــی بەفرینـــی مەرگـــی کـــردۆتە بەرم

دەرگەی ئاســمان بەڕووی منــا لەســەر پشــتە
بــۆ خــاکی ســەرم بەفــری ســپی لە مشــتە
ســـەرم بـــۆتە تـــۆپەڵە بەفرێکـــی ســـپی
لەم شــەڕە بەفــرە، گەنجیمــی دا بە کوشــتە

تــازە هەگــبەم تەنیــا تێشــووی ئەم ئەرزەیە
بەهـــاری گەنجـــیم جـــێماوی ئەم وەرزەیە
پــایزی پیــری هــات، بــۆیە نە لێــو مــاچی
نە قەد شـــۆخی، بـــاڵام گـــوڵی دەم تەرزەیە

ساردی بەفری پیری، تێکەڵ بە دڵم بوو
لام نەچوو، تا دەمی مەرگ لەگەڵم بوو
ژیان دەریابوو، کە خۆرەتاوی پیری هات
گشت جوانی و گەنجی تەمەنم بە هەڵم بوو

خۆرم دی پرسیم تاکەی لەگەڵ ئەو دابم
کە وەك ئەو ئاڵوواڵ، گوڵ ڕەنگی وانابم
خۆر ئاوابوو، زەرد و سوور هەڵگەڕام گوتم:
ئێوارەیەك منیش هەر دەبێ ئاوابم

پیری بەڵایەکی بۆ گەنجیم نایەوە
کەوتم و تەنیا خەیاڵم بۆ مایەوە
هێندە دڵم بۆ سەردەمی لاویم تەنگبوو
بانگم کرد و گوتم ئاخر بۆ نایەوە

چـــاوم كزبـــووه، بـــۆتەیەك ڕۆژو شـــەوم
وەك ڕوخســـارم شـــێواوە، هەڵســـان و خەوم
ژیـــان هێنـــدە ئـــازاری داوم بەم تەمەنە
تـا جارێـك هەڵدەستم، سـەد جـاران دەكەوم

دڵـــم ناســـك بـــۆتەوە و هەر بەرگە نـــاگرێ
بە خەمێكـــی بچـــوك، مـــن دەبمە ئـــاگرێ
لەســـەر پەتـی مەرگ و ژیـان هەنگـاو دەنـێم
درەنـــگە، تـــازە كەس نـــاتوانێ مـــن داگـــرێ

هەرچـی لـێم دەپرسـن، خـۆ بیـرم چـۆتەوە
مـــن كەوتـــم و ڕابـــردووم لـــێ بەربـــۆتەوە
لاویـم بەرگـی ڕەنگینـی مـن بـوو، ئێسـتاكەش
ڕووتـــم و بەرگـــی جـــوانیم لەبەر بـــۆتەوە

درەختێکـــی وەریـــوی بـــێ گەڵا و گـــوڵم
خۆشـــی هەر بە خەونـــیش نـــایەتە نـــاو دڵـــم
هەرکە لە زینـــدانی پیـــری خەیـــاڵم ڕۆی
ئەســـیری گریـــانێکی بە تـــین و کـــوڵم

بـــوومە بـــوکەڵە و پیـــری یـــاریم پـــێ دەکـــا
ئێســـتا هەر کەس بەنـــاوێ بـــانگم لـــێ دەکـــا
هەنگاوەکـــانم وەك شـــادی بەدوام نـــایەن
قاچەکـــانم بە ئاســـتەم ئێســـتا ڕێ دەکـــا

خەنـــدەکانم ئێســـتاکە، خـــۆم لـــێم وون دەکەن
وەك وێنەکـــانم بە ئاســـتەم لە مـــن دەکەن
ئازارەکـــــانم ئەوەنـــــدە گەورەبـــــوونە
هەر لە دەریـــایەکی قـــوڵی بـــێ بـــن دەکەن

شـــاديم نەمـــاوە، تەنيـــا ئەودەمە شـــادم
كە بيـــری جـــوانی جـــاران دێـــتەوە يـــادم
لەنێـــو بەهەشـــتی ئەم خەيـــاڵە جوانەمـــدا
چەشـــنی مەلێكـــی باڵنەخشـــينی ئـــازادم

زينـــدانی پيـــريم و تـــازە لێـــی دەرنـــاچم
زنجيـــری مەرگـــی كـــردۆتە هەردوو قـــاچم
ئێســـتا درەختێكـــی ووشـــكی زەردگەڕاوم
ئەوسـا گـوڵ بـووم و پەپـولە دەيكـرد مـاچم

پيـــری ئومێـــدی دەرهێنـــا لە نێـــو دەســـتم
ئەژنۆی شكاندم، نەيهَشت لەجێی خۆم هەستم
بەتەنيـــا گيـــانێكی پـــڕ ئەويـــنم بۆمـــا
ئەو پەيمانـــی وەفـــا و نەمـری لەگەڵ بەســـتم

پیـــری هـــات و لاوی منـــی لە نێـــو تۆڕنـــا
خەونـــی گەنجـــی و جـــوانی منـــی لە نێـــو گۆڕنـــا
بەم هەموو خەونە ڕەنگاو ڕەنگەم، هەر هات و
منـــــی لەبـــاوەش بەرگێکـــــی ســـپی شـــۆڕنا

پیـــری هەســـتێکی دامـــێ لە لاوی نەم بـــوو
ئەویـــش ژینـــی پـــڕ لە ئەوینـــی بـــێ خەم بـــوو
خـــۆ هەمـــوو شـــتێکم بینـــی بە چـــاوی ســـەر
تەنیـــا لەئەوینـــــی ڕاســـــتەقینەم کەم بـــــوو

دڵـــم هـــیچ نابـــا، بـــێ هەســـتی داپۆشـــیوە
وەك بڵێـــی ڕۆژگـــاری لاویـــم هەر نەدیـــوە
چـــــاوانم نوقانـــــدو هەرکە کــــــردمەوە
تەمەنـــی جـــوانی خـــۆم بینـــی بـــۆتە نیـــوە

پیــری لەگەڵ خۆشــم، خــۆ بێگــانەی کــردم
پەلکەزێــڕنەی جــوانی و گەنجــی لــێ بــردم
پەپــولەی ڕەنگینــی هەســتم ســوتا بــاڵی
هێنــدەم زانــی لەنــاو دڵــی خۆمــا مــردم

پیــری هێنــده خــراپ داپۆشــیوه بیــرم
یــادی جــاران بە ئاســتەم دێــتەوه بیــرم
له زارم هەنــدێ ووشــه وا دێــن و دەچــن
نیشــــانی دەدا، کە ڕۆژگــــارێکه پیــــرم

پیــری ئــاگرێکە، بەربــۆته گشــت گیــانم
ووشــکی کــرد لــێم، درەختــی ســەوزی ژیــانم
ئەوســا ئــاوێتەی شــایی و شــادی بــوو دڵــم
ئێســـتاکە تێکەڵـــی فرمێســـك و گریـــانم

سەرم کاسە و هیچم نایەتەوە بیری
گرتوومە توند، کونجی تاری گۆشەگیری
هەڵوەری گەڵا و گوڵی بەهاری لاویم
بوومە گەڵای وەریوی پایزی پیری

هەڵوەری گوڵی جوانی نێو ڕووخساری من
لە گڵ تووایەوە خۆڵی ئاساری من
گیانم چۆلەکەبوو، لە قەفەسی سینەم
لەپڕدا نیشت و هەڵفڕی پاساری من

خەوم بینی، کە پیرم دارنی لە شێوەم
ڕەش دەچوو سەری پڕ لە بەفرو کرێوەم
بە ئاگری دڵ، بەفری پیریم توانەوە
کە هەلسام گەنجی خۆم دی لە نێو چوارچێوەم

نێو شکۆفەی سـووربوو، خـونچە گـوڵی جـوانیم
لەگەڵ پەپــولەی ئەوینـــدابووم تـــا تـــوانیم
گـــۆڕی خـــۆم بینـــی لەنێـــو ئەم هەمـــوو هـــێڵە
کە لەنێـــو ڕووخســـاری پیـــری خـــۆم ڕوانـــیم

گیـــانی خســـتە بەدەنـــم، خـــوا ژینـــی پێـــدام
تەمەن کـــورتە ڕێـــیە، مـــن لە نیـــوەی ڕێـــدام
دەست لەسەر دڵ دەژیم، ئەوەندەی کە ماومە
گومـــانە گشـــت چـــرکەی ئەو ژیـــنەی وا تێـــدام

کە منـــداڵ بـــووم گریـــام، گەورەبـــم تـــا زووە
ئێســـــتاش گەورەم و منداڵیشــــــم چــــــووە
ئەوکـــات حەسرەتـــی گەورەبـــوون لە دڵمابـــوو
ئێســـتاکەش دڵـــم بـــۆ منـــداڵیم تەنـــگ بـــووە

پیـــری سەرشـــێتانە دێ و گەنجـــیم ڕاو دەکـــا
گـــوڵی جـــوانیم، لەنێـــو دەســـتی هەتـــاو دەکـــا
لـــێم نـــابێتەوە، وەك ســـێبەر بە شـــوێنمەوە
تـــا چـــاوێلکەی ڕەشـــی مەرگـــم لە چـــاو دەکـــا

درکـــێ، ســـوورە گـــوڵی لاویمـــی بەبـــادا
هەواڵـــی مەرگمـــی بە گـــوێچکەی ســـەبادا
سـیمای خـۆم حەشـاردا لەنێـو بەرگـی گەنجـی
گـــوتم: پیـــری نەوەك بمناســـێ، نەبـــادا

کـــۆڵێ پووشـــە تەمەنـــم بەدەم بـــاتەوە
مـــردن تـــۆ لـــێم دەبەی، دونیـــا دەمـــداتەوە
چیرۆکێکـــی چەنـــدە کـــورت و جەرگبـــڕە
ژیـــان دەهێنێـــت و مەرگ دەمبـــاتەوە

پیـــری  ژەهـــرێ بـــوو ڕژایە نـــاو گیـــانمەوە
شـــادی لـــێ بـــردم، نووســـا بە گریـــانمەوە
چەشـنی پـایزێکی دڵ ڕەق هـات بەسـەرما و
ســـەوزایی نەهێشـــــت، بە داری ژیـــانمەوە

پیربـــووم و هەســـتی جـــارانم هەر نەمـــاوە
دڵـــم ناســـك بـــۆتەوەو پشـــتم چەمـــاوە
بە كـــزەی ئاوازێـــك دڵـــم دێـــتەوە كـــوڵ
تەنیـــا خەمە، ئەوەی لە دڵـــم كە مـــاوە

بەهـــاری جـــوانیم، ڕەنگـــی چـــاو وبرۆدەكـــا
لە پـــــایزی پیـــــری وادە و گرۆدەكـــــا
نـــاگەمە پیـل پیـــری، پەكـــم دەخـــا مـــردن
گیـــاو گوڵەگیـــا لەســـەر ســـینگم چرۆدەكـــا

وەك گــورزی بانــان بەســەرما زەمەن ڕۆیــی
بەپەلە و هێنــدە زوو، قــافڵەی تەمەن ڕۆیــی
دۆســتان شــینیان گێــڕا، گــوتم: شــایی بەســتن
لە بــاوەش حــۆریم، مەڵــێن: ڕەبەن ڕۆیــی

پیربــووم و خــورپەم خــۆ ئــاوازی دڵ نــاگرێ
لێــوم بــاری خەنــدەو خۆشــی هەڵنــاگرێ
درەختــی تەمەنــم، زەردو ووشــك بــووە
تــازە بەم درەنــگەوە، گەڵا و گــوڵ نــاگرێ

بەیــانیم وەك كەفــی ڕووبــارێكی لــێڵە
نــازانم كــامە خــاك بــۆم ســەرین و كــێلە
چەندین چاوی پڕ لە خۆزگە، هــات و وون بــوو
بــێ ســوودە بڵــێم: توخــودا جــێم مەهــێڵە

تەمەنم تاوێکە و خۆ بە هیچ ڕاناگەم
مردن وەیشومەیە و لە ڕەشەبا ناگەم
ژین تۆپەڵە بەفری بەر هەتاوی کاتە
مردن کە تیشکیدا، بە پیل سەبا ناگەم

تەمەنم لە بەفری بەر هەتاوێك دەچێ
کە خۆری مەرگ هات، هەر بە تاوێك دەچێ
مردن گەشتێکە و ناوی گشتمان نووسراوە
لەم گەشتە هەر یەك، بۆ خۆی بەناوێك دەچێ

دوێنێ کە زارۆ بووم، بۆ پولێ چەند گریام
تا فریشتەی باڵ سپی، هاتن بە فریام
ئێستاکەش من خۆزگەی ئەو دەمە دەخوازم
بەڵام یەك سەنت ناکا، سەدان خۆزگە و بریام

دڵتەڕ دەمێنم دوێنێ گوتم: بەژنم
باڵام سنەوبەر، مۆمی تۆ ڕۆژی جەژنم
داخەکەم ئەمڕۆ پشتی لاویم چەماوەو
بازنەوکەوانی دەسکی گۆپاڵە بەژنم

دوو ڕۆژێکە دونیا، وەك ڕێبوارێ دەڕۆم
کەچی ئێستاش وا لەگەڵ خۆما سەرەڕۆم
کە بەرگی ئەم تەمەنە، هێند کورتوکەم بێ
بۆ خەمباری دونیام، لەگژ پینەوپەڕۆم

شەوی سێزدەم

# خودا یاربێ، کەوان و تیرم بۆچییە

گەر وابەســـــتەی تـــۆبم ژیـــنم تـــۆز و گەردە
ئەهریمەنـــی بەدخـــوو، ئەڵـــقەی زیکـــرم بەردە
کە مــن کــارم بەدبــێ، چــاکەت بــۆ مــن کــوانێ
تــۆ خــۆت ژەهــری تــاڵی بــۆ ئەم ئــاهودەردە

بە ئـــــاگری تـــــاوان، ئەو دڵەم کە ســــــووتا
ئەهـــــریمەن زاری مـــــن چ بێـــژێ لە ڕووتـــا
تـــۆ هەر تەنهـــا جـــارێ ئـــارام بـــانگتکردم
تـــاکو دەمـــی مـــردن، مـــن هـــاتم بەدووتـــا

کەمە ئەو بەرهەمەی بـــۆ خـــوا لە دەســـتم بـــوو
بـــۆ بەدکـــاری چـــاکە ڕەمـــزی هەڵبەســـتم بـــوو
وەلـــێ وای بـــۆ مـــن، کە لەم لایە نزاخـــوێن
لەگەڵ ئەهـــــریمەن لەولا گرێبەســـــتم بـــــوو

منی چەق بەستووی ڕاست، لەپێش دوو ڕێی سەردەم
پشـــتم کێـــوی بەفـــر، تیشـــکی گەرمە بەردەم
دوور لەم دوو ڕێـــیە، مـــن یەك ڕێـــم دەوێ، بـــۆیە
لەگەڵ ئەهـــــریمەن و هەوا شـــــەڕمە هەردەم

دەســـــتەوئەژنۆ مـــــاوم دێـــــمەوە دەم نـــــادەم
پەردەی پەشـــــــیمانی لە ئادگـــــــارم لادەم
مـــــۆمێکی خنکـــــاوی تاریکـــــایی شـــــەوم
نـــــازانم چـــــۆن ســـــەری ڕق و کیـــــنەم بـــــادەم

هەگـــــبەکەم بەتـــــاڵە هـــــیچە ئەوەی لەلام
بـــــوومە بەردەبـــــازی ڕێ تـــــاوان و بەڵام
گەر خـــۆت نەبەخشـــی پـــێم، تۆزقـــاڵی بەزەییـــت
بـــۆ پرســـیاری ســـبەی لەکـــوێ بێـــنم وەڵام

کێلــی گــۆڕ بــۆ خــورپەی دڵ گەڵــێ ســاماناکا
کــێ ژانــی هەناســەی کۆتــا ژیــن تاماناکــا
مەزاری مــــردووان، پەنــــدی بەر دیــــدەمە
ســـەرەڕۆیی هەوەس، خــۆ ســاتێ چاماناکــا

باڵنــدەی خەیــاڵم تــا دێ هەر گەشــت دەکــا
بــۆ کەیــف و ســەفای، ڕوو لە دەرودەشــت دەکــا
نــــوقمی پێکەنــــین و شــــیلاوی دنیــــایە
کەچــی هێشــتا داوای نــوقڵی بەهەشــت دەکــا

کڵــــــپەی ژانە حەزم، داوای هەوەس دەکــــــا
لە گیــــانم نــــازانم کەی ئەمە بەس دەکــــا
دەمــــی لە شــــیلەیە، کە تــــاڵی دەچێــــژێ
بە گریــــانەوە داوای فریــــادڕەس دەکــــا

شادی بولبولی ڕووم لەدوا نەفەس دایە
کۆشکی دڵم لەژێر چنگی هەوەس دایە
مەلی خەندە لەسەر لێوم ناجریوێنێ
گیانم لە تاریکی جەستەی قەفەس دایە

چاوم کوێربێ ئەگەر لەگەڵ ڕەوا نەبم
خۆشی ئێرەم چی لەم دونیا کەوا نەبم
سووتەمەنیم من لەگەڵ بەرد و خەڵووزدا
دەستبەرداری دەستی نەفس و هەوا نەبم

من کە دەڵێم: دڕکی حەز لە دڵ با دەربێ
نەوەك شیلەی شادی، ژەهری پڕ کەسەربێ
هەر دڵێ کە غەرقی حەزی نێو دونیابوو
گوناهبارە ئەو خۆی کە هەرچی بەسەربێ

لەڕووت شەفەقیدا سەر ترۆپکی جوانی
مەست کەی ناخ و دڵی دونیا بە میوانی
دارێکی بێ بەرە، بەڕێی پاکا نەچووی
تیرێکی شکاوی دوور لەنێو کەوانی

ئەشکی سوێری خوایی، شانەکەی هەنگوینە
درەختی تفت و تاڵ، بەرەکەی شیرینە
ئەوەی گوڵێکی چاند لەسەر خاکی دونیا
لەو دونیا خەریکی بەرووبووم ڕەنینە

هەر لەحەزەییێکە، هەوەس ژان بەدوادێنێ
شادی دڵ و سەر ڕوو، هەر بەبن دادێنێ
لە دونیا شادە، ئەوەی دوور لە ئەهریمەن
دەستی نزا تەنیا، بەس بۆ خودا دێنێ

ئەهـــریمەن دێ و لە دڵـــمان کیـــنە چێـــدەکا
شانبەشـــان لە ڕێـــگە، لەگەڵـــمان ڕێـــدەکا
بەدوای قـــومێ ئـــاوی ســـەرابی ئـــارەزوو
کـــانی و دەریـــای قـــووڵی دونیامـــان پێـــدەکا

هەر کەس مەیلـــی لەلای ئەهریمەنـــی ســـووره
لەنێـــو دنیـــا دوور لە زیکـــر و خـــانەی نـــووره
گیـــانی لەنێـــو جەســـتەی مـــردوو دەخـــولێتەوە
هەمیشـــە نـــوقمی غەمێکـــی بـــێ ســـنووره

ســـبەی خـــودا کە گشـــت پەنهانیـــت دەردەخـــا
دەڵێـــــی: گەردی تـــــاوان تەرازوو ســـــەردەخا
تیـــر دەرچـــوو لە کەوان، خـــۆ نـــاگەڕێتەوە
ئەوەی ژینـــــی تـــــاڵبوو، لەم تـــــاڵتر ڕادەخـــــا

لەنێـــو حەزی دونیـــا گەر ئـــاوێتەی چێژبـــی
لەگەڵ خەونـــی پـــووچەڵ لەنێـــو وتـــوێژبی
لەحـــزەێیکە ژیـــان، دێـــت و دەبـــڕێتەوە
مەرجە گـــۆڕی تـــارت ســـەرتاپا گـــوڵڕێژبی

قەتـــرەی نـــوورت دەڕژێ تـــا شـــەو مننەوەرکـــا
سروشـــتێکی نـــوێ، بە بەرگـــی بوونەوەرکـــا
ئەی فریشـــتەی بـــاڵ ســـوك، ئـــێمە لەم گۆشـــەداین
بـــارانی نـــووری خـــۆی بـــا، بەم بنەوەرکـــا

خـــودا تـــۆ لە دەســـتی دوو ڕووان دەرمـــکە
ئەو دڵەم بە زیکـــر و یـــادی خـــۆت نەرمـــکە
لەم بێســـــەرو وبەری درۆ لەســـــەرانە
تـــاجی ئـــاڵتوونی ڕاســـتبێژی لەســـەرمکە

دەبێ شیفا کەی بێ، تا دڵ چلێنەکەم
ڕۆشنکا بۆم لێڵایی نێو گلێنەکەم
هەڵنەفڕێنم هەنگی چاوم بۆ شیلەی دڵ
بەڵێن، وەك گوڵ بیپارێزم بەڵێنەکەم

لە سەحرای تاوان جەستەم ون و بێنەخشە
لەم چۆڵییە هاوارم بڵاو و پەخشە
بۆ هەمیشە دەگەڕێمەوە خانەی نوور
بەس خودا تۆ بە میهری خۆت من ببەخشە

فریادڕەسێ سا خوا ڕەوشەنکا تەوێڵم
بەدوای عەشقی تۆوە وەك دێوانە وێڵم
شەکەت بووم، هێندە باسی دونیایان کرد بۆم
گەڕەکمە بۆ هەمیشە دونیا جێبێڵم

شەو کە لەژێر تیشکی نوورت خەڵوەتکێشبم
ترسم نییە بۆ نێو تاریکی پەلکێشبم
دەبێ دڵ سەر و پرچی بڕنێتەوە
ئەو شەوەی لە نوورت هەر کە من سەرکێشبم

لایێ پەڕی کۆترە باریکەی سڵاوم
لەملاش، من هەڵوەدای بابردووی کڵاوم
پەڕوباڵی دوودڵیم بکە، خوداگیان
لە چاڵی هەر کارێ سەدجار تیا گڵاوم

بیلەی چاوەکانم هەریەك لەلایێ بوو
خۆ هەر یەکێ بۆ من داوی بەڵایێ بوو
بۆ غەیری تۆ گەر چاوگێڕبووم لە دنیادا
بۆم سەرچاوەی قووڵی بەزم و هەڵایێ بوو

نابەدڵیم وایە دژی سەرکێشانم
من بۆ سەرەڕۆیی دونیا پەرێشانم
ئەو دەمە ئارامی سەرتاپام دادەگرێ
دەوەرێ گوناهێ بە ژان و ئێشانم

نابێ ساتێ چاکە بۆ تۆ ئاکارم بێ
با خزمەتگوزاریی هەردەم شاکارم بێ
چیمە لەم دنیایە، کە ڕۆژێکە و دەڕوا
بەڵکو لەو دنیادا چاکە هاوکارم بێ

لێمگەڕێ با ئەمشەو دوور لە ڕێی سزابم
با لە دونیا دەرچم، ئاوێتەی نزابم
خەڵاتی فیردەوسی ڕۆژی ڕوون و گەشبێ
ئاخر بە بەهەشتی دونیا چۆن ڕەزابم

ئەم دڵەم دوودڵە، هەردەم لە ســــــــــــەردانە
ســــەرێ لێـــــرە، یەکـــێ لەوێ ســــەرگەردانە
بێکــــــۆتە ئەو دڵەم داڵـــــــدەی حەزان دەدا
وەك خۆشـــبەزی بـــێخەو لەگــژ خەمـــدەردانە

دەچـــۆڕێ وا ئەشـــکی دیــــدەی پەشــیمانیم
دیـــارە ئێســـتا ڕوو لە تەوژمــــی ســــەرمانیم
ڕێـــکە کـــاری تـــۆ خـــڕ لەنێـــو ئەم دونیـــایە
نزیکــــی خـــۆر تـــۆزێ، ســـوتام لە گەرمـــانیم

هـــاتوچۆی ڕۆژ و شـــەو، بـــێ نـــوورت ئەســـتەمە
یـــادی شـــکۆت زرێـــی پـــۆڵای ســـەر جەســـتەمە
لەکـــــوێبم بـــۆ خەوی شــــیرینی بنیـــادەم
فەرمـــوودەی کارچاکـــت، لەنێـــو ئەم دەســـتەمە

پــــڕ نــــووره دەورم هەردەمــــێ لە زیکــــرابم
بــــۆ نەرمە بــــانگی تــــۆ، دەبــــێ لە هیکــــڕابم
بــــۆ چــــاکەی نێــــوانی بەنــــدەکانە دونیــــا
شــــەرتە بــــۆ دیــــدارت، هەردەم لە فیکــــرابم

لە زینــــدانی پــــێخەف، خەونــــی پەرتــــوبڵاو
لێوەکــــانم بێــــدەنگ لە ســــەمفۆنیای ســــڵاو
وەك مەلێکــــی تێنــــوو، لەنێــــو وشــــکایی شــــەو
دەرچــــووم بــــۆ کڕنۆشــــێ، لەژێــــر عەتــــر و گــــوڵاو

ئەم حــــاڵە بــــێ حــــاڵم، دەبــــێ چــــۆن ژیــــابم
کەمە بــــۆ غەفــــڵەت تــــا ئێســــتاش هەر گریــــابم
گەر شــــەپۆڵی تــــاوان گەرووی مــــن تەڕنەکــــا
حەقە لەگەڵ ئەشــــکم تێکەڵــــی دەریــــابم

هەرگیـــز نەمـــدەزانی ئـــارەزووم تـــاڵاوە
وەکـــو مـــاری دووســـەر لە جەســـتەم ئـــاڵاوە
گەر مـــن نەبەم کڕنۆشـــی بـــۆ گەورەیـــی تـــۆ
ســـــووتەمەنی نـــــارم، بە بەژن و بـــــاڵاوە

پەنـــا بـــۆ تـــۆ دێـــنم بەم درەنـــگەوە هـــاتووم
هەگـــبەکەم بەتـــاڵە، تـــاریکە داهـــاتووم
وەکـــو هەورێ دەگـــریم، تـــا تەڕبـــێ بەرۆکـــم
لەگەڵ ئەشـــکی گریـــان دەمـــێکە ڕاهـــاتووم

بەســـــۆزترین پەنـــای، تـــاکە فریادڕەســـــی
لە بیابـــانی وشـــکی تەنیـــایی و بێکەســـــی
لەم تاریکســـــتانە دڵـــم هـــیچ نـــابینێ
نـــووری تـــۆم دەوێ مـــن، هەر تـــۆم تەنیـــا بەســـی

هەورێکـــــی دڵپـــــڕم، دادەبــــارێ ئەشـــکم
دەڵـــێم پەروەردگـــار خۆشـــبێ لە مـــن بەشـــکم
خەتـــای مـــن زۆرە، بەزەیـــی تـــۆ ســـەد هێنـــدە
نــــازانم بـــۆ هێنــــدە بە گومــــان و شـــــکم

یـــار چاوســـاغی ڕێـــم بـــێ تەکبیـــرم بـــۆچییە
فیردەوســـم هەبـــێ دونیــــای پیـــرم بـــۆچییە
بـــا دڵ نـــوقتەی تیـــری دەســـت دوژمنـــانم بـــێ
خـــــودا یــــاربێ، کەوان و تیـــــرم بـــــۆچییە

جامـــــانەی ســــەری ئەم ســــەفەرەم بابەســـــتم
لەنێـــو جـــێگەی جـــێمان بـــۆ شـــاڵی تـــۆ هەســـتم
دونیــــا کە پێچــــی مێـــــزەرە، بــــا لە ڕووگەت
داو لە مـــــل، چـــــاو بە کـــــل، نـــــوێژێ دابەســــــتم

پێنووسی گوناه، پەڕی کاری ڕەشکردم
پشکۆی گریان و غەمی زێتر گەشکردم
بۆ عەشقێکی لێڵی پڕ زێرووی دوودڵی
مرواری نێو دەریای ئەوینی بەشکردم

یاد و زیکری تۆ، وەکو ئاوە بۆ ماسی
ماسی بێ ئاوی دەریا کوانێ پێناسی
هەرکەسێ دڵپاکی تۆ نەبوو لە دونیا
کوانێ ئاسەواری، سڕا نەما باسی

شەوی چواردەم

# میوەی بەهەشت



بولبــــولم دەخـــوێنم، کەس نـــاڵێ لەکـــن چـــی
کە تەم بـــوو ژێـــر ئاســـمان، فـــڕینم بەبـــن چـــی
کە دڕکــــــی دۆزەخ چەقیبـــــێ لە ســـــەر بـــــاڵم
بەهەشـــتی پـــڕ گـــوڵی نێـــو دونیـــا بە مـــن چـــی

هەرچـــی کە جـــوانی بـــوو، لە هەگـــبەی دڵـــم نـــا
بەرەو باوەشـــــتی گەرمـــــی شـــــادی ملـــــم نـــــا
گـــوتی: شـــیرینیت چەشـــت، ژەهـــری دۆزەخ بـــبە
ڕاپەڕیـــــم لە خەو، هـــــــاوارمکرد گـــــوڵم نـــــا

کەی دەبــــێ بـــــاری غەم لە شـــــانم داگـــــری
پێیگـــوتم: پەیـــمان بـــێ ئیـــدی بـــۆم نـــاگری
گـــوتم: ئەی دڵ دونیـــا بـــۆ تـــۆ تـــارو تەنگبـــێ
بەرگەی ســـــــووتانی ئەو دونیـــــا هەر نـــــاگری

هەر خەمە دێ و لە نێـــو دڵـــم ســــەردەردەکا
شـــا بـــاڵی نەرمـــی خەوەکەم پەڕپەڕدەکـــا
مـــن نـــازانم لاشـــەکەم، ئاوریشـــمی بەهەشـــت
یـــا بەرگـــی گەرمـــی ئـــاگرین لەبەردەکـــا

مـــــرۆ هەن لە دۆزەخ خەڵـــــۆزی ئـــــاگرن
ئـــاخر لەنێـــو گـــڕی دەبـــێ چـــۆن خـــۆڕاگرن
دەرفەتە تـــــا دەرگەی ئومێـــــد کـــــراوەیە
بـــاری دونیـــا لەســـەر شـــانی خۆیـــان داگـــرن

بەســـەر پـــردی هیـــوا، دڵـــم بە کـــوڵ گریـــا
دۆزەخـــی ســـوورم دی، مـــردن هـــات لەبنیـــا
پڕووشـــکەی ئـــاگر هـــات، وەك ئـــاو بمخـــواتەوە
مـــن تـــازە زانـــیم، هەر خەونـــێ بـــوو دونیـــا

تێرنـــابێ چـــاو و دڵ، هـــزریش هەر ناپرســـی
کە بـــۆچێژی میـــوەی کـــاڵ بـــۆچی وا برســـی
هەر پەیـــژەی گەشـــتێکە ئەی دڵ ئەم دنیـــایە
لە گەرووی ئـــاگری تفـــت و تـــاڵ ناترســـی

ژێـــر گـــۆڕی تـــار، ڕوونە بـــاغی نێـــو بەهەشـــتە
دەمزانـــی دنیامـــان، پەیـــژە بـــۆ ئەم گەشـــتە
لەم دنیـــایە دیـــارە، دوانـــامەی ئەو دنیـــام
کە لەوێ ناســـنامەی بەهەشـــتم لە مشـــتە

وەك پـــووش و پەڵاشـــێ لە پەرێـــزی دەشـــتدام
چەشـــنی ڕێبـــوارێکی شـــەکەت لەنێـــو گەشـــتدام
گەرچـــی ئەژدەهـــا گەمـــاڕۆی داوم ئەمـــڕۆ
ســـبەی لەنێـــو نـــازی نەبـــڕاوەی بەهەشـــتدام

لەوێ بینـــــیم لە تەك پەریـــــان بـــــاوم دێ
چـــۆن بەم ڕووزەردیـــیە بەڕوویـــان چـــاوم دێ
بەهەشـــتیان خـــۆ بە دۆزەخـــی دڵ ئاشـــنانین
کـــێ دەڵـــێ لە دەمـــی حۆریـــان نـــاوم دێ

لاشـــــــەم بەرگەی ئەو ڕۆژە گەرمە نـــــــاگرێ
خەریـــکە ئـــارەقەی دونیـــا لە ڕوو داگـــرێ
ئەی چـــۆن ناترســـی ســـبەینێ لەو دونیـــادا
کە دڵ ئـــــاوێتە بـــــێ بە ڕەژووی ئـــــاگرێ

هەن بەهەشـت و ئـاگر، چـۆن خـۆم لەخشـتەبەم
دڵ دەڵـــێ: چـــۆن کلیلـــی ئەم بەهەشـــتە بەم
لە چوارلامـــــانەوە دۆزەخ ســـــەر دەربکـــــا
چیـــیە فیردەوســـی پـــڕ گـــوڵی ئەو گەشـــتە بەم

بریـــا و خـــۆزگەی دنیـــا دەبـــنە پووشـــی بەر بـــا
ڕووتە ئەوەی دوێنـــــێ ئاوریشـــــمی لەبەر بـــــا
چـــۆن لەبنـــی دۆزەخ هەڵدەســـتا شـــیوەنیان
گەر لە تـــاریکی باوەڕیـــان تـــاجی ســـەر بـــا

ناگـــا بە میـــوەی بەهەشـــت ئەم لێـــوە ســـوورە
کە تـــۆراوی وێـــرد و خەڵوەتخـــانەی نـــوورە
دەمـــێ بـــۆ دەمـــی بەهەشـــت دەم نەکـــاتەوە
وەك قەتـــرە ئـــاوێ لە جەرگـــی دەریـــا دوورە

چـــارۆگەی مردنـــت جوڵانـــدی بـــای کەشـــتی
نـــازانی دۆزەخیـــی یـــا بەرەو بەهەشـــتی
پێـــنج و دوو ڕۆژێـــکە ســـەفەری ئەم گەشـــتە
لەنێـو دەریـای مـردن خەریـك حەفـت و هەشـتی

فریشتان بۆ کڕنـۆش چـوون ئـێمه پـێ گەش بـووین
کەچی بە چوونە جەننەت دەست و پێ ڕەش بووین
بە لەتە ســـێوێك، لە شـــەڕابی هەنگـــوین و
چـاوی کـاڵ و ئـاڵی حۆریـان بێـبەش بـووین

لەبـانی فیردەوسـین، یـا سـووتی ئاتەشـین
لەو دونیـا، کە بەسـەر دوو پـۆلان دابەشـین
ئەوەی شـایی دابەسـت لەگەڵ ئەهریمەنـدا
پـول و پـارەی شـادی تەمەنـی، دا بە شـین

زەنگینـیم لەوەیە بـۆ تـۆ لە خەڵـوەت بـم
نەوەك حەسرەتکێشـی سـامان و سـەروەت بـم
دونیـا تـۆ سـەدانی وەك مـن، کە جێبێڵـی
چـۆن تـۆ شـەم و منـیش پەروانەی دەورەت بـم

لە دەرگەی دونیامـــــدا بە گریـــــان و گـــــاگۆڵ
پــڕ بە بــاوەش خــۆی زەوی منـــی گــرتە کــۆڵ
بێژەنگـــی مەرگ پــێم دەڵـــێ: مەگــری ئیــدی
نــۆرەت دێ و هەر دەبیــتەوە بە چنگــێ خــۆڵ

سـێ بەشـی شـەو ڕابـرد، بەشـێ مـاوە تەنیـا
گەش دەچـێ نیگـای مانـگ، ئەمشـەو لەخەنیـا
مـــن لەســـەر ترۆپکـــی ئـــارامی کڕنۆشـــی
دەوریشـــم لە تڵـــپەی بنـــی خەوی دنیـــا

گفـــتم پێتـــدا غەمخـــۆری ئەم ئەویـــنەبم
وەك دونیـــای غەریبـــان لەنێـــو ئەم ژیـــنەبم
کە هـــات دەســـتی ماڵئـــاوایی بـــۆ دڵ ڕەقـــیم
چـــۆن ئـــاوێتەی نێـــو گەرمـــی ئەم ئەسریـــنەبم

دنیـــا ڕوون و ڕەوشـــەن، تـــاوێ لەڕوونـــی مـــن
نەگبەتیشـــــی بەنـــــدە هەر بەزەبـــوونی مـــــن
دنیـــا شـــیرینە خـــۆی، گەر تـــاوێ تـــاڵ دەرچـــوو
پەیوەســـتە بە بیـــری پیســـی دەروونـــی مـــن

ئەم ڕۆژی دنیـــــایەم هەر شــــــەوی یەڵـــــدایە
لەتـــــاوی ئەم دڵەم خـــــوی بەدی هەڵـــــدایە
دواکەوتـــم بـــۆ دونیـــا، ئەگەرچـــی دەمزانـــی
هەڵاتنــــــی نــــووری شـــــادی لەدڵـــــدایە

ئەی دونیـــــا، تــــاقیگەی ئەزمـــــوونی بنیـــادەم
کـــــورتەڕۆژی تەمەن، یەکجــــارە ئەم یـــــادەم
ســـــبەی لەگەڵ بەرد و ئاســـــن مـــــن خەڵـــوزم
ئەمـــڕۆ کەچـــی ســـەنتی ئاســـن بە کەس نـــادەم

لێکـــدانەوەی پـــولە هەر ســـێ بەشـــی جەمـــم
لە خەویـــش بـــۆتە مـــۆتەکەی ڕەشـــی غەمـــم
دەترســـم لەو دونیـــا شـــکات کـــا پـــارە لـــێم
ببێـــــتە داخـــــکەری زاری گەشـــــی دەمـــــم

بەم ســـــاتەی کە شـــــادم، بەو دەمەی قـــــاتییە
بـــــوونم لەم دنیـــــایە ئەزمـــــوونە و کـــــاتییە
دێـــــت و دەڕوا تەمەن، وادەی مەرگـــــم نادیـــــارە
ڕەنـــــگە ئێســـــتا بڵـــێن: نـــۆرەی تـــۆش هـــاتییە

وەك هەوری گەڕۆکە خەیـــــــاڵی سەرکەشـــــــم
دەبـــارێنێ ئەسریـــن بەســـەر چـــاوی گەشـــم
بە گـــــریەوە هـــــاتم، بە گریـــانیش دەمـــبەن
خـــودا لەو دنیـــادا، دەبـــێ چیبـــێ بەشـــم

ســـاڵەهای ســـاڵان بـــوو بەدەم چـــاوەڕوانی
لە ســێ گۆشـــەی بەخـــتم مەســـتانە دەمڕوانـــی
بـــۆ خۆشـــبەختی دونیـــا، کەچـــی هەر نەگەیـــیم
تیشـــکی خـــۆر پێـــی گـــوتم: تـــۆ خـــاوەن بـــڕوا نـــی

دەکـــا دەورانـــی خـــۆی، دونیـــا گشـــت ســـەردەمێ
لەم دەورانـــی دونیـــا، میـــوان تـــۆی هەردەمـــێ
بـــێ ئاگـــا نـــازانی خـــودا ڕۆزیـــدەرە
بـــۆ پـــول ســـەردادەنێی ڕۆژی بـــۆ بەردەمـــێ

لەخشـــتدانی گەردوون هەر کـــاف و نـــوونێ بـــوو
تەمەن دەرکەوتـــن و خۆرئـــاوا بـــوونێ بـــوو
پێـــت کە نـــایە ئەو دونیـــا، ئەوســـا دەزانـــی
ژینـــی ئەم دونیـــایە بەس هـــات و چـــوونێ بـــوو

لەڕێـــی دونیـــا کەوتـــیە چـــاڵی چەوتـــی ڕۆیـــی
لەگەڵ قـــافڵە چـــاوت لێکنـــا خەوتـــی ڕۆیـــی
دونیـــــا ڕاکــــــردنە بەرەو مــــــاڵی کۆتـــــا
لەم ڕاکـــــردنە گەر یەکجـــار کەوتـــی ڕۆیـــی

گەر ئەویـــــن لە دڵ بـــوو ، هەمیشــــە دڵشــــادە
لە نێـــــو خەیـــاڵی شـــیرینی پێـــك و بـــادە
کە لە دڵ دەرچـــوو ئەویـــن، دیلـــی خەم دەبـــێ
لە دونیــــــا بە تەنــــــێ غەم ئەوی لە یــــادە

ئەوەی دوێنـــــێکە دیــــدەی لە دونیـــــا ونبــــوو
پێـسـتێك و دوو ئێسـقان، هەروەکـو تـۆ و مـن بـوو
هەر گەلـێ دوێنـێ بـێ فەرمـانی خـودای کـرد
تەخـت و تـاج و شـکۆی یەکجـێ سـەراوبن بـوو

ئەم دونیـــایە کە جێـــی بیـــری ئەهـــریمەنە
لەبەردەم مەســـتاندا دڕکـــی یەك دیـــمەنە
عاشـــقی پەیوەســـت بە حەق لە دڵـــی وایە
گەشـــتی نێـــو گـــوڵزار و بـــاغی پـــڕ چـــیمەنە

ئەوەی دونیاویســـتە ڕوو لە خـــودا نیـــیە
ڕوو لە ڕووی غەمە، عەشـــقی لەڕوودا نیـــیە
بـــۆچی تـــۆ لە دونیـــا لە خەیـــاڵ و خەو دای
کە مەرگ و خەو هیچیـــان لە یەك جـــودا نیـــیە

کـــارکە وا بـــۆ دونیـــا تـــا ســـەر هەر لە دونیـــای
پـــول لەبـــن بـــاغەڵتە و ئەتـــۆش وا لەکنیـــای
واش ڕوو لە چـــاکەبە مـــردن ســـبەینێ دێ
خـــاك و خـــۆڵ لەســـەرتە و ئەتـــۆش وا لەبنیـــای

گەرچـــی وا شـــەکەتی هـــاتۆتە ژێـــر پـــیلم
وەریـــــوە پەلوپـــۆی تەمەنـــــی نەشـــــمیلم
بەڵام شـــادە گیـــانم، لەنێـــو جەســـتەی دونیـــا
بەدوای عەشـــقێکی پـــاکەوە، کە مـــن دیلـــم

مەچـــۆ ژێـــر بـــاری دڵ، هەر ئـــاوەز پەنـــایە
کانیـــاوی ئـــارەزووی دڵ قەت لەبـــن نـــایە
تەمەن هێنـــدە نـــاهێنێ، ڕاکشـــێی بـــۆ خەم
چاوتروکـــــانێکە ژینـــــــی ئەم دونیـــــایە

ســبەی کە چــوومە گــۆڕ دەڵــێم: بــۆ کــێ کــردم
چەوتـــی چ تێشـــوێك بـــوو، مـــن بـــۆ ڕێ بـــردم
چـــی کـــردم بـــۆ دنیـــا خـــۆ بە فریـــام ناگـــا
ســـبەی بـــێ چـــاکەیەك، کە مـــن لە جـــێ مـــردم

دونیـــا ئەوە نیـــیە مـــاڵی تـــا هەتـــابێ
نـــزیکە مەرگـــی تـــۆ، ڕۆژ و شـــەو کەتـــابێ
وەیـــل و وا وەیـــلا بـــۆ ژینـــی ئەو بەنـــدەی، کە
ســـەرتاپا تەمەنـــی هەر لەنێـــو خەتـــابێ

وا دەزانـــی کۆتـــاپێ دێ دونیـــا دەمـــی
کە مەرگـــت کۆتـــایە بـــۆ تـــۆی دەم نـــا دەمـــی
دونیـــا وەك خـــۆیەتی لە مـــان و نەمانـــت
بیـــرت چـــووە، کە تـــۆ تەنیـــا بنیـــادەمی

مەخەرە سەرشـــانت غەمـــی ئەم دونیـــایە
لە ژینـــی ســـبەی خـــۆی چ کەســـێ دڵنیـــایە
ئەمـــڕۆ بەڕێـــکە، کـــێ نـــاڵێ ســـبەینێ تـــۆ
گیانـــت لەنێـــو گـــۆڕدا، بەتـــاقی تەنیـــایە

بە چــــاوی گەشـــــی دڵ لە دونیــــا ڕامێنـــــێ
خـــــوێنی مەرگ لەســــەرەوە بـــــۆ دامێنـــــێ
بە شــــوێن پەپــــولەی ئومێــــد مەکەوە هێنـــدە
ڕۆژێ ئەم دونیـــــایە تۆزیشـــــــی نــــامێنێ

ئەگەر ئێســـــتا مـــــن خـــــۆڵی زەوی بەبــــاکەم
بێشـــکە ســـبەینێ خـــۆم تـــۆزی ئەم خـــاکەم
کە هەر چـــــاکەی دونیـــــا لەوێ فریــــامکەوێ
نـــازانم بێئاگـــــا، مـــــن بـــــۆ دوور لە چـــاکەم

## شەوی پازدەم

# مەلی خەیاڵ

ئەمشـەو ڕەوە دێوێـك دێـن و ڕێـم لێـدەگرن
مـن گــوڵ و ئەوانــیش گــابەردم تێـــدەگرن
دەکەونە بـــن پـــێما، کە دەبیــــنن مـــنم
تــا چاوبڕبکــا هەڵــدێن و دوور ڕێ دەگــرن

درکــــی زەرگ هەڵکــێش گـــوڵی لە باوەشــــە
بــۆیە بولبــولی مەســت، نەیــژەن و چاوەشــە
شـــاگوڵ فەرمانیـــدا، بەرگـــی پـــاییز پۆشـــن
درکـــێ لەو چـــاوەبێ، ژانـــی ئەم چاوەشـــە

نێــو دەمــی گــوڵی گــرت و تونــد مــژی لێــدا
تـــا لە لێـــوی خـــوێنی ئـــاڵی ڕژی پێـــدا
لەسەر گوڵ کە فـڕی شـاهەنگ، بولبـول گـوتی:
هەر بــاغە گــۆڕت، سەدســاڵیش بــژی تێــدا

بولبـــول کەوا شـــاهی گـــوڵزاری گـــوڵانە
عەشـــقی پەپـــولەیە و ئـــاوێنەی دڵانە
گەر دڵـی گەش نەبـوو وەك خونـاوکەی بەهـار
ئەودەم کرمـــی گەڵاکـــوژی ســـەرچڵانە

ئەو دارە بـــێ پەلـــکەی لە بـــاران تێناگـــا
وەکـــو هاوباغـــانی بەرهەمـــی پێناگـــا
گەڵاڕێـــزان چـــاوی بـــاران کە ببەســـتێ
وەك گـــوڵ بەدەمـــانی بەهـــار بەڕێ ناگـــا

بـا گـوڵ قـژی سـەری تـا دێ هەر دامـاڵێ
بـا نێـو گەرووی لەتبـێ دڕکـی تێـدائاڵێ
لە نێـو ڕەشـەبای گەڵاڕێـزان بـێ لەچـکە
بـا لە داخ مـێش و مەگەزان هەر بنـاڵێ

ڕۆژ و شەو هەروەك خۆی بێپشوو دێ و دەڕوا
خـــونچە دەبــێ بە گـــوڵ، گــوڵ دەوەرێ کە ڕوا
حەیــفە تــۆ لەم بەیــنە لە خەو دابــی هەردەم
کە خەو داتبەزێنـــێ لەســـەر لـــوتکەی بـــڕوا

دەوەرێ پەڕاوی ناســـــکی خونچەگـــــــوڵ
لە داخ دڕکـــی ڕقـــن، دەگـــری بەتـــین و کـــوڵ
گـــــوڵزاری نێـــــو بەهـــــار بە دڕك گیـــــراوە
بـــۆیە پەپـــولە بـــێ شـــوێنە لەگەڵ بولبـــول

هەوری چـــاوم پـــڕ لە گـــرمەی گـــریەو زارە
مەلەی شـــادیم پەڕەمـــووچەی ســـەر مەزارە
مـــن دەیـــڕوێنم کەچـــی ئەو دروێـــنەی دەکـــا
گیـــانی خـــۆڵ و خـــاکە، دڵـــی مـــن بە زارە

گێژیکــــردم بیــــری پێـــنج و شەشـــی دونیـــا
لەشـــکری غەم کە هـــات، مـــن ڕامکـــرد لەکنیـــا
لە مەیـدانی غەمـان تەوقـی کـرد چـواردەورەم
پشـــــتی لە زەویـــــدام، داکەوتـــــم بەبنیـــــا

دوور لە خەندەی عەشق، غەم کاری سەرکەشمە
بـــێ بـــارانی ئەویـــن، نەم بـــاری هەر بەشـــمە
پێکەنینـــی مـــردوو دێـــتە ســـەر لێـــوی دڵـــم
کـوا شـادی بەم جـۆرە، هەر بـاری سەرچەشـمە

وێـــڵ و ســـەرگەردانی تخـــوبی ڕێـــی وێڵـــم
جوتیـــارێکی شـــەکەت، خـــاکی غەم دەکـــێڵم
وەك شەمشـــەمەکوێرە شـــەو پێشـــم دەبیـــنم
پـــێش کـــۆچی شـــەو دەبـــێ تـــاریکی جێبهـــێڵم

پاییزی هەژاریی یاخەی منی دڕی
وشکەساڵی غەمی هێنا و ڕۆژی بڕی
کە زانی ئەم دارە خونچەی شادی ناگرێ
ئیدی مەلی خەندە لە لێوم هەڵفڕی

مەقەسی ژیان ویستی پەڕوباڵی کردم
بۆ دونیای تەنگی خەم و ئازاری بردم
گیان لەنێو قەفەسی سینەم ئۆقرەی نەگرت
هەر بەم حەسرەتەوە لە تەنیایی مردم

شەو تەنیاییم دەڕوێ، ئەشکی سوور دەردەکا
تۆفانی غەم دڵی تەنگم بەسەردەکا
سەری پڕ داڵغەی من، دیلی بێدەنگییە
لەم بێدەنگییە هاوارم سەر دەردەکا

بەدیـــار بـــاڵام ســـووتام، تـــا درەنگـــانی شـــەو
کەس نەهـــاتە پرســـەم، بـــۆ لـــێم تـــۆراوە خەو
خەو تلیـــاکی مەســـتی تەمەنـــی کـــورتم بـــێ
ئـــاخر چـــۆن چـــاولێکنێم، بـــزانم نـــاگەم بەو

بەمشـــــەوە، نە شـــــیعرێ دڵـــــم دەداتەوە
نە مەســـــتی خەوێ دێ، یەکجـــــێ بمبـــــاتەوە
نە تـــریفەی مـــانگی تاقـــانە بـــۆم هەڵـــدێ
نە ڕۆژ کەزی ســـــوور و زەردی دەکـــــاتەوە

جـــوانی دونیـــا مەیلـــی ئـــێمەی بەهەدادا
ئەشـــکی داینـــێ وخەنـــدەمانی بەهەوادا
دوور لە مـــاچ و مـــووچی کـــوڵمەی تەڕی یـــاران
تەنیـــا، لەم گۆشـــە تەمەنـــێکمان بەبـــادا

تـــاق و تەنیـــا وەك مـــرواری بنـــی دەریـــا
وەك بـــا لەســـەر ســـینگی ســـەحرا، دڵـــم گریـــا
دەیگـوت: بـۆ عەشـقی گـوڵ پەپـولە دێـتە بـاغ
گـــوڵیش بـــێ خەبەر، گـــوڵم نەدیبـــا بریـــا

شـــەوی دڵـــی تـــۆیە، ڕۆژیـــش کە هەڵنـــایە
بەبـێ ڕەنـج، خـۆ خـۆریش شـەوقی لەگەڵنـایە
وایە سروشـــتی ژیـــن، خـــوا پـــارووی ئـــادەمی
لەنێـــو گەرووی قـــووڵی شـــێر و چەقەڵ نـــایە

گریـام و ئەشـك و خـوێن بەسـەر سـینەم ڕژان
زار لەنێـــو دەمـــم پچـــڕا و گیـــانم هـــاتەژان
ئەو چـــۆلەکەی دوێنـــێ کەوتە تەڵەی ڕاوچـــی
لەپڕێکـــا ئیمـــڕۆ نـــاخ و دڵمـــی هەژان

نانی ئەمڕۆکەت بوو، پشتگوێخە هی سبەی
پێوان ناکرێ ئاوی دەریا بە ڕوبەی
سامانت، ئەنجامی چوون و جێهێشتنە
گرنگ بۆ ئەو دونیا لەگەڵ خۆتا چ بەی

پارە چڵکی دەستە، بۆ لەپی گشت دەستێ
ئەمڕۆ لات خەوتووە، سبەی لێت هەڵدەستێ
دەستی خۆت پاك بشۆ، بە ئاوی قەناعەت
نە، وەك قاڕوون ڕۆچی بەنێو قوڕە خەستێ

گیانی نێو بەهارێ لە ڕەگوڕیشەم بوو
قەدی ئەم درەختە، پەنای هەمیشەم بوو
پایز نەیهێشت تا دوا چڵم بالا بکەم
بۆیە کە هەڵوەرین هەمیشە پیشەمە

دڵـــی ئـــادەمێکم دەوێ دەمـــدەم نەبـــێ
لەبەردەم دەمشـــڕان کـــڕ و بێـــدەم نەبـــێ
دەمـــی دەمـــدرێژان ببەســـتێ هەر بە دەم
لەگەڵ دەمـی کەم دەم، دەمـێ هـاودەم نەبـێ

بە شـــانەی مەحـــاڵ دەبـــێ زوڵفـــت دابینـــی
پەرچەمـــت لەگەڵ بـــای دووســـەرە ڕابینـــی
بــــاو و بـــــاپیران لەمێـــــژە گوتویــــانە:
تـــا جەفـــا نەبینـــی، قەت ســـەفا نـــابینی

بـــابە، بـــا بە یـــادی تـــۆوە دڵـــم خـــۆش کەم
بـــا بە بـــادەم هەمـــوو دونیـــا فەرامـــۆش کەم
لای نیگـــارکێش گەڕام، بە وێـــنەش تـــۆم نەدی
بـــابە، بە بـــا بڵـــێ: مـــن چـــۆن یـــادی تـــۆش کەم

لەداخ زانایـــان گەڕامەوە نێـــو ئەشـــکەوت
چاوم بە تەونی جاڵۆکە و ئەسپێ و مێش کەوت
کە دەســتم خســتە دەســتی دێــو و دڕنــدە
ئەوسـا ئەندێشـەم تیـژ و ئـاوەزم پێشـکەوت

لەم کـورتە ژیـنەی خـۆم هەر لە هـیچ تێنـاگەم
هەرچـی هەوڵـی بـۆدەم مەحـاڵە پێنـاگەم
بەنێـــو هەســـارەی بۆشـــایی وا خولـــدەخۆم
کەچـی تـا ئەو دەمە لە ئەلـف و بـێ نـاگەم

لەڕوو ئـاوێنەی ژیـن هەم ڕیـش، هەم تراشـین
دۆزی پینە و داویـن، هەمـدیس ڕۆخە کراشـین
لە بـانی خیـانەت بانـگ حەقـمانە، کەچـی
عەبارەشـــی شـــەوین، هەم چـــاوی چراشـــین

هەندێ هەن لە ڕوو یەك، لەناخەوە دووڕوون
تفت و تاڵن لە زار، وەکو ناوکە بەڕوون
دەستێکیان سڵاوە، ئەوی تریان مستە
خۆپەرستن، بۆیە لەڕوومان ڕووبەڕوون

شەڕکەرێ بۆ پرسی وەڵامێ توند چەسپی
سوار بۆ کەوان دەگرێ و زین دەخاتە ئەسپی
بۆ خەڵتانی خوێنی پەڕوباڵی ژینە
ئەمەبوو گوتەی کۆترێکی دڵسپی

گەڕەکیانە ماسی لە دەریای ژینم کەن
بە شۆفاری بە کۆ، لە دڵی زینم کەن
پەپولەی نێو باغی عەشق، سا چارەیەك
نەوەك ئەم دڕکانە لە گوڵی دینم کەن

مەلـــی خەیـــاڵم شـــێتانە دەوران دەکـــا
لە زەوی بێـــزار و تاســـەی هەوران دەکـــا
بە پەڕوبـــــاڵی ناســـــکی شـــــەیدایانە
بەرەو ئاســـمان باڵەخشـــێنی گەوران دەکـــا

ئەژنــۆم شــل بــوو لەنێــو ســوچی نــابەدڵی
دڵ داخـــرا دەیگـــوت: کلیـــل کـــوا بە دڵـــی
ئەو دەمە دەبـــێ چ زارێکـــــی پێـــــوەبێ
کە هەواڵـــی بەنـــدی منـــی دا بە دڵـــی

بە هەڵـــۆی گـــوت: ئەم قەلەڕەشـــەم بـــۆ کـــڕکە
نێـــو گەرووی لەتـــلەت و ســـەری گێـــژ و وڕکە
ئەو دەقـــڕێ، کەچـــی بولبـــولی خۆشـــخوان مـــنم
دەنـــوك بـــۆ هەر ســـوورەگوڵێ دەبەم دڕکە

هاوارم گڕە، دڵی دەریا شەق دەکا
بوڕکانی عەشقم ڕەگی چیا لەق دەکا
لافاوی بێ کۆتام بۆ نێو بیابانی غەم
زارم ڕووی خۆرە و تێکۆشان بۆ حەق دەکا

بە دڵێکی پڕ ئاخ، نازانم چۆن بدوێم
مەلی خەیاڵم وێڵە و من بەدوایا دێم
کە ماتم، وا تێنەگەی لە حەق ترسابم
بۆیە بێدەنگم، تا وشەی توندتر بڵێم

بچمەوە نێو دەریای سۆزی بابە ئادەم
مرواری عەشقم بە هیچ شتێ نادەم
ژیان مەلەیەکە و من دەبێ فێری بم
تا لافاوی مەرگ لەبەردەمم ڕادەم

بە شـــوێن بولبـــولێ ڕامکـــرد، ســـەرمهەڵبڕی
لە بەردەمـــم قـــاز و قوڵینـــگ و مەل فـــڕی
پەپـــولە گـــوتی: ڕەوە قەل هـــاتن، بـــڕۆ
بـــۆ گیـــانی وردی ئـــێمە، دیســـان قەل قـــڕی

ئەو مەلەی جێیهێشـــتم، پەڕی هـــێن نـــابووتە
گـــوتی: بـــاڵی فڕینـــت نیـــیە، نەبـــووتە
ڕەشـــەبا هەڵیکـــرد، بـــۆیە نە دڵ کەیفـــی
نە ڕۆح ســـەفای، دەنگـــم لاشـــەی نێـــو تـــابووتە

پرســـــیاری ئـــــاگرین مەپرســـــە لە زانـــــا
بە نەزان خـــۆی دانـــا لەڕووی دۆزەخ دانـــا
نەزانێکـــی ڕەشـــوڕووت هەر ئەوەنـــدەی گـــوت:
ئەو کەسەی دانـــابوو، خـــۆی بـــۆ بەهەشـــت دانـــا

ئەندێشەی زانایان لەگژ ڕاوی کەوبا
دەبوا هۆشیاریان، لەنێو تڵپەی خەوبا
کە ئەڵقە سپێدەم دی لە پەنجەی سووریان
گوتم: بریا هەموو ڕۆژێکم هەر شەوبا

هەرچی دانا و زانا بوو دەرچوو بە نەزان
نەزانی زاناش خەتی ئاوەزی بەزان
شێتەڵی پەلکەدارێکی وەریوی کرد
بوو بە بیردۆزی گەڵا و گوڵی نێو ڕەزان

## شەوی شازدەم

# بەدڵ خۆشم دەوێی

ئۆخەی هەر ناکا دڵ، تۆم لە تەك دا نەبێ
ماچێکی ڕووتم دەیە، با یەك دانەبێ
من بە گیان تۆم خۆشویستووە، نەك بە دڵم
دەبا گیان و جەستەم لەگەڵ یەك دانەبێ

شەیدای ئەو چاوانەتە لە مێژە دڵم
لەگەڵ من خەریکی وتووێژە دڵم
هەرچی دەکەم ئارام ناگرێ بۆ ژوان
تۆخودا بە من نا، دە خۆت بێژە دڵم

بەسەر دڵی مندا، عومرێ تێ پەڕیوە
خەم هێشتاکە ئاسمانی دڵمی تەنیوە
لەو ڕۆژەوەی کە من چاوی تۆم لێ وونە
پارچەیەك لە دڵ و جەرگم لێ پەڕیوە

ئەو دڵە تاقـــانەت، هێنـــــدە پێویســـــتە لام
خراپەکانیشـــــــت هەر خۆشەویســـــــتە لام
ســـەد جــار دڵ بشــکێنی، لە نێــو دڵ دەرنــاچی
خۆشەویســـتی تـــۆ، پیرۆزتـــرین ویســـتە لام

فرمێســـکی چاوانـــت، لە چـــاوی مـــن بـــێ بـــا
چـــۆلەکەی ئەو دڵەت، لە داوی مـــن بـــێ بـــا
مـــن کە بە قەد قـــوڵی دەریـــا خۆشـــمدەوێی
هەر یەکەم نـــاوی خـــۆت، بە نـــاوی مـــن بـــێ بـــا

دڵ لە دەوری عەشـــــقت، چەشـــــنی پەروانەیە
ئەم ژان و ئـــــــازارەش، بــــــۆ ئەو هەر وانەیە
ســـــەرو بنـــــی زاری، نـــــاوی تـــــۆیە هەردەم
لە دڵ مەگـــرە چـــی گـــوت، بـــۆ تـــۆ دێـــوانەیە

به دڵ دەخــوازم بــۆت، دەســتی خەم نەتگــاتێ
خۆشـــی دڵــم بــبە، خەمبــاربووی هەر کــاتێ
گەر گیانیشـــت دەرچـــوو خـــوا نەکـــردە ڕۆژێ
مـــن بمـــرم و خـــودا گیـــانی منـــت بـــاتێ

بەهــۆی دووری تــۆیە، کێشـــی شـــیعرم لەنــگە
شیعریشـــم وەکـــو خـــۆم، ئێســـتاکە دڵـــتەنگە
هەر ووشـــــەیەك بـــێ تـــۆ، کە لە زارم دەردێ
زەرد و لاواز، وەکـــو خـــۆم کـــزو بـــێ ڕەنـــگە

گــوێ گــرە لە خــورپەم، بەدڵ خۆشــم دەوێــی
بــۆ مــن هەر یەکە، مــن لێــرە تۆشــم لەوێــی
دوو دڵ مەبە دڵـــم، تەنیـــا تـــۆی لە بیـــرم
چۆن یـادی تـۆ دەکەم، ئەگەر مـن خۆشـم نەوێـی

نـــاوت لەنێـــو زاری مـــن، خـــونچەی کـــردووە
جوانیـــت لەنێـــو چـــاومی مـــن، دەرچەی کـــردووە
تــــازە بەهـــــیچ پــــــایزێ لە دڵ دەرنـــــاچی
عەشـــقت لە نێـــو دڵـــم بـــوخچەی کـــردووە

نەخۆشـــی ڕووی تـــۆمە، خـــۆت وەرە لە پێشـــدا
لە کـــوێ دەزانـــی مـــن، چـــم دیـــوە لە ئێشـــدا
دەســـتت بێـــنە ســـەر دڵ، دەرمـــانی دەردم تـــۆی
کە تـــۆم بینـــی، ئەوســـا بـــا بمـــرم لە جێشـــدا

چـــۆن بـــۆ ئـــازاری دڵ لە تـــۆ ســـکاڵا کەم
کە لەنێـــو عەشـــقی تـــۆ، وەکـــو گـــوڵ بـــاڵاکەم
تەنـــێ بـــۆ شـــادی نـــا، پەیمانـــی دڵ بـــێ بـــا
بـــۆ خەمەکانیشـــــت مـــــن دڵـــــم واڵاکەم

لەو دونیـــایە دڵـــم، هەر بـــۆ تـــۆ لـــێ دەدا
گەر تـــۆ نەبـــی ئـــاخر، ئەو ڕووە بە کـــێ دەدا
مـــن بە بـــۆنەی خۆشەویســـتی تـــۆوە دەژیـــم
خۆشەویســـــتی تـــــۆ گـــــڕوتینم پـــــێ دەدا

بەهـــارە لەگەڵ تـــۆ، ســـەد جـــار لە خەزان بـــم
زانـــیم لەگەڵ تـــۆم، لای هەمـــووان بـــا نەزان بـــم
دڵـــی پـــڕ ســـۆزی تـــۆم دەوێ بە هەر نرخـــێ
بـــا هەمـــوو تەمەنـــم، هەر لە نێـــو قەرزان بـــم

دڵـــم، بـــا دەســـتی ســـۆزی لەنێـــو پێـــك نـــابێ
قـــۆڵی عەشـــقی لەگەڵ یـــارانی لێـــك نـــابێ
کە تـــۆم لا نەبـــێ، هێشـــتاکە مـــن هەر تەنیـــام
دڵـــم هێنـــد تەنـــگە، لەگەڵ خۆشـــم ڕێـــك نـــابێ

دەســـتم نـــاگرێ خـــامە، لە هـــۆنراوەم نەبـــی
ژیـــر نـــابێتەوە دڵ، تـــۆ ســـەرچاوەم نەبـــی
چـــاوی دڵ بەخۆشەویســـتی تـــۆ کـــراوە
کوێرایمـــدا، تـــۆ لە نێـــو ئەم چـــاوەم نەبـــی

هەر بە نیگـــایێ پـــێم گیربـــوو لە داوی تـــۆ
نـــوقم بـــووم و کەوتمە نێـــو دەریـــای چـــاوی تـــۆ
ئەوســـا نـــاوم هەر لەگەڵ تەنیـــایی دەهـــات
ئێســـتاکەش وەك باوکـــت، دێـــم لە دوای نـــاوی تـــۆ

هەرکـــاتێ دڵـــم لە داوی خەم گیـــر دەبـــێ
تەنیـــا بەنـــاوی تـــۆ، ئەو دڵەم ژیـــر دەبـــێ
خۆشەویســـتی وایە، دەرمـــانی گشـــت دەردە
تـــۆ نەبـــی ئەم دڵەم، شـــەو و ڕۆژێ پیـــر دەبـــێ

که دڵ توونــدم دەڵــێم: کەی دەبــێ دڵشــادبێ
کە دڵشــادبووم بــۆچی دڵپەســتیم لەیــادبێ
بــۆیە مــن بەڕووی تــۆ هێنــدە پێــدەکەنم
دەڵــێم: بەڵکــو دڵ لە بەنــدی تــۆ ئــازادبێ

عەشــقی تــۆ وەك شــەوە، دەســتی لە دڵ داوم
تــازە تــێکەڵ بــووە، نــاوت لەگەڵ نــاوم
لەنێــو دڵ دەرنــاچم، خــورپەی نێــو دڵــی تــۆم
هەر خۆشەویســـتەکەی خـــۆمی بە دڵ مـــاوم

عەشــقی تــۆ بــۆتە ئــاو، بــۆتە جــل و بەرگــم
بــۆم هەناســەی ئێســتا، هەر تــۆی دڵ و جەرگــم
ئومێــدم هەر تــۆ بــووی، تۆشــم خســتە دڵــم
لە دڵــم دەرچــوو خەم، نەمــا ترســی مەرگــم

ووشـەی خۆشـم دەوێـی، تـاکە ڕێـگەی ژیـنمە
هەسـت و سـۆزی نـاو دڵەکەت نیـوی دیـنمە
یەك نیگـای ڕووخسـاری پـڕ لە نیگـاری تـۆ
هەمیشـە دەرمـانی گشـت زام و بـرینمە

دەبـا چێـژ لە هەسـت و سـۆزی یەك وەرگـرین
فەرامۆشـی کەیـن بـا، جـێگەی کـۆنە بـرین
لە عەشـقا ئـازاریش هەر چێـژە لە بـۆ دڵ
مەرگـیش ژیـنە دەبـا ڕۆژێ سـەد جـار بمـرین

دەبـا بەڵێنـی خۆشەویسـتی پێـك بـدەین
نێـوانی ڕق و خۆشەویسـتی تێـك بـدەین
ڕق چەشـنی ژەهـرێکە، دەڕژێـتە دڵەوە
تەنیـا بـا پێکـی خۆشەویسـتی لێـك بـدەین

لەنێــــو خۆشەویســــتی تـــۆ بەرزە بـــاڵاكم
تــا دونیــا نەخیشــین کەم، بــۆت ئــاڵ و واڵاکەم
بــۆ باوەشــــی دڵەی پــڕ خۆشەویســتی تــۆ
پــێم خۆشــە باوەشــت، هەردەم بــۆ واڵاکــم

ڕووخســاری پــڕ ســۆزی منــت لێــوە دیــارە
بە تەنیــا خۆشەویســتی تــۆم پێــوە دیــارە
خۆشەوســـــتی پـــاك هەر لە ڕوو دەردەکەوێ
گەر نیگــام بــۆ بــکەی هەر لە شــێوە دیــارە

جــوانیم لە دڵــی تــۆ دایە، مــن کــوا نیــتم
خــۆ مــن شــێت و شــەیدای تروســکەی جــوانیتم
بەهـــارێکی پــڕ لە گـــوڵزارە جــوانی تـــۆ
مـــن گەش بـــوومەتەوە، هەر کە ڕوانیـــتم

دڵــم ئــارام دەگــرێ، هەر بە باوەشــی تــۆ
ڕووم ڕونــاك دەبێــتەوە بە ڕووی گەشــی تــۆ
بە هەر کەس بەشــــێ دراوە پــــڕ بە دڵــــی
بە تەنیــا مــنم لەم دونیــایە بەشــی تــۆ

خۆشەویســتی تــۆ لەم دونیــایە هەر مــنم
بەبــێ تــۆ لە نێــو دڵــی خۆشــم هەر وونــم
نــاوی تــۆم لەســەر دڵــی خــۆم هەڵکەنــدووە
خۆشــم دەوێــی، بــۆیە وا لە ڕووت شــەرمنم

تــۆ جارێــك لە هەســت و ســۆزم ماشــەڵاکە
پەنــجەرەی عەشــقی خــۆتم لەســەر واڵاکە
خــودا دڵێکــی بە تەنیــا خســتە ســینەت
دە ئەســپی ڕەشــی دوو دڵیــت بەڕەڵاکە

نـــاوی تـــۆ چەشـــنی هەوا، لە نێـــو ســـینەمە
بەو دەژیـــم، ئەو گیـــان و دڵـــی ئەم ژیـــنەمە
چیرۆکـــی نێـــوان مـــن و تـــۆ ئەوینـــێکە
عاشـــــقێکی دڵ پـــــڕی ئەم ئەویـــــنەمە

پەپـولە لەسـەر گـوڵ، مـن لە سـەر خەیـاڵ دام
بە چەشـــنی کـــۆترێ لەبەر دەرگەی مـــاڵ دام
بـــۆ هەواڵێکـــی تـــۆ، ڕۆژ و مانـــگ دەژمێـــرم
بە درۆش بڵـێن هـاتی، مـن لە شـەقەی بـاڵ دام

عەشـــقی تـــۆ دەمکـــوژێ ڕۆژێـــکە بێشـــکم
ئـــاگر بەر دەداتە چەم و بـــاخی ئەشـــکم
بـۆیە وا تـامەزرۆی ئەو عەشـقەی تـۆم دەڵـێم
خـوێنم نەخشـینترکا سـووری دڵەکەت بەشـکم

مەیگێـــــر لادە بـــــادەی تاڵــــت لە بەردەمـــم
خـــۆ شــــەڕابی دڵ ڕەنجـــاوان نیـــیە ژەمـــم
بە پێکــێ لە دیــداری یـــار ســـەر مەســـتەبم
کە بـــۆنی هەناســــەم، تـــامی بێـــتە دەمـــم

دەڵــێن: ماســـی دوورخەن لەنێـــو جۆگەئـــاوێ
نـــاژی، گیـــانەدا، تـــا مـــردن پەلـــدەهاوێ
وەتەی گـــوێم لێبـــووە نـــاوێرم گیـــانەکەم
لە دەریــــای ئەوینــــت دوورکەومەوە تـــاوێ

تـــاوانە مەینۆشـــی، کە مەی سەرمەســـتم کـــا
لە بیـــری جـــوانی تـــۆ تـــاوێ دەربەســـتم کـــا
ئەو خەیاڵەشـــــم پـــــێ مەیە ڕوو لە خـــــۆمە
دەیەوێ ســـاتێ لە تـــۆ دوورە دەســـتم کـــا

ڕەنگــم هەر لە چەشــنی ڕەنگــی قــژی ڕەشــتە
گەڵاڕێــــزانە ڕووم، چــــونکە خەزان بەشــــتە
ئەو خـوێنە سـوورەی لە بـازووم کە سـووڕ دەخـوا
بەرهەمــی گــڕی عەشــقی نێــو دڵــی گەشــتە

لە باوەشــی تــۆ بــووم، تــۆش لە باوەشــم بــووی
ڕوونی ئەم چاوەم بووی، بیلەی ئەو چاوەشم بووی
دڵــی شــەیدام ئەمشــەو بیــری نــاوی تــۆی کــرد
کێــو بــووی لە پشــتما، هێــزی ئەو ناوەشــم بــووی

هێنــــدە بــۆ بــاڵاکەت وشــەی ســوورم چنــی
لەنێـــو دڵـــم کەچـــی ئەمێســـتاکەش ونـــی
خۆشەویســتی تــۆ هەر چەشــنی دەریــایێ بــوو
بەم هەمــــوو مەلەیەش نەگەیــــمە بنـــــی

تـــانەی غەم نەمـــا، چـــوو لە چـــاوم ڕەشـــایی
خێـــــرا بـــــوو لە دڵ و هەنـــــاوم بە شـــــایی
خۆشەویســــــتی تــــــۆ، گزنگیـــــدا لە ڕووم
بەهـــــاری دڵـــــم و گیـــــانم کەوتە گەشـــایی

ئێـــــوارەیە و خەنــــــدە لە لێـــــوم نـــــابینی
خەم مەخــــۆ ســــپێدەش منـــــت ئـــاوا بینــــی
ئەودەم کانگـــــای بـــــزەم ڕێـــــك دەتەقێـــــتەوە
بێـــی دەســـت بەنێـــو پرچـــی شـــیعرم دابینـــی

گـــولّی بـــاغی دڵـــی مـــن گـــوڵ وەنەوشـــەیە
شـــاگوڵی کـــوڵم و لێـــو ســـووری نێـــو شووشـــەیە
بولبـــوڵم دەنـــاڵێنم بـــــۆ بـــاڵای ئاڵـــت
بـــۆ پەڕی تەڕت، دەم پـــڕ نەغـــمە وشـــەیە

تریفەی ڕوونی ڕووت بەڕووم هەر کە ئەنگووت
خونچەگوڵی عەشقت لەنێو دڵما پشکووت
درێژەی کێشا هێندەی باڵای لاولاوێ
هات لە نێو قەدما ئاڵا، یەك جێ لەگەڵما جووت

بارانم، نم نم دادەبارمە سەر شێوەت
گەر لرفەی هاتەوە تەنیایی کڕێوەت
مەترسە، قەفەسی سینگم ئەشکێنم
پەردەی دڵی خۆمت بۆ دەکەمە خێوەت



## شەوی حەڤدەم

# باوەش تەنیایی

چیــت پــێ بڵــێم: کە تــۆ لە مــن یــاخی تــری
مــن لە ناخــت تــۆش لە هەزار نــاخی تــری
هەرچــی هــات و خەمێکــی خســتە نــاخم
ســەرباری هەمــوو خەمــان، تــۆش داخــی تــری

کە پەڕی ئەلبــــومی یــــادم ئــــاوادەکەم
تــــۆڵەی هەر چــــرکەیەك لە تــــۆ داوادەکەم
تەمەن خونچەگوڵ بوو، دەستی عەشقت بۆ بـرد
ســــبەی یــــادەوەریم، بــــۆیە ئــــاوادەکەم

کە عەشقم کوشت هەڵسا دەسـتی ئەم شـیوەنە
چــــۆلەکەی گیــــانم دیــــون لەگــــژ جریــــوەنە
گــوتم: پێکــی ژینــی خــۆم بەچــی پــڕبکەم
کە فرمێســــکی دوو چــــاوانم لە نیــــوەنە

تـــۆ بەس دڵـــم گیـــرۆدەی داوی خەفەت کە
کۆتـــاییم پـــێ بێـــنە، وەرەو جەرگـــم لەت کە
هەســـت و ســـۆزێ نەمـــاوە خـــۆ لەنێـــو دڵـــت
مـــن مانـــدووی ڕۆژگـــارم، بەس دڵـــم شـــەکەت کە

دڵـــم بە ویســـتی خـــۆم بە دڵـــی تـــۆ بەخشـــی
لە نێـــو دڵـــم دیـــارە، دڵـــت جـــێگە نەخشـــی
ئەوســـاکە بە تەنیـــا هەســـتی خۆشـــی و شـــادی
ئێســـتاکە تەنیـــا خەم بە دڵـــم دەبەخشـــی

بە ئـــارەزووی خـــۆم دڵـــم، دا بە دڵـــی تـــۆ
زۆرم خۆشدەویســـتی، هەر دەمگـــوت گـــوڵی تـــۆ
بەڵام تـــۆ ئەو دڵەت وەکـــو شووشـــە شـــکاند
نەمـــا وەکـــو جـــاران عەشـــقی بە کـــوڵی تـــۆ

هێشتاش بۆ یادی ئەوسات شەیداو پەرۆشم
چەشنی گەڵای زەردی دارێکی نەخۆشم
تۆ دڵی منت فەرامۆش کرد هێندە زوو
کەی فەرامۆشت کەم نازانم بەخۆشم

تۆ هەر بەجوانی خۆت، هاتی و مەستم بکەی
بە خۆشەویستی پڕ سۆزو هەستم بکەی
هەر خۆشت ئەو دڵەمت شکاند بە تەنیا
تا نامەی ماڵئاوایی لە دەستم بکەی

دڵ ڕەقی تۆ، تاکو دێ هەر ڕەش دەکا دڵ
لە خورپەی خۆشی و شادی بێ بەش دەکا دڵ
ئەو بێ مەیلی و فەرامۆشییەی دڵی تۆ
بەسەر خۆشەویستی و ڕق دابەش دەکا دڵ

گەر لەنێــو دڵــی تــۆ، نەمــاوم دووری لــێم
نــاگەڕێیتەوە وەك جــاران هەر ســووری لــێم
ئیــدی منــیش بە شــوێن دڵــی خۆمــدا دەچــم
فەرامۆشـــت دەکەم، دەبـــێ ببـــووری لــێم

پـــڕ بە دڵ عاشـــقی تـــۆم، بەڵام داخەکەم
بەهــۆی عەشــقی تــۆوە، خــۆ هەر ئــاخەکەم
ژیــنم بەهــاریێ بــوو، پــڕ گــوڵ و گــوڵزار
ئێســـتام هەر پـــایزە، کـــوانێ بـــاخەکەم

گـوڵی گۆنـام سـیس بـوو، بە سـوێرایی ئەشـکم
مــاچی تــۆ تەڕ دەکــا، خــاکی لێــوی ووشــکم
پــێ بنــێ بە جەرگــت، بڵــێ خۆشــم دەوێــی
گیــانم بێـــتەوە بەر، جــارێکی دی بەشـــکم

له بــــاوەش تەنیـــایی، بە تەنهـــا هەر مــــنم
لەنێــو دوورگەی خەمــدا، بەجــارێ هەر وونــم
لە یەکەم نێــو نیگــای عەشــقا دڵــت کوشــتم
نەشـــــهاتی بـــــۆ شـــینی، ڕۆژی دڵ مــــردنم

تــۆ کە یــارم بــووی، دە بــا گــوڵ دیــاری نەکەم
دڵی تۆم ویست، کە چــووم تــا خەمبــاری نەکەم
هێشــتا لە نێــو دڵــت بــووم، تــۆ یارێکــت گــرت
دڵ تـــۆ بێـــژە، چـــۆن یـــاری بە یـــاری نەکەم

ئێســـتاکە مــن خــۆم نــیم هەزارو یەك کەســم
یەکـــــی دڵشـــــکاو و هەزاری بـــــێ دەســـــم
دە تــۆ مــن لە خۆتــدا، بــدەوە دەســت خــۆم
خــۆ ئــازاد نــیم بــێ تــۆ، لە بەنــد و قەفەســم

لە یــادمە ئەو شــەوەی کە شــەوی یەڵــدابوو
ســـۆزی خۆشەویســـتیت ڕقـــی لەگەڵـــدابوو
ئەوســا بــۆ تــۆم گەڕانــدەوە خۆشەویســتی
لەگەڵ هەرچـــی هەســتێ کە لەنێــو دڵــدابوو

بە خەنـدەی سـەر لێـوت، تـۆ هەر زوو لە پێشـا
ســـەرنجی ئەو دڵەت، لە بۆخـــۆت ڕاکێشـــا
عاشـــقی شـــەیدابوو، شـــێتانە دڵ لەلات
کەچــی تەنیــا جێــت هێشــت، لە ئــازار و ئێشــا

بە ڕووی پــڕ لە جــۆش و بەدڵ ســارد و ســڕم
وەك پەڵە هەورێکـــی تەنیـــابووی دڵ پـــڕم
چـــاو پـــڕ لە بـــارانی نـــا ئومێـــدی مەگەر
بە دەریـــا خەمـــی قـــوڵی تەنیـــایم بســـڕم

هەمـوو شـەو ئەو دڵەی بـۆ تـۆ دەسـتی دەبـا
بــێ مەیلــی ئەو دڵەت سـۆز و هەسـتی دەبـا
لە تــۆ ڕەنجـا ئیــدی، لە گۆشــەی تەنیــایی
هەرنــا جــارێ ژوانــی لەگەڵ بەســتی دەبــا

لەبەر دەرگەی دڵــــت، دڵــــم هــــاتە تکــــا
کــــزامەوە تــــا خــــوێن، لە چــــاوانم تکــــا
دڵــــت هەر پێــــوەدا، بەڕووی خۆشەویســــتی
ترســــای نەکــــا دڵــــت، کــــار لە گیــــانم بکــــا

تۆ دەتویست ئەو دڵە شەیدایەی مـن لەت کەی
تــاکو هەرچــی شــادی دڵە لە مــن ڕەت کەی
حەزو ئــارەزووی خــۆت، گشــتی بە دی بێنــی
تــا خۆشەویســتی نێــو دڵــم، لە بــن پەت کەی

پووشـــــی دانەنـــاوە، نە گومـــــان نە شـــکێ
بــۆیە لەم هــێلانەی عەشــقە دڵــم دەشــکێ
بە دوای سـۆزی تـۆ شـەیدام و هیچـیش نـابینم
دیــدەم ڕۆشــن کەوە، هەر بە قەتــرە ئەشــکێ

نەگەیشــتە دڵــم کەوتە ژێــر دەســت و پــێم
ئەو ڕقەی دڵــت، ڕێــی عەشــقی گــرت کە لــێم
دەرگەی عەشق داخەم بەسەر دڵــما، نیــازی بــوو
دڵــی خــۆم دەناســی، مــن دەمزانــی کە کــێم

دڵــی بــێ لانەی مــن، داوای دولــبەر دەکــا
دڕکی سینەم لە سوێی دڵ، سوور گـوڵ دەردەکـا
تــۆ تیرێکــت گــرتە شــوێن کــۆنە بــرینم
گیــان خەریــکە ئەو تیــرە لە دڵ دەردەکــا

پســا داوی هەســت و ســۆزی نێــو ئەم تەونە
ئەم داوەی ڕیشــاڵەی عەشــقی بــوون و کەونە
چــاوی دڵ نەکــرێتەوە بە ڕووی ئەم عەشــقە
دۆزیــنەوەی ئەو دڵەی مــن خــۆ هەر خەونە

ژاڵەیە عەشـــقی تاڵـــت، بـــۆنی کە نیـــیە
چـــۆن بێـــژم شـــیرینی تـــۆ دڵمـــی تەنیـــیە
یـــادی ئەم ئەویـــنە کە بەســـەرچێ تـــامی
بـــۆن و بەرامەی بـــۆنەت، هەر بـــۆگەنییە

دڵ دەگریــا شــەوێ هــاو بەبایــدا بــادەی
تــۆ لەگەڵ سەرمەســتان بــۆ شــەوێ لانــادەی
گــوتم: سەرمەســتم بە بــادەی بــێ وەفــایی
لەنێـو خـانەی غەمـدا دەسـت بە پێـك و بـادەی

که چــوو بــۆ غەریبــی عەشــقم لەم نــاوەش نــا
هـــاتمەوە مەســـتانە بەس تـــۆم لە بـــاوەش نـــا
چـــاوێکم گریـــا بـــۆ ئەم دڵە لەت بـــووەت
لەتەکەی تـــرم دی، ئەشـــکم لەم چـــاوەش نـــا

هـــێن نیگامـــدا دەورم، تـــا دڵ خـــاڵی هەڵـــدا
ئەم خـــاڵە هێنـــد ڕەش بـــوو، دڵـــیش ڕێـــم پێنـــادا
ڕۆنـــدك چ دەرمـــانە، کە زار بێـــزار بـــێ لـــێم
مـــن تـــای عەشـــقم لێـــیە، زووکە جـــێم پێـــدادا

بـــێ تـــۆ گـــوڵی جـــوانیم، وەری پـــێش لە خەزان
پشـــکۆی خەم وئـــازار بەســـەر دڵـــما چـــزان
گەڵای ســـەوزی شـــادی دڵ و دەروونـــی مـــن
لەنێـــــو شـــــەختبەندی خەم و دووری ڕزان

نیــوەی دیــنم بــووی، کەچــی لە دینــت کــردم
ڕەگــی ژیــنم بــووی، کەچــی لە ژینــت کــردم
دڵـــم بە ئەوینـــی تـــۆ کەوتەوە جـــولە
کەچـــی بـــۆ هەمیشـــە لە ئەوینـــت کـــردم

وەك بولبـولێ لە قەفەســی دڵــی تــۆ بــووم
ئــاوێتەی نێــو ئــاوازی شــین و ڕۆڕۆبــووم
منــت بــۆ حەزی خــۆت، خســتە بەنــدی دڵــت
نەمزانــی زینــدانی دەســت عەشــقی درۆبــووم

نـــــزادەکەم بچـــــی و گەڕانەوەت نەبـــێ
بـــۆ دڵـــی مـــن ئیـــدی پـــاڕانەوەت نەبـــێ
لەبەردەم دەریـــای قـــوڵی خەمـــدا بمێنـــی و
وەك مـــن بـــۆ هەمیشـــە پەڕانەوەت نەبـــێ

بەدوای خۆشەویســـتی دڵـــی تـــۆوە وێڵـــم
هەر دەڕۆم و فرمێســکی ســوور بە جــێ دێڵـم
بــۆ چنــگ کەوتنــی بڕێــك ســۆزی ئەو دڵەت
خـــاکی خۆشەویســـتی، لە دڵ ڕا دەکـــێڵم

دوورگەیەکـــی وشـــکی نێـــو دڵـــی ڕووبـــارم
زەرد دەبـــم و هەڵـــدەوەرێم بـــۆ ئـــازارم
بمشـــۆرەوە بە شـــەپۆلی ســـۆزت، دەریـــا
دوور لە کـــوڵم و لێـــوی تەڕت زۆر بێـــزارم

هەموو ڕۆژ کتێبەکـانم، بـۆ تـۆ جـوان دەبەسـتم
دەڵـێم ئەمـڕۆ مـن لەگەڵ ئەو ژوان دەبەسـتم
تـــۆ هەر نەهـــاتی و لەجێـــی خۆشەویســـتی
وەك دڕکـــێ ڕق و تـــوڕەیی ڕوان لەهەســـتم

عاشـق بـووم ڕێـی بـێ وەفـاییم خسـتە پێشـم
تەماشـــای دڵــم کــرد، بە ئـــازاربوو ئێشـــم
نە بەخـــۆم و نە بەعەشـــقیش گەیشـــتمەوە
لەم دووره دەســـتە خەرامکـــرد تـــاکە ڕێشـــم

شـــــوانێ بە بلـــــوێری مێگەلـــــی ڕادەدا
بەرخێکــــی چووبـــادەر، بەردی پێـــدادەدا
کــوا شــوانی بلــوێرژەن بەردانــم تــێ بگــرێ
بڵـــــێن: دڵ خەریـــــکە وا لە ڕەو لادەدا

عەشـــقی مـــن هـــاوارێکە دونیـــا کڕدەکـــا
فرمێســـکی شـــەوانی مـــن، دەریـــا ســـڕدەکا
گەڵاو گوڵ لە خاکی هەسـت و سـۆزم دەڕوێـت
عەشـــقم شـــەپۆڵێکە، نێـــو ســـەحرا پڕدەکـــا

ڕەنجــاوم گەرچـــی دەرنـــاچم لەم بـــارەدا
بەس حەرفـــێ دێـــتەدەر، لەنێـــو ئەم زارەدا
ئەو دڵەم توند دەرگەی داخست بە ڕووی عەشقا
بـــــۆیە، درەنگـــانێ پشـــــتم بەم دارەدا

دڵــی پــڕ عەشــقی لــێ بــردم، شــا پەڕی گــوڵ
کــانی هەســت و ســۆزم، هــاتەوە جوڵەجــوڵ
بە دوای عەشـــقا گەڕام لەســـەحرادا، کەچـــی
مــرواری منــی بــرد بــۆ بنــی دەریــای قــوڵ

ڕۆژی ڕق و کیـــنەیە، عەشـــق نەمـــا بـــاوی
ڕۆژی دڕك و داڵە، گـــــوڵ نەمـــا نـــــاوی
دەســتی بەســتین، ئەم کەلەپــچەی بــێ وەفــایی
دڵ و دەروونمـــان گیربـــوو لە تـــۆڕو داوی

ئەو برینەی لەدڵمایە کەس سارێژی ناکا
باغی دڵم دوای تۆ کەس گوڵڕێژی ناکا
خۆ لە منیش تۆراوە، تازە ئەو دڵەم
هەر لەگەڵ خۆشیدا وتووێژی ناکا

پێنووس لە پەپولە و پەڕم لە گوڵ کڕی
تا شیعرێکی بۆ خۆشەویستی تۆ چڕی
تا دوا دێرم نەنووسی بوو بۆتۆ کەچی
خۆشەویستی تۆ لە نێو باوەشم فڕی



شەوی هەژدەم

# پێکی شکاو

ئەو پـــێکە مەپـــێکە، لەدەم لادە مەینـــۆش
ژەهری تفت و تـاڵە، خـۆ ئەم بـادە مەینـۆش
تـا مەسـتی مەرگ نەبـووی پەیمانـێ بەسـتە
هۆشی خـۆت وەرگـرە، ئـا بەم وادە مەینـۆش

بە بەری بـــادە ئەو بـــادەی لە جـــۆی ڕادا
ژەهرە و بە تۆی دەدا، چـۆڕەی بە خـۆی نـادا
ئەو پێکە لەسەر لێـوت دوورخە، ئەو شووشـە
تـــۆ سـەرت بـانەدا، ئەو سـەری تـۆی بـادا

دوو ڕۆژێـــکە خوێنـــت کە تێـــدا دەگەڕێ
لە عیشـــقی بەدمەســـتی پێـــك و وادە گەڕێ
کە ژینێکـــــی دیـــکە لەولا چـــاوەڕێتە
لە ژەهـــــراوی تـــاڵی مەی و بـــادە گەڕێ

ئەو بـــۆن و بەرامەی لە تـــۆ دێ لەمەیە
تــۆ بە مەی مەسـپێرە، نــامەی ئەو گەمەیە
دەسـتی مەی بشـکێنە تـاکو بە ڕاستەدەسـت
لەو دونیــا وەرگــری زەرفــی ئەم نــامەیە

ســاقی گەر بــادەی تــاڵ و ئاڵــت بــۆ مەیە
مەدهــۆش کەی گــوتیە: نــاڵینم بــۆ مەیە
بێهۆشــی بەدهۆشــت، ئەوەنــدەی گـوت: کە
بەم ڕەنگــاوی مەیە بەرەو ڕووی مــن مەیە

پێــی وابــوو ســاقی کە شــادی لە نەی دایە
دەیگوت: شـیرینی گشـت دونیـا لە مەی دایە
وەرن ئێمەش شووشـەی وادەمـان نەشـکێنین
وادەی ئەو شـــەڕابەی خـــودا بە مەی دایە

دڵێك هات، ئارەزووی بەزمی ساز و نەی کـرد
شیلە و شەکری دەمی بە ژەهـراوی مەی کـرد
لەنێـــو تـــاڵی مەســـتی بە ترســـەوە ژیـــا
هەر بەم ئـــازارەوە لەنێـــو دونیـــا تەی کـــرد

چ نۆشـــکەم غەیـــری مەی بەدەســـتم نەکەوێ
بەڵـــێن، ئەو بـــادەیە لەدەســـــتم نەکەوێ
مەینۆش هاوار لە دەستت، منیش بـا وەك تـۆ
باڵەخـــانەی ژیـــری بە هەســـــتم نەکەوێ

بـــاڵای گوڵەشـــەنگ لەنێـــو ڕەگـــی هێـــز دایە
سیســـــە ئەو گـــوڵەی دڕکـــی لە ئـــامێز دایە
دوور لە بـــاغی گـــوڵان ئەو گـــوڵەی تەنیـــا ڕوا
وەك پێکـــی شـــکاو لە ناوەنـــدی مێـــز دایە

دەیویست بەسـەر پشـتی ئەویـندا هەڵـگەڕێ
پێمگـوت: لە لەیـلات و ژەهـری بـادە گەڕێ
کە، تێگەیـــی لەیـــلا دووره گیـــانی ســـەرخا
گوتیـــان: مەجنـــون وا بە دوای تـــۆدا دەگەڕێ

گوتیـــان پولپەرســـتێ لەم خـــانە پەیـــدابوو
بە مەسـتی سـەرخۆش و مەیخـانە شـەیدابوو
کە دەستی سواڵیان دی، تێگەیـین هەرچیبـوو
بە کەلاکەی کەر و بە دانە ســـــەی دابـــــوو

مەیگێڕ و مەیخـۆران وا شـێتی پێـك و بـادەن
چۆڕێ مەی تفت و تاڵ بە گشت دنیـا نـادەن
ئەودەم هـۆش و بیریـان دەگەڕێـتەوە سـەر
کەسـەری مەسـتیان بە بەردی ئەلـحەد دادەن

له کـونجێ مەیخـۆر ڕەنگـاوە ڕیشــی بە مەی
بۆ عەشقی نێـو بـادە دەسـت دەنێـتە خەنەی
پێیـــوایە گەر شـــادی لە پێکـــی شـــەڕابە
دانیشـــێ سـیر بخــوا، دەبــا فووکــا لە نەی

لەم کـــۆنە کۆخەمـــدا هـــاواری نەی دەکەم
دەف لە دەستم دەگری، بۆ حاڵم حەی دەکەم
گەر بگـــا بە لێـــوم زەمـــزەم دڵـــۆپێکی
من سەد تف لە دەفری شەڕاب و مەی دەکەم

شـــەڕابی ئەوینـــت گەرووی مـــن تەڕ دەکـــا
لەگەڵ هۆشـیاری مـن هەمیشـە شـەڕ دەکـا
من شەرابی عەشقی تۆ نـۆش دەکەم هەردەم
تاکو مەستیم کـوێچکەی خەم وژان کەڕ دەکـا

## شەوی نۆزدەم

# زیندانی عەشق

تــــۆ لەنێــــو دڵـــما دات کوتـــا، ڕەگ و ڕیشـــە
دەتگـــوت گەر بمکـــوژی هێشـــتا پـــێم کەمیشـــە
کەچـــی ڕیشـــەی خۆشـــیت لە دڵ دەرهێنـــام و
خەم و ژانـــت خســـتەی جـــێگەی بـــۆ هەمیشـــە

مـــن هەر بە بەهـــاری ڕوو ســـەوزم ئەزانـــی
کەچـــی نەمزانـــی بـــۆ دڵ ســـەرتاپا خەزانـــی
مـــن هەر ئـــاورینگی بەهـــارم لـــێ دەچـــۆڕا
تـــۆش وەرزێکـــی ووشـــکی نێـــو گەڵاڕێزانـــی

ئەو ڕۆژەی تـــۆم دی، ســـەر لەنـــوێ ڕوامەوە
خۆشموســـتی بەگشـــت هێـــزو بـــڕوامەوە
کەچـــی تـــۆ جێتهێشـــتم بە دڵێکـــی شـــکاو
منـــیش لەســـەر ئەم دونیـــایە ســـڕامەوە

له دووری تـــۆ یەك چـــرکەش دڵـــم شـــاد نەبـــوو
دڵـــــم لە زینــــدانی عەشـــــقت ئـــــازاد نەبـــــوو
لەم دنیـــــایە هەر بە تەنهـــــا تــــۆم لە یـــــادبوو
لە جێـــــی تــــۆ گریـــــانم هـــــاوار و فریـــــادبوو

من هەنگێکی شەیداو تۆش گـوڵی نەسریـن بـووی
لەنێـــو دڵمـــی منـــدا ئـــاوێتەی ئەویـــن بـــووی
کەچـــی تـــۆ زوو هەڵـــوەری لە بـــاغی دڵـــم
گەرچـــی تـــاقە گـــوڵی بەهـــاری ژیـــنم بـــووی

مـــن شـــەپۆلێکی شـــێت و تـــۆش قـــوڵی دەریـــا
مـــن لـــوتکەی بەفـــرین و تـــۆش دامینـــی چیـــا
نە تـــۆ گەیشـــتی پـــێم، نە مـــن گەیشـــتم پێـــت
هەردووکـــــمان مـــــاینەوە، دوور لە یەك تەنیـــــا

تـــۆ بەهـــاری جـــوان و منـــیش چـــلەی هـــاوین
مـــن خـــاکی ووشـــك و تـــۆش گەرمەی بـــارین
هاوکێشـــــەی خۆشەویســـــتی هەروایە گـــــوڵم
تـــۆ ڕوومەتـــی ئـــاڵ و منـــیش ئەشـــك و ئەسریـــن

خەنـدەی ڕەنگینـت بـوو، وا دوینـای ڕەش کـردم
نیگـای شـیرینت بـوو، خۆشـی لـێ بەش کـردم
تەمەنـــم خـــونچە گـــوڵێ بـــوو لە بـــاغی ژیـــن
تۆ هاتی و گشت جوانی و گەنجیت لە ئـاش کـردم

دەتگـــوت حەسرەتـــی دووری تـــۆ بـــێ کۆتـــایە
جـــوانی گشـــت دونیـــا لە چـــاوانی تـــۆدایە
کەچـی لەبەر دیـدەی دڵـم وون بـووی هەرزوو
ئێســـتا بە ســـاڵیش هەواڵـــی تـــۆ بۆنـــایە

دڵــــم پــــڕە ئەمشــــەو، لە باوەشـــی خـــۆم
لەگەڵ مانــگ دانیشــتووم بە تەنیــا خەم دەخــۆم
بـــۆ ئەســـتێرەی خۆشەویســـتیمان دەگەڕێـــم
هەمـــوو شـــەوێ لەنێـــو ئاســـمانی دڵـــی تـــۆم

نە شـــیعرێ دێ ئەمشـــــەو دڵـــــم بـــــداتەوە
هەر هـــیچ نـــا بـــۆ ســـاتێك تـــۆم لە بیـــر بـــاتەوە
نە خـــۆت دێیـــــتە نێـــــو خەیـــــاڵ و خەونمەوە
نە مەریگـــیش دێـــت بـــۆ یەکجـــاری بمبـــاتەوە

نە خــــۆر چــــاو هەڵــــدێنێ کەزی بکــــاتەوە
نە خەوێـــــك دێ باوەشـــــم بـــــۆ بکـــــاتەوە
نـــــایەی ســـــەرێك بـــــدەی لە مـــــاڵی ئەو دڵەم
نە ئاوازێـــــك دێ خەمـــــم لەبیـــــر بـــــاتەوە

ئەمشـەو زۆر تەنیـامە، هەر لەگەڵ خـۆم ئەدوێـم
خەمەکـــان دەزانـــن، خـــۆم نـــازانم لە کـــوێم
مـــن گـــوڵ و خۆشەویســـتی تـــۆش بەهـــارێکە
پـێم خۆشـــە لە ســـەر خـــاکی دڵـــی تـــۆ بـــڕوێم

لەگەڵ خەم ئـــــاوێتەم، نـــــازانم کـــــامە مـــــنم
خەنـــدە لـــێم گەڕێ تـــۆ، زەمەنـــێکە وونـــم
تـــۆ هەر جـــارێ پـــێ بنـــێ نـــاو مـــاڵی دڵـــم
خـــوێنەی ئەو دڵە پـــاکەی تـــۆ لە گەردنـــم

هەر مەجنـــونە و کوشـــتەی دەســـتی لەیلایـــێکە
لەلای لەیـــــلا وابـــــێ، مەجنـــــون قەڵایـــــێکە
ســـەیرە مەجنـــون، ئەم گـــڕەت نەدیـــوە دەنـــا
دیـــارە دوور لە لەیـــلات، دڵـــم لە لایـــێکە

دەڵـــێن: عەشـــق بەس هەوەس و هەوا نیـــیە
دڵـــی مەجنـــون گـــوتی: چـــۆنە کەوا نیـــیە
گۆشـــەگیری دڵپیـــر، گـــوتی: ئەوینـــداران
عەشـــقێ گیـــانی لەگەڵ نەبـــێ ڕەوا نیـــیە

پرســیبوت کە دەریـا وەك شـێت شـەپۆڵ دەدا
کە نێــو گەرووی پڕبــوو بــاوەش بە خــۆڵ دەدا
منــیش دەریــام بەدوای شــەپۆلی عەشــقی تــۆ
نــازانم جۆشـــی دڵـــم کەینـــێ کـــۆڵ دەدا

عاشــــقێکم بینـــــی گـــــوڵی لەبەرۆکـــــی
بــاغی نێــو دنیــای کــرد، عــومری بە گەڕۆکــی
نەیزانـــی هەر کە مـــرد، هەزاران دڕکـــی ڕق
چەقـــی لەســـەر کـــوڵمە و گڵـــی چەپەرۆکـــی

دڕکـــێ نەمـــا لە خـــاکی دڵـــم دانە چەقـــێ
تیرێکـــــی وای دا لە جەرگـــــم هەر دڵ ڕەقـــێ
تـــاکو تەمەن مـــابێ بەلای عەشـــقا نەچـــم
هەر کە بیـــرم کـــردی، بـــا دڵـــم بتەقـــێ

گـــوڵی نەگـــرت هەرچـــی لەدەم عاشـــق گـــوترا
کـــۆنی دەرکـــرد، ئەوعەشـــقەی لە دڵ نـــوترا
چـــۆڕەی خـــوێنینی بەســـت، تـــابلۆی ئەو تیـــرەی
کە لەســـەر بـــازووی گەرمـــی عاشـــقێ کـــوترا

مەجنـــون قـــۆڵی عەشـــقی بە ئـــاخ و دڵ کـــوتی
خوێنڕشـــتن نیـــیە، خوێنـــدانە مەجنـــون گـــوتی
کە گیـــانی بەخشـــی لە ڕێ جـــا لەیـــلا گـــوتی
مەجنـــون تـــۆ بە عەشـــقی ڕاســـتەقینە ســـوتی

دڵــم پەروانەی شــەمعی عەشــق و ســەودابوو
تــین و گــڕی خــورپەی ســۆزی هەر بەو دابــوو
کە گــڕ و گڵــپەی کــرد، ئــاگری ئەم عەشـــقە
پەرێــزی گیــان ســوتا، دڵ شــێت و شــەیدابوو

چاوەکــانم جــووتێ مــۆم بــوون زوو داگیرســان
بەڕووی چـــاوەڕوانی شـــەوگاری تـــۆ تاســـان
گلێـــنەم کـــردە ڕۆشـــنایی ڕێـــگەی ژووانـــت
کە نەهـــــاتی، داوی چــــاوەڕوانیم پســـــان

لە دونیــا بــۆ یەکــتر ڕێنجــبەر و ســەپان بــووین
وەك دووتــای یەکســانی تەرازو و قەپــان بــوون
بە شــوێن یەکدیــدا بــووین، وەك شــەپۆڵ و دەریـا
دەستمان لەسەر دڵ و گیـان لە نێـو لەپـان بـووین

پێــی بڵــێن: دەبــێ کەی لە دەرگــای دڵــم دا
ئەو ســامانەی هەم بــوو، بە نووشــتە و کلــم دا
نووشـــتە بەتـــاڵ بــۆوە، کـــل لە چـــاوم ڕژا
بەس مـــاوە شمشـــێری ڕقـــی لە ملـــم دا

پەنجەکــانم مــۆمن تیشــکی شــەوی یەڵــدان
کــوڵم و لێــوم شــەکرە، لە ئــامێزی گــوڵ دان
پرسیت مـرواری ئەم عەشـقەت لەکـوێ هەڵگـرت
گـوتم: گیـان دەریـا و سـەدان سـەدەف لە دڵـدان

بولبـــول چریکانـــدی لە بەنـــدی قەفەســـەدا
ڕازێکـــی خـــۆی درکانـــد لەدوا نەفەســـدا
دڵـێکم بــوو خســتمە قەفەســی عەشــقی تــۆ
دڵــم دەربێـــنە، گەر دڵـــم بەهەر کەســـدا

غەمبـــاری ئەم بـــاغەم گـــوڵی دیـــار نیـــیە
مـــاتی ئەو چـــڵەم بولبـــولی کە، یـــار نیـــیە
دەبـــێ دڕك ئەو دەمـــانەی بـــۆ کـــێ تیژکـــا
کە هەرگیـــز گـــوڵ لەگەڵ ئەمـــدا نەیـــار نیـــیە

بولبـــول دەیگـــوت: بـــۆ لەم قەفەســـە بەســـەرچم
دەبـــێ ئەو ڕۆژە کەی بـــێ لەم ژوورە دەرچـــم
بولبـــولی دڵـــی منـــیش ئێـــژێ کەی دەبـــێ
لە نێـــو بەنـــدی ئەم قەفەســـە ســـوورە دەرچـــم

دڵـــم گـــوڵە لە دەســـتی یـــار دەلەرزی
لە شـــەرما دەرناخـــا خـــورپەم ســـەری بەرزی
کە دڵ بە چـــاوی خـــۆی لە چـــاوی یـــار ڕوانـــی
لە هۆش خۆی چوو، مەست و شەیدا کەوتە ئەرزی

گریـــان بەشـــی بەرێ، دەبـــا بەردا یـــاخەم
گـــڕی دڵ خامۆشـــکا، بـــۆچی مـــن بەم داخەم
دوور لە نێـــو پـــایزی ووشـــکی خەم ودووری
بـــا لە بەهارێـــك دڵـــی خۆمـــت بـــۆ ڕاخەم

لەبـــن داری بـــێ ئومێـــدی غەم دەژمێـــرم
بەدوای تـــۆدا، مەلێکـــی تـــر ڕادەســـپێرم
لەم خەوەمـــدا، خەم هەر بـــۆلام خشـــپەدەکا
نـــازانم بـــاڵای بە کـــام بـــان هەڵپەســـێرم

ئەوەی مـــابێ مشـــتێ داڵـــغەی گەرووی غەمە
تیشـــکی خۆشەویســـتی تـــۆ وا لەژێـــر تەمە
ئیـــدی دەرنـــاکەوێ، بـــۆیە نەڕوو خەنـــدەی
نە چـــاو ڕوونـــی، ســـینەم پـــڕ لە پشـــکۆی نەمە

له غەمـــی تەنیـــایی خەوم بەســـەر داهـــات
بیــــری خۆســــوتان و ڕەوم بەســـــەرداهات
تەنیـا چـاوەڕوانی ڕووی تـۆ بـووم کە هەڵبێـی
نەهــــاتی تـــاریکی شــــەوم بەســــەرداهات

ئەی شـــاباڵی مەلـــی خەیـــاڵی قـــووڵم شـــەو
بەبــێ لایـــلایەی تـــۆ، چـــاوم نـــاچێتە خەو
تـــــۆ کە دەزانـــــی دڵ بەتـــــاقی تەنیــــایە
لەم دنیــــایە دەرمبێـــــنە و بمـــــبە لای ئەو

چـــاوم لەنێــــو کلــــی عەشــــقی تـــۆ ڕژاوە
بە تیـــری نیگـــایێ، خـــوێنی مـــن پـــژاوە
دڵـــم تـــاقە مـــۆمی شـــەوانی تەنیـــام بـــوو
ئەو مۆمەشـــم بە فـــوی دووری تـــۆ کـــوژاوە

خۆ گەر هەرنەبێ (با)، کێ دەمهێنێ و دەم با
عەشقی تۆ هەر نەبایە، گەر جارێ بەم با
دەمگوت سەد خۆزگە و بریا تۆ یەك دڵ بای
خۆشەویستی تۆی چی، سەد خۆزگە هەر نەم با

لەبەرپێما ئەشکی دنیات بۆ هەڵڕشتم
گوتت: شەهیدی عەشقم تۆ خوێنت ڕشتم
کوا من وا خوێنڕێژم کە خوێنی تۆ خوێنمە
سەیری جێگە قامچی چەندین ساڵەی پشتم

دەڵێم: سەرم لەنێو خاکی باوکەڕۆ نێم
هەواڵت ناگا، خۆ جارێ من بە خۆنێم
چەندە دووری لەسەر سینەی دڵ و گیانم
دە هێندە لە چاوانم نزیکی تۆ لێم

قـــردێلەی هەڵـــدا و بـــۆمی ڕەهـــاکرد کەزی
لەدەمـــی نـــام میـــوەی کـــاڵی بـــاغ و ڕەزی
پشتێنی هەست و سۆزم حەوت گرێ و قەف بوو
ئەو کە هـــات، دۆخنـــی عەشـــق و بـــڕوام بەزی

گەرچـــی مەلـــی غەم لە نێـــو دڵـــم پەروازە
دڵیشـــم گەرچـــی خەنـــدەی لێـــوی بـــێ نـــازە
هەســـتی تەنیـــاییم داخورپـــاوە، مـــن چیـــبکەم
عەشـــــق وا بەدوامە و ســـــەدای یەك ئـــــاوازە

خـــوێن لە ئـــاهی درۆ، ئـــاوێتەی ئەسریـــنە
هەســـتی مـــن بە خشـــپەی ڕقـــێ لە فـــڕینە
گەڕەکـــمە زووتـــر بـــگەمە باوەشـــی تـــۆ
چـــونکی ئەم دونیـــایە پـــڕ لە ڕق و کیـــنە


عاشقێ لە زیندانی غەم زۆر گریابوو
یاری، تاجی عەشقێکی دی لەسەریابوو
ئەی دەبێ ئەو دڵەی من چی کردبێ بۆت
من تێنووی دڵۆپێک، عەشقی تۆ دەریابوو

بولبولت دیوە بۆ گوڵ ناڵەناڵ دەکا
شۆخێ بۆ دولبەری نێو دڵی چاڵ دەکا
چۆن دەگەی بەنێو ئاسمانی خۆشەویستی
کە دڵت لەدووری من پەڕوباڵ دەکا



شەوی بیستەم

# شووشەی دڵ



گیـانم و دڵـم پێـدای، نەکـا لەشـت کەم بـێ
نەکـا لە خۆشەویسـتی مـن بەشـت کەم بـێ
پـــرچم وەك شـــیعرێکی ســـپی هـــۆنییەوە
گـوتم تـا ڕۆژی تاریـك و ڕەشـت کەم بـێ

گـوتم خۆشـم دەوێـی، لە لێـوت بزەهـات
بە خەمیشـم، بینـیم لە دڵـت کـزە هـات
کە گـوتم مـن خۆشـمدەوێی بـۆ هەمیشـە
لە دڵـی تـۆوە دیـم، بـۆ دڵـم ووزە هـات

بـا دڵـی تـۆ بـۆ دڵـم وەك ئـاوێنە بـێ
بـا ڕووخسـاری مـن لەچـاوت دوا وێـنە بـێ
لەکـوێ یەکەم نیگـات دڵ و گیـانی بـردم
من پێم خۆشە مەرگیشـم هەر لەو شـوێنە بـێ

لەو ڕۆژەوە تـــۆم دی، دڵ خەمـــی نەدیـــوە
فرمێســـکی ئـــازارم، لە ڕووی خـــۆم ســـڕیوە
هێنـــدەم خۆشویســـتی، نەك بە تەنیـــا ژیـــانم
دڵ و گیانیشـــــم لەگەڵ تـــۆ کـــردە نیـــوە

وەك هەناســـە لەنێـــو ســـینەت جیـــا نـــابمەوە
لـــــێم گەڕێ ئیـــــدی وەك ئەوســـــانابمەوە
مـــن بە خۆشەویســـتی تـــۆوە نەخـــۆش کەوتـــم
بـــا هەر لەنێـــو باوەشـــی خـــۆت چـــابمەوە

دووری نێـــوانی مـــن و تـــۆ کەی ڕەوابـــوو
مـــن تەنیـــا خۆشەویســـتیم لە تـــۆ داوابـــوو
هەر کە گەڕایـــتەوە، خـــۆری دڵـــم هەڵهـــات
خەم نەمـــا لە دڵ تـــاریکی خەم ئـــاوابوو

دڵی تـۆ نەبـێ، مـن لە هـیچ کـوێ جێم نـابێ
بەدڵـــی تـــۆ نووســـاوم، دڵـــت لـــێم نـــابێ
لە دڵـــی تـــۆ ڕێـــی خۆشەویســتیم پەیــداکرد
دڵـــی تـــۆ نەبـــێ، لە هــیچ شــوێنێ ڕێــم نـابێ

هەوری بــێ بــاران و شــەوی بــێ ئەســتێرەم
تەنیـــا لەگەڵ تەنیـــایی ئەمشـــــەوە لێـــرەم
بـــێ تـــۆ نابینـــایە، چـــاوی خۆشەویســـتیم
ئێســـتا گۆچـــانی دەســـتی ئەم دڵە کـــوێرەم

لەنێــو ئــامێزی خەم، هەر مــن بەجــێ مــاوم
مـــن لەبەر بـــارانی گریـــان بەپـــێ مـــاوم
ئەوینـــداران گشـــت گەیشـــتن بە دڵـــی یەك
هەر مــن لە بــاوەش تەنیــایی لە جــێ مــاوم

لە دووری دڵـی تـۆ، ڕۆژێ دێ مـن دەمـرم
پشـــکی تیانـــامێنێ پیـــاڵەی پــڕی عــومرم
لە دادگـــای خۆشەویســـتی یەك داوام هەیە
ئەو ڕۆژە لە ئـــامێزی دڵـــــی تــــۆ بمــــرم

تەمەنــێ بە دیــار عەشــقی تــۆوە دانیشــتم
تۆ سەرچاوەی هەر فرمێسکێ بووی کە ڕشـتم
تــا دڵ نەدەم بە هــیچ کەســێ، تــا بمێــنم
پەیمانم نووسی، تۆبەم کرد بـۆ حەفـت پشـتم

ئەو دڵەم هەمیشــە چــاوی لەســـەر تـــۆیە
لەگەڵ دڵـــی تـــۆ، خـــۆ هەر لە گفتوگـــۆیە
هەمیشــە تەنیـا و کەمە، خـۆ ئەو دڵەی مـن
هەر بە تەنیـــا لەگەڵ ئەو دڵەی تـــۆ کـــۆیە

هەر تـۆم خۆشـدەویَ، دڵـم لە هەر کوێـدابێ
بـا ڕقـی گشـت دونیـا، بـۆ مـن لەڕێـدابێ
دڵـم نـامرێ، بـا هەمـوو دونیـا دژی بـێ
کە خۆشەویسـتی تـۆم وەك دەرمـان پێـدابێ

لە لـوتکەی ئەم خەمە نەگریسـە دابەزە
پێـوانی پێـوەری عەشـق کەی ئـاوەزە
بیابـانێکی گەرمە هەمـوو دونیـا لەلام
بە تەنیـا دڵـی تـۆ بـۆ مـن بـاخ و ڕەزە

تـۆ نەبـێ هـیچ کەس نـاتوانێ دڵـم خـۆش کـا
ئەو دڵەم لە خەم و ئـازار فەرامـۆش کـا
دڵـم گرێکـی وا گرتـووە، تـۆ نەبـی
خـۆ هـیچ کەس نـاتوانێ ئەم گـڕە خـامۆش کـا

چەنـدە بـێ تـۆم، چەنـدە دووری چـاوەکەتم
گەردن لەژێـــر پەتـــی زولـــفە خـــاوەکەتم
لەنێو خۆشەویستی تـۆ نـاوی خـۆم وون کـرد
ئێسـتاش بـۆ نـاوی خـۆم بە شـوێن نـاوەکەتم

نـــامەوێ دڵـــت لە خـــاکی دڵـــم وون بـــێ
پـێم خۆشــە دڵـت سـەرداری دڵـی مـن بـێ
مـــن هەر بـــا لەنێـــو خەم و حەسرەت بمێـــنم
بەس دڵی تـۆ لە دەریـایی شـادی بـێ بـن بـێ

تـۆ بـوویتە خـورپە، چـۆن لەنێـو دڵـم لاچـی
شـــیرینترین داســـتانی، گیـــان و دڵ و مـــاچی
بەسـەرچێ هەمـوو شـت، لەنێـو ئەم جیهـانە
تـــۆ ڕێکەوتێکـــی لام، هەرگیـــز بەســـەرناچی

خۆشەویسـتی لەچـاوی مـن بـۆ نـابینی
دەبـێ کەی خۆشـی لەگەڵ خۆتـا بینـی
مـن بـۆیە دەسـتی بەهـاری دڵـی تـۆم گـرت
تـا پـایزی دووری و خەم بە کۆتـابینی

بـۆ دڵەی زامـدارم، هەر تـۆی هەتـوانی خـۆم
تـاقە ئەسـتێرەی تـاریکی شـەوانی خـۆم
مـن شـادیت پـێ دەدەم و تـۆش خەمـم دەیە
ﺑﻤـدەیە، تـا منـیش بیـدەم ئەوانـی خـۆم

وەسـفت نـاکرێ سـەدان ووشـەی ڕازاوەم بـێ
نـاوی تـۆ ناونیشـانی گشـت هـۆنراوەم بـێ
کە دڵـی تـۆ نەبـێ، فەرهەنگـێکم نیـیە
بـا کتێبخـانی گشـت دونیـا سـەرچاوەم بـێ

شـــاخی دنیـــام تاشـــی و نەگەیـــم بە شـــیرین
هەنـاری دنیـام چەشـت و نەگەیشـتم بە زیـن
یاســـای خۆشەویســـتییە نەگەیشـــتن پێـــك
هەر یەکـمان بـۆ لایەك چـوون مـن و ئەویـن

ویستی تۆ لە دڵی من، هەر خۆشی خۆت بـوو
گوتم خۆشـمدەوێی، ئیـدی خۆشـی بـۆت بـوو
نە تـــۆ بەخۆشـــی و نە مـــن بەخۆشەویســـتی
بەشی من ئەشك و هی تۆش زنجیرو کۆت بوو

خۆشم دەوێی، کەچی بـۆمن خـۆزگە و بریـای
مـن هەر شـەپۆڵێك و تـۆش قـوڵایی دەریـای
خۆم کردە فیدای تۆ و تۆش هەرگوێت پێ نەدا
تۆ وەك من نیت، بۆ دڵی خـۆت گەلـێ وریـای

دەتگوت یادی تۆ هەردەم دڵم پڕ دەکا
سەیرە، یەك نیگات گیان و دڵم سڕدەکا
کەچی نەتزانیوە، یەك وشەی سەر لێوت
تا بمێنم، زارم بێ دەنگ و کڕ دەکا

من شەونمی سەر گەڵای ڕووی جوانت بووم
وەك هەنگی عاشق بە گوڵ لە ژوانت بووم
لەنێو شیلەی خۆشەویستی تۆ خنکام و
بۆ هەمیشە لەسەر دڵی بێ خوانت بووم

لەو ڕۆژەوە تۆم دی ڕەنگی ژیانم گۆڕا
لەو ڕۆژەوە ئیدی هەموو ژیانم دۆڕا
لە جیاتی بارانی نەرمی خۆشەویستی
فرمێسك و خوێن لە نێو دڵ و گیانم چۆڕا

دووری تـــۆ، شووشـــەی دڵەکەمـــی کە بـــادا
دەبـــا پـــاییزی غەم، تەمەنـــم بەبـــادا
دڵـــم لەنێـــو ســـینە، دەربێـــنم تـــا زووە
فرمێســـك و گریـــان چـــاوم بگـــرێ نەبـــادا

وەك نەخشەی جیهانە، ڕووی پڕ خەت و چاڵم
پیربـــووم بەدەســـت تـــۆوە، نەمـــا قـــژی کـــاڵم
هێنـــدە مـــامەوە لە چـــاوەڕوانی عەشـــقت
لە ئاســـمانی دڵـــت، شـــکا پەڕوبـــاڵم

نـــاڕۆم گەڵای لێـــوم بە ئەشـــکت تەڕ نەبـــێ
تـــا بیابـــانم بە برووســـکەت کەڕ نەبـــێ
لێـــوم تـــا مەزرۆی نێـــو دەمـــی دابـــارینە
نـــاچم تـــا پـــایزی دووریـــم پەڕپەڕ نەبـــێ

بــۆ ژوانــگەی ئەویــنم، دە تــۆش وەرە دەرێ
ســـــەیری چـــاوم چـــۆن بە دوات دەگەڕێ
ئــۆقرە نـــاگری لەنێـــو قەفەســـی ســینەم
دڵـــم بـــۆ یەکەم دیـــدارت هەڵـــدەپەڕێ

ئەی هەتـــوانی دڵـــم، ئەم زامەم ســـارێژکە
لەگەڵ دڵەی تەنیـــام هەر تـــاوێ ڕاوێـــژکە
بە گەڵا و گـــوڵی بەهـــاری خۆشەویســـتی
بـــاخی ووشـــکی دڵـــم ســـەراپا گـــوڵێژکە

بـــانگم بـــکە لەژێـــر چەتـــری ئەم بـــارانە
دڵـــم زۆر تـــامەزرۆی باوەشـــی یـــارانە
دەم لە دەمی باران، دەست لە دەستی هەورێ
بە یـــادی ئەو دەمە، کە جـــاری جـــارانە

تــۆ مــۆمی شــەوانمی، منــیش پەروانەمە
بــۆ دیــداری ڕووی تــۆ، شــێت و دیــوانەمە
نێـو باوەشـی دڵـت، بـۆم هەر بـا سـووتان بـێ
هەر خۆم وێڵ و شەیدای نێـو ئەم سـووتانەمە

لەنێــو گەڵای گــوڵ، ماڵێــك بــۆ ســازەکەم
بە دەنگـــی بولبــول، پــڕی لە ئــاوازەکەم
ســۆزی کــامە ئــاواز، بە دڵــت ئاشــنایە
مــن ئەیــژەنم، بە داوی دڵـــی ســـازەکەم

شــیعرەکانم لەژێــر پــێما لێــی کەوتــوونە
شـەو هێنـدە تـاریکە، چەشـنی ژەهـری تـوونە
لە چــاوەڕوانی خــورپەیەکی دڵـــی تــۆ
دەست و پەنجەم لەژێر سەرما لێی خەوتـوونە

لەگەڵ کۆچــــت ژانـــم مەیلانـــی بـــاڵابوو
دەرگـــای غەم و گریـــان بەســـەرما واڵابـــوو
هەر کە چـــاوی ئاســـۆی بەیـــانیم هەڵهێنـــا
فرمێســـکی ســـوورم دی، لە ملـــما ئـــاڵابوو

هەســـتێکی زۆر ســـەیرم بە بینیـــت هەیە
لەگەڵ دڵـــم پەیوەنـــدی ئەوینـــت هەیە
کەچـــی دڵـــت نـــازانی بەم هەســـت و ســـۆزە
پـــێم ســـەیرە توخـــوا تـــۆ بـــڕوا و دینـــت هەیە

لەگەڵ تەنیـــایی خـــۆم گەلـــێ پەرێشـــانم
بـــێ تـــۆ سەرگەشـــتەم و بـــێ نـــاوو نیشـــانم
لەو ڕۆژەی تـــۆم خۆشویســـت، دڵـــم کـــرایەوە
بەڵام ئێســـتا غەمگـــین، هەر وەکـــو پێشـــانم

که خەم و ژانــم بــۆ نێــو دڵــی تــۆ دەوێ
لەبەر ئەوە نیــیە، مــن کە تــۆم خــۆش نەوێ
دەڵــێم بەم خەمەوە دڵــت بێــتەوە هــۆش
تـا بەهـای خۆشەویسـتی منـت دەسـت کەوێ

هەر گوێــت نەدا بە پــایزی ڕووی زەردی مــن
هیچ هەستێکت نەبـوو، بـۆ ژان و دەردی مـن
کە دەتزانــی خۆشــتم دەوێــی زیــاتر لە خــۆم
چۆن لەژێر پێی خۆت نـا، دڵـی بـێگەردی مـن

هەر گوێت نەگرت لە خورپەی ئەم دڵە مـاتەم
بەبەری بــاچوو ڕەنجــی ئەم هەمــوو کــاتەم
ئــاواتم هەر تەنیــا گەیشــت بە تــۆ بــوو
تـۆش لەژێـر پێـی خـۆت نـا ئەو تـاکە ئـاواتەم

هەر جارێ نەتپرسی بۆ وا پەرێشانم
هەر خەریکی ئاهو حەسرەت هەڵکێشانم
برینێکی گەورەرت کردەوە لە دڵم
هەستێکیشت نەبوو بۆ ژان و ئێشانم

هەر گوێت نەگرت لە خورپەی ئەو دڵە شێتەم
کە چۆن لەگەڵ خۆشەویستی تۆ ئاوێتەم
خۆ دڵی تۆش وەك زستانی شەختەبەندە
من چی بکەم لێرە باران و لەوێ تەم

## شەوی بیست و یەکەم

# کە هاتی گیانی و دڵی خۆمت بۆ دێنم

ئەی ئەستێرەی نێو ئاسمانی چاوانی خۆم
بۆ ڕاوی خەم، هەر تۆی تیرو کەوانی خۆم
بە تریفەی عەشقی تۆوە ڕوناکە دڵ
ئەی مانگی چواردەی تاریکە شەوانی خۆم

ئەی سەرچاوی گشت خەیاڵ و هەڵبەستی من
ئەی کانیاوی شیرینی سۆز و هەستی من
هەر کەس بە مەبەستێ، ڕێی ژینی گرتووە
لەم دونیایە هەر تۆی، هیوا و مەبەستی من

ئەی بەهاری سەوزی، هەر چوار وەرزی ساڵم
بادەی شیرینی، نێو دەمی ژینی تاڵم
تۆ چەندە قوڵ چوویتە ناو ناخی دڵمەوە
شاڕەگی جوانی گشت ئەندێشەو خەیاڵم

یـــادەوەری ڕۆژانـــی شـــادی و خۆشـــی مـــن
گـــڕو تینـــی نێـــو دڵـــی پـــڕ لە جۆشـــی مـــن
تـــۆ لە هەر کـــوێ بـــی، هەر تاقـــانەکەی خـــۆمی
هەمیشـــە لای تـــۆیە، خەیـــاڵی و هۆشـــی مـــن

پەلکەزێـــــــڕینەی وەرزی شـــــــیعرو ئـــــــاوازم
ئەی دونیـــــای قـــــوڵی پـــــڕ لە نهێنـــــی و ڕازم
هەر کەس بە شـــــتێ نازەکـــــا لە دونیـــــاوە
مـــــن هەر بەخۆشەویســـــتی تـــــۆوە دەنـــــازم

ئەی خـــورپەی نێـــو دڵـــی پـــڕ لە ســـۆزم هەســـتم
ئەی گیـــان و دڵـــی هەمـــوو شـــیعرو هەڵبەســـتم
بـــۆ ئاینـــدەم بەختـــی خـــۆم دەســـتم کـــردەوە
هەر تـــۆم بینـــی لە نێـــو هێڵـــی لەپـــی دەســـتم

ئەی سەرچاوەی هەر هەموو سۆز و هەستی من
چـارەی ئـازاری گشـت خەم و دڵ پەسـتی مـن
هەر کەس لە خۆشەویسـتی بەشـێکی هەیە
لە دونیـا هەر تـۆی تـاقە خۆشەویسـتی مـن

ئەی تروسکەی خـۆری نێـو هەردوو چاوی مـن
تەنیـا تــۆ پێناسـەی نیشـان و نـاوی مـن
بە بـۆنەی تـۆوە ئاسـمانی دڵـم ڕوونە
چـونکە هەر تـۆی گزنگـی خۆرەتـاوی مـن

ئەی تـاقە هیـواو ئومێـدی ژیـانی مـن
تەنیـا تـۆی هەناسـەم، ئەی دڵ و گیـانی مـن
لەخـۆم زێـتر خۆشـمدەوێی بە گیـان و دڵ
ئـارامی دڵ و دەروونـی نیـانی مـن

بەتۆ دەرگەی خۆشی بەسەرما واڵابوو
خۆشەویستی تۆ، لەنێو دڵما باڵابوو
لەو ڕۆژەوە کە خاکی دڵمت داگیرکرد
ئەو چاوانەت بۆمن پەرچەم و ئاڵابوو

سۆزی تۆ هێندە توند لەنێو دڵما ریزە
بەم بۆنەوە دوژمنیشم لا ئازیزە
نەك تەنیا بەهاری سەوزی پڕ لە باران
خۆشم دەوێ چی گەڵاو گوڵی پایزە

تۆ کە هاتی درەنگ بوو، زوو نەبوو کاتی
وەك خۆرێ لە ئاسمانی دڵما هەڵهاتی
لەم دونیایە هەر کەس بە ئاواتێ دەژی
بۆ ئەو دڵەم، تەنیا تۆ خۆزگە و ئاواتی

ئەمجــارە هــاتی گــوڵ لەبەر پێــت دەچێــنم
وەك پەلکەزێـرینە حەوت ڕەنـگ خـۆ دەنـوێنم
تـــۆ تەنیـــا بڵـــێ وا دێـــمەوە ئەمجـــارەش
کە هــاتی گیــانی و دڵــی خۆمــت بــۆ دێــنم

گـــوڵە ڕەنگیـــنەکەی نێـــو بـــاخی ئەویـــنم
کەزی زەردو ســووری خــۆری ســەر زەمیــنم
دڵـــــت ڕۆشـــــنکردم، بە خۆرەتـــاوی ڕووت
ڕۆشـــنایت خســـتەوە نێـــو تـــاریکی ژیـــنم

ڕووت بە تــریفەی مانــگ، ورد ورد نەخشــاوە
بـــاڵاکەت بە تیشـــکی هەتـــاو هەڵکشـــاوە
جـوانی تـۆ، خـۆ لە جـوانی هـیچ کەسـێ ناکـا
چونکە شەوێکیان ڕووت لە ڕووی مانگ خشاوە

جێــت نــاهێڵم بــا پێــت بڵــێم لە ئێســتاوە
شــەو و ڕۆژ ئەو دڵەم لەبەرپێــت وەســتاوە
ســەد جـاران بە گیـان لە ئـامێزم بـووی، کەچـی
ئەو چــاوانەم بــۆ یــادت شــەوان هەســتاوە

مــن شــازادەی شــارو تــۆش بەرزی قەڵاکەی
شــەوڤی مـن، بـێ مـن چـی لەســەر گەڵاکەی
هەرچــی ئــازار هەیە، مــن لە ئەســتۆ دەگــرم
خـــودایە بەس ئەو دڵەی مـــن بـــێ بەڵاکەی

خــوێنی دڵــم لەســـەر خــاکی ڕووت پــژاوە
چــۆن لە یــادتکەم، خــوێنم لە ڕێــت ڕژاوە
مــن تەنیــا دونیــای دڵــی تــۆم دەوێ ئیــدی
دونیـــا بـــۆتە ســـەرچاوەی خەم و ئـــاژاوە

له کانگـــای دڵـــما، یەك پـــارچە ئـــاگری تـــۆ
بـــێ مـــن ســـاردە دونیـــا، بەرگە نـــاگری تـــۆ
بەڵـێن، ئەو دڵەت وەك هـی خـۆم لە سـینەمبێ
کە وەك چـاوی خـۆت، ئەو دڵەم ڕاگـری تـۆ

دڵـــم بەهەشـــتی تـــۆیە، تـــۆ تیایـــا نەمـــری
ئەو ڕۆژە مـــن دەمـــرم، کە تـــۆ تیایـــا دەمـــری
مـــن دڵـــم داوەتە دەســـت خۆشەویســـتی تـــۆ
هەر خـۆت لە دڵـما، خـاوەن فەرمـان و ئەمـری

لە ناســـــکی پەپـــــولە هەســـــتی پێـــــداوی
هێنـــدە جـــوانی فریشـــتە دەســـتی لێـــداوی
بەبـــۆنەی تـــۆوە دڵـــم، کەوتەوە خـــورپە
ئەو کەســـە دەکـــوژم، کە پەســـتی پێـــداوی

تیشــــکی نیگـــای چاوانـــت، دێـــوانەی کـــردم
وەك فەرهـــاد، ئـــاوارەی ئەم کێـــوانەی کـــردم
مــن نێـــوانم خـــۆش بـــوو لەگەڵ خەم و ئـــازار
ئەوینـــی تـــۆ هـــات و ئەم نێـــوانەی کـــردم

تـــۆ کە هـــاتی، خەم و پەرێشـــانی نەمـــا
دڵـــم حەسرەت و ئـــاخ هەڵکێشـــانی نەمـــا
ســـەرتاپا خـــاکی دڵـــم ئـــێش و بـــرین بـــوو
هەر کە تـــۆ دەرکەوتـــی، دڵ ئێشـــانی نەمـــا

پـێش خۆشەویسـتی تـۆ، دڵـم زۆر بە ژان بـوو
وەك گـوڵی بەربـا، بەشـی ئەو هەر هەژان بـوو
چـــاوم ئێســـتا ڕوو لە ئاســـمانی شـــادییە
پـێش خۆشەویسـتیت، بەشـی ئەشـك ڕژان بـوو

ئەوینـــی تــۆ بــۆمن، باشــترین زەمــان بــوو
تــۆ هــاتی و خەم لە دڵــم بەرەو نەمــان بــوو
دڵ ئێســـتا نیشـــتمانی خەنـــدەو شـــادییە
بەر لەتـۆ هـیلانەی گشـت دەردو خەمـان بـوو

تەنیـــا بەدوای خۆشەویســـتی تـــۆوە وێڵـــم
بە پـــێمەڕەی شـــادی، خـــاکی خەم دەکـــێڵم
هەمــوو دونیــا تــۆ جــێ بێڵــێ، تــاك و تەنیــا
مــن بــۆ هەمیشــە ئەو دڵەت جــێ نــاهێڵم

نـــــامەوێ خەمبـــــاربی، خەم دەردو بەڵاتە
ئەو دڵەم بـــــۆ خۆشەویســـــتی تـــــۆ خەڵاتە
مـــن خـــاکێکی تـــاریکی دوور لە ڕونـــاکیم
چـــاوانی تـــۆ بـــۆمن، تیشـــکی خـــۆرهەڵاتە

هـــاتی و دەســـتت لە نیشـــان و نـــاوم بەردا
فرمێســـکی خۆشـــی و شـــادیت لە چـــاوم بەردا
دڵـــم ســـەهۆڵبەندانی خەم و گریـــان بـــوو
تـــــۆ ئـــــاگرت لە دڵ و هەنـــــاوم بەردا

مـــن تـــۆ هەیە، ئەو دڵەم بـــۆچی خەمـــین بـــێ
کە خۆشەویستیت بـــۆ مـــن ســـەرچاوی ژیـــن بـــێ
بە بەهـــاری ئەوینـــــت، دڵ تێنـــووی شـــــکا
هەوری چـــاوم بـــۆ پـــڕ لە ئەشـــکی گـــرین بـــێ

نیگـــای ئەو چـــاوانەت پـــڕ لە ئیشـــوەو نـــازە
بـــۆ دڵـــی مـــن هەمیشـــە ئامـــادەو ســـازە
لەنێـــو خۆشەویســـتی تـــۆ ڕازێکـــم نەمـــا
کەچـــی چاوانـــت بـــۆم، هەگـــبەی ســـەدان ڕازە

مـــن شـــەوی تـــار و شـــاپەڕی خەیـــاڵی تـــۆ
مـــن باڵنـــدەی  عەشـــقم و هەردوو بـــاڵی تـــۆ
شـەوان چەشـنی مـۆم بـۆ جوانیـت دەتـوێمەوە
تـــاکو ڕوونـــاکی کەم، ســـەرگۆنای ئـــاڵی تـــۆ

پـــێم خۆشـــە لە تـــریفەی مانـــگ هەڵتکێشـــم
لەنێـــو گلێـــنەم، وێـــنەی دڵـــت بکێشـــم
خـــودا بکـــا بـــبمە خـــوێن لە نێـــو دەمارتـــا
خـــانەی دەرد وپیـــری لە جەســـتت هەڵکێشـــم

مـــن برینێکـــی قـــوڵم، خـــۆت هەتـــوانم کە
تـــۆ مـــانگی، ســـەیری تـــاریکی شـــەوانم کە
مـــن ڕێبـــواری ڕێـــگەی خۆشەویســـتی تـــۆمە
بـــۆ نێـــو ئەو دڵەت، وەرەو خـــۆت ڕەوانـــم کە

ئەی بەهـاری سـەوزی هەر چـوار وەرزی سـاڵم
ئەســتێرەی گەشـــی نێــو ئاســمانی خەیـــاڵم
مەلێکی باڵ بەستووی نێـو ئاسـمانی خەم بـووم
هەر تــۆ پچڕانــدت، کەلەپــچەی هەردوو بــاڵام

شــەوگاری تــاریکی مــن بە تــۆ ڕۆشــن بــوو
لەگەڵ هـــاتنی تــۆ، ئـــازارم لـــێ وون بـــوو
کە تــــۆ ڕووت لە دڵ و دەروونـــم کـــردەوە
خۆشی و شـادی هەمـوو دونیـا ڕوو لەمـن بـوو

چـــاوانی تـــۆ ڕوانینێکـــی تـــازەی دا پـــێم
چەشنی تریفەی مانگ، شەوێ کەوتە سـەر ڕێـم
تـــۆ لە تـــاریکترین شــــەوی ژیـــنم هـــاتی
مــن تــا دەمــی مــردن، لەگەڵ دڵــی تــۆ دێــم

سـرِا، نەمـا ئەشـکی خەم لەنێـو چـاوانم
ئێسـتا تـۆ خەنـدەیەکی لەسـەر لێـوانم
مـن بـوومە خۆرەتـاوی هەردوو چاوانـت
تـۆش بـووی بە تـریفەی تـاریکە شـەوانم

تۆ لە دڵـمای، ئیـدی چـۆن خەم ڕووم تـێ دەکا
شـادی تـۆ هـات، ئیـدی دڵ خەم بەڕێ دەکـا
ئیسـتاکە هەر خـۆتی، پاشـای خـاکی دڵـم
دڵـم بەس فەرمـانی تـۆ جێبەجـێ دەکـا

خۆشەویسـتی تـۆ، لەدونیـا بـێ هاوتـایە بـۆم
بـێ تـۆ، دونیـا پـڕ لە دەردو پەتـایە بـۆم
مـن بەبـۆنەی خۆشەویسـتی تـۆوە دەژیـم
ژیـن بـێ خۆشەویسـتی تـۆ، بـێ واتـایە بـۆم

تــۆ نمــوونەی بەهەشــتی بــۆمن لە دونیــا
مــن چــاوم لە پاداشــتی تــۆیە بە تەنیــا
لەو دونیــاش خــودا دووبــارە تــۆم بــداتێ
بــا لەگەڵ تــۆ هەمیشــە تەنیــابم تەنیــا

بەهەشــتم دی، لەنێــو ئەو چــاوانەی تــۆدا
چەشــنی خــۆر دەرکەوتــی لە دەمــی ئاســۆدا
فریشــتەبووی و مــن بە مــرۆڤ تــۆم بینــی
ئــاخر نــازانم چــۆن ئەو مــافەم بەخــۆدا

تــۆ دڵــۆپەی ژیــانی، لەنێــو شــەونم دای
هەمیشــە تــۆ لەنێــو خەیــاڵ و خەونــم دای
تــاکە ســەرچاوی ژیــانی بــۆ ئەو دڵەم
وەك زەوی تاقــانە، تــۆ لەنێــو کەونــم دای

نیگای ئەو چاوانەت، وەك ئاوێنەیە بۆم
ئەوینی تۆ لە دونیا، بێ وێنەیە بۆم
قەفەسی سینەم، شکاندووە بۆ دڵت
ئێستا تەنیا دڵی تۆ لەم شوێنەیە بۆم

گەڵای دڵم لەنێو دڵت ووشك نابێ
تازە ئەو چاوانەم، تووشی ئەشك نابێ
دەرگەی دڵم بەسەر عەشقی تۆ واڵاکرد
بۆ کەسی دی داخراوە، بێ شك نابێ

شەوی بیست و دووەم

# چی دەبوو گەر خۆشەویستیمان تا سەربا

هەر گوێــت نەدا بە پــایزی ڕووی زەردی مــن
هـیچ هەسـتێکت نەبـوو، بـۆ ژان و دەردی مـن
کە دەتزانــی خۆشــتم دەوێــی زیــاتر لە خــۆم
چۆن لەژێـر پێـی خـۆت نـا، دڵـی بێگەردی مـن

هەمـوو شـەوێ جـوانی تـۆ لەنێـو خەونـم بـوو
گریــانم چەشــنی بــا، فرمێســکم شــەونم بــوو
چـۆن دڵـت هـات، ئەم دڵەی مـن بـێ نـازبکەی
خۆشەویـستی تـۆ، هەمـوو دونیـاو کەونـم بـوو

جــوانی تــۆ هەمــوو دونیــای منــی تەنــی بــوو
نــاوی تــۆم لەســەر دڵــی خــۆم هەڵکەنــی بــوو
گـــوێم نەدا بەکەس، لەبەر خۆشەویســـتی تـــۆ
گەرچـی هەمـوو دونیـا بەمـن پـێ کەنـی بـوو

هەر نەتپرســـی بـــۆ ئەو دڵەم وێرانەبـــوو
زارت لای مـــن بـــوو، کەچـــی دڵـــت وانەبـــوو
هێنـــدە زوو لەبیـــرت کـــردم، هەر وەك نەبـــم
نەتپرســـی کەســـێ هەبـــوو نـــاوی شـــوانەبوو

هەر نەتگـــوت، چـــی لـــێ بەســـەرهاتووە ئـــاخۆ
منـــیش هەر نـــاوی تـــۆم دەهێنـــا لەبەرخـــۆ
خۆشەویســـــتی لەدڵـــــم هـــــاتە دەرەوە
دڵـــم مـــردو گیانیشـــم دەرچـــوو لەســـەرخۆ

مـــن گریـــام و لەبەر پێـــت زۆر پـــاڕامەوە
تـــا بـــۆ هەمیشـــە بمێنـــی لە لامەوە
مـن هەر تەنیـا خۆشەویسـتیم بە تـۆ بەخشـی
تـۆش بە ڕق چـاکەی خۆشەویسـتیت دامەوە

لە چاوما فرمێسکت دی و دڵت خامۆش بوو
لە خۆشەویستیم، هەست وسۆزت بێ هۆش بوو
هێندە دڵ ڕەق بووی لە ئاستم، تێگەیشتم
ئەوەی لەنێو بەردبوو، لەنێو دڵی تۆش بوو

دڵت چەشنی بەردێ بوو، شکاندی دڵم
نەما هەست و سۆزی پڕ لە کەف و کوڵم
گوڵێ بوو خۆشەویستی لەنێو ژیانم
تۆ هاتی و وەراندت، نەخشینترین گوڵم

تۆ هاتیتە ناو خەیاڵ و هەستمەوە
دڕکی خەم و ژانت خستە نێو دەستمەوە
ئەشك و فرمێسکت بە چاوانی من بەخشی و
تاریکیت خستە نێو شیعرو هەڵبەستمەوە

تـۆ دەسـتی دڵـی منـت خسـتە نێـو دەسـتت
کەچـــی نەتـــدایە بەڵێنـــی ســـۆزو هەســـتت
ڕۆیشـــتی و هەر ئـــاورت نەدایەوە لە مـــن
خەمـــت بـــۆ بەجێهێشـــتم بە دڵـــی پەســـتت

هەمیشە خۆت سـەرداری ئەو دڵەی مـن بـووی
بۆچی جێت هێشـتم و لە بەرچاومـا وون بـووی
تـــۆ نەك هەر تەنیـــا ئەوینێکـــی ســـادەبووی
لە دڵـی مـن، تـۆ دەریـایەکی بـێ بـن بـووی

دەبـــێ لەگەڵ تەنیـــایی دڵـــم ڕابێـــنم
بـــاری گرانـــــی خەم و ژان بەلابێـــنم
ئیـدی بـێم و بە شـانەی فرمێسـك و گریـان
پەرچەمـــی ڕەشـــی ووشـــەکانم دابێـــنم

گەرچـی خۆشەویسـتی تـۆ بـۆ مـن لەپـێش بـوو
بەڵام خەمــی تــۆ بــۆ دڵــم زۆر بەئــێش بــوو
مــن لەهەر کـوێ خۆشەویسـتی تـۆم دەبینـی
کەچـی خەمـی دووری و دابـڕان لەوێـش بـوو

ئەو دڵەی مــن بــۆ دڵــی تــۆ زۆر لێبــوردەیە
گەرچـــی لەگەڵ دڵـــی تـــۆ زۆر بەوردەیە
تـــۆو نیشـــتمانم وەکـــو یەك لا ئـــازیزبوو
بەڵام ئیســـتا دڵـــت بـــۆ مـــن ســـەربوردەیە

دڵـــم بە شـــیعرو ئـــاواز نـــاڕەوێتەوە
تەمەنـــی ڕابـــردووم لەتـــۆ دەوێـــتەوە
مـــن لەگەڵ دارو بەرد خۆشەویســـتی دەکەم
گەر ژینێکـــی تـــازەم بـــۆ هەڵکەوێـــتەوە

ژینێکی تازەم بێت، هەر خۆم لە دڵ دەگرم
بەردێکی سوور لەنێو سینەمدا هەڵدەگرم
باوەش دەکەمەوە بۆ کەژ و کێوان و
تەنیا دەستی پەپولە و گەڵا و گوڵ دەگرم

هێندە دڵم شکاوە، بەرگەی خەم ناگرم
پێم خۆشە، خۆشەویستی لە دڵم داگرم
بەردێکی سووری بێ هەست و سۆز بێنم و
لە جێگەی دڵم لەنێو سینەی خۆم ڕاگرم

هەر شەو کە یادێکی تۆ میوانم دەبێ
من ئەو شەوە لەگەڵ خەم ژوانم دەبێ
خەیاڵ و ئەندێشەم ئازاری خەم دەگرێ و
ئەو شەوە شیعرێکی تەڕو جوانم دەبێ

هەر شـــەوێ ئەو دڵەی مـــن یـــادی تـــۆ بکـــا
گـوێ لە خـورپەی دەگـرم، باسـی تـۆم بـۆ بکـا
خۆشەویسـتیت وەك خـرۆکە چـۆتە خـوێنم
لەگەڵ خـوێنی دەمـارم هـات و چـۆ دەکـا

مـــن لە دڵ ڕەقیشـــت، دەنەخشـێنم جـوانی
تـــا لە تـــاریکی ســـۆزی دڵـــت بڕوانـــی
دەرکەوێ بـۆت جـوانی ئەم دەروونەی مــن و
ببینـــی چیـــت پێکـــردم، لە چـــاوەڕوانی

دوای تـۆ، ئیـدی بەکەس نـاڵێم خۆشەویسـتم
لەنێـو دڵـم دەردەهێـنم سـۆزو هەسـتم
بـــۆ هەر کەس باســـی خۆشەویســـتیم لابکـــا
بەردێکـی سـوور دەخەمە نێـو لەپـی دەسـتم

خۆشەویســـــتی بە زاری مـــــن بێگـــــانەیە
بـــــوونی تـــــۆ لە ژیـــــنم جـــــوانترین وانەیە
خۆشەویســـتی بـــۆ دڵـــی مـــن هیلانەبـــوو
کەچـــــی ئەو دڵەم ئێســـــتاکە بـــــێ لانەیە

بـــــێ لانەیە دڵ، دەنـــــاڵێ لە تەنیـــــایی
ئەو نۆشـــی، پێکـــی ســـووری دووری و جیـــایی
لە ووشـــەی ماڵئـــاوایی ڕای دەکـــرد هەردەم
دوا ووشـــەی نێـــو دمـــی بـــوو بە ماڵئـــاوایی

مـــــن بـــــۆ لای کـــــێ بەرم، ئەو دڵە خەمنـــــاکە
خۆشەویســـــتی ئێســـــتا، شـــــەوێکی ســـــامناکە
بە دوای شـــــتێکم لە خۆشەویســـــتی بچـــــێ
خۆشەویســـــتی تـــــازە ئەو دڵەم چاناکـــــا

تـــۆ ئازارێکـــت پێـــداوم بـــۆ حەوت پشـــتم
نەك هەر هەست و سۆزم، تـۆ دڵیشـت کوشـتم
بەدوای بەهـــاری ئەوینـــی تـــۆوە هـــاتم
بەســـەر قەدی گەڵاو گوڵـــدا، خوێنـــت ڕشـــتم

ڕۆشـــتی و داری خۆشەویســـتیت بـــڕییەوە
لەنـــاو دڵـــت شـــوێن پێـــی منـــت ســـڕییەوە
منـــیش دڵـــم دەرهێنـــا لە ســـینەی خـــۆم
بە بڕێـــك هەســـت و ســـۆز، لێمـــت کـــڕییەوە

ئێســـتا کـــار بە دڵ نـــاکەم، مـــن وەلام نـــاوە
لەنێـــوانی عەقـــڵ و دڵـــم هەڵام نـــاوە
عەقڵـــم کـــردە ســـەرداری نیشـــتمانی خـــۆم
بـــۆیە مـــن لە دڵـــت، ئێســـتا بەڵام نـــاوە

خەم و ژان نەبــێ، دڵــت هیچـــی نەدا پــێم
چەشــنی ڕێگــرێ، شــەوێکیان هــاتە ســەر ڕێــم
هەســت و ســۆزی لەنێــو دڵــی مــن دەرهێنــاو
لەو شـــەوەوە، تیــری خەم و ژانـــی دا لــێم

خەمـــم هێنـــدە زۆر مـــن، پێـــوانە نـــاکرێ
دڵـــت بەردبـــوو، ئەویـــن بەم کێـــوانە نـــاکرێ
خۆشەویســـتی ڕاســـتەقینە، کـــاری گیـــانە
هەرگیـــز ئەوینـــداری بەم شـــێوانە نـــاکرێ

تــۆ هەر یەکجــار هــاتی و نەمــای بــۆ هەمیشــە
منــت وێــران کــرد، هێشــتاکە پێــت کەمیشــە
هێنـــدە دڵ پـــاکم، بەم هەمـــو ئـــازارەوە
کەچـــی دووری تـــۆ، بـــۆ دڵـــی مـــن خەمیشـــە

کیشـــەی گەورەی مـــن، پـــاکی دڵ و دەروونمە
خۆشەویســـتی وەك هەناســـە لە نێـــو بـــوونمە
ڕق بێگـــــانەیە بە دڵـــــی پـــــڕ ئەویــــــنم
بـــــۆ دڵـــم خۆشەویســـتی ئاســـمانی ڕوونمە

نـــاتوانم وەك تـــۆ فێـــڵ لە دەروونـــم بـــکەم
مـــن بەرد لەنێـــو کـــانی دڵـــی ڕوونـــم بـــکەم
گەر تـــۆڵە بـــخەمە نێـــو هێـــزی دڵـــمەوە
مـــن چـــی لە سرووشـــتی پـــاکی بـــوونم بـــکەم

سـەد جـار دڵـم بشـکێ، وەك خـۆم وا دەمێـنم
لەنێـــو ئاســـمانی دڵـــی خـــۆم ڕادەمێـــنم
هەر کـاتێ دڵـێ بکشـێ، مـن بە کـوڵ دەگـریم
بـــۆ ڕۆژانـــی خۆشەویســـتی دادەمێـــنم

دڵــی تــۆ فیڵــی لە ســۆزو هەســت کــردووە
هەر بەخەم ئەو دڵەی منــی پەســت کــردووە
دەزانــم ئەوینــت بە دەســت نــایە، کەچــی
ئەو دڵەمــت بــۆ هەمیشــە مەســت کــردووە

چــی دەبــوو گەر خۆشەویســتیمان تــا ســەربا
ڕق و کیــــنە، لەم دونیــــایە دەربەدەربــــا
هەمووومــان پاشــای دڵــی یەکــدی بوینــایە
هەر یەکــمان تــاجی خۆشەویســتی لەســەربا

چــی دەبــوو، خۆشەویســتیمان بە ڕوونــی بــا
هەســت و ســۆزمان لەنێــو دڵ و دەروونــی بــا
ژیــان بە ســۆز و خۆشەویســتی ڕەنگیــنە
چ دەبــوو خۆشەویســـتیمان لەبــوونی بــا

چ دەبـــوو ڕق و کینەمــــان نەناســـی بــا
هەر کەســەو خۆشەویســتی لەنێــو باســی بــا
هەســـت و ســـۆز بڵاوبـــوایە لەنێوانمـــان
خۆشەویســتیمان چەشــنی ئــاو و ماســی بــا

چ دەبــــوو ڕق و کینەمـــــان بەلانـــــایە
لەجـــێگەی ئەو، خۆشەویســـتیمان دانـــایە
لەم دوینـــایە هەمـــوو شـــت مانـــا نابەخشـێ
تەنیـــا خۆشەویســـتی هەڵگـــری مانـــایە

چ دەبــوو گشــتمان کریکــاری ئەویــن بــاین
ئەوســا دەبینــی چەنــد دڵخۆشــین وەکـو شــاین
هەر چنــا بــۆ جــارێکیش ڕق فەرامــۆش کەیــن
بڵــێن هەر ڕۆژێ لەنێــو خۆشەویســتی دایــن

ده وەرە، با پشت لە ووشەی من و تـۆش کەیـن
ڕق و کینەی نێو دڵمان، گشت فەرامـۆش کەیـن
ووشــەی ئـێمە بخەیــنەوە ســەر زاری دڵــمان
بەخۆشەویستی، نێو دڵـمان پـڕ لە جـۆش کەیـن

دڵـــمان خۆشەویســـتی بێـــتەوە ئـــامێزی
بگەڕێـــتەوە جــێگەی خــۆی پـــایە و ڕێــزی
بێـــتەوە بە ســـەرداری ئەم بـــوونەی ئـــێمە و
تەنیا لەدەست خۆی بێت هەمـوو توانـاو هێـزی

هەر خۆشەویســتی بێــتەوە نێــو دەســتمان بــا
جوانی ببەخشێ، بە ڕووی سـۆز و هەسـتمان بـا
لەنێـــو خـــاکی دڵ بمێنـــێ، بـــۆ هەمیشـــە
نەکـا ڕۆژێ ڕق بێـت و هەسـت و نەسـتمان بـا

تـــۆش لەگەڵ خۆشەویســـتی وەرەوە دڵـــم
هەرگیـــز نـــازانی بـــۆ تـــۆ چەنـــدە بە کـــوڵم
مـــژدەی هاتنـــت بە کـــزە بـــایەك بـــدە
بڵـــێم ئـــۆخەی منـــیش، گەڕایەوە گـــوڵم

تـــۆ بێیـــتەوە تەرکـــی هەمـــوو دونیـــا دەکەم
بـــۆ هەمیشـــە خـــۆم لەگەڵ تـــۆ تەنیـــا دەکەم
دڵـــم وەکـــو دەریـــا و تـــۆش چەشـــنێ شـــەپۆڵێ
مـــن، تـــۆ نـــوقمی نێـــو قـــوڵایی دەریـــا دەکەم



## شەوی بیست و سێیەم

# لەباوەشی تەنیایی بەخەبەرهاتم

بـــێ تـــۆ دڵـــم، لانەی هەزار خەم و دەردە
لە ســـــینەم تـــــۆراوە، ئەم دڵە بـــــێ گەردە
هێنــدە ڕۆژگــاری بــێ تــۆییم پێــوە دیــارە
نە هەر تەنیـا خـۆم، سـیمای شیعریشـم زەردە

چـی لە دەسـت دێ دڵـم، بەم ئـۆف و ئـاخەوە
گـــڕی گرتـــووە عەشـــقی تـــۆ، لە نـــاخەوە
حەسرەتـی دووریـت، ڕۆژێـکە هەر دەمکـوژێ
تەنیـــا ســـــەردەنێمەوە، مـــــن بەم داخەوە

ئـــاگری عەشـــقت، دونیـــای گەرم کـــردووە
ئەم دڵە بەردەی منـــــــی نەرم کـــــــردووە
گیـانم هەر هەمـوو بـۆتە برین لەسـەر تـۆ
مـــن لەگەڵ داروبەردیـــش، شـــەڕم کـــردووە

خۆشەویستی من بۆ تۆ، پێوانە ناکرێ
گوتنی ناوی تۆ، خۆ بەم لێوانە ناکرێ
تەنیا تۆ منت هێندە شەیداکردووە
کەس ئەو دڵەی منی، پێ دێوانە ناکرێ

خۆشەویستی تۆ، نێو دڵمی کە تەنیوە
دڕکی خەمی لەنێو گیانما هەڵکەنیوە
لەخۆشی گەیشتن بە خۆشەویستی تۆ
سەد جار بە ئازاری دونیا پێکەنیوە

پێم خۆشە من بەدڵ چاوم بە تۆکەوێ
با خورپەی ئەو دڵەم لە هاتوچۆکەوێ
بەم شەوی تەمەنە، هەڵساوم بۆ ژوان
تا درەنگ نەبووە، دڵ زوو بەخۆکەوێ

چـــاوەڕێ مەبە، دوای مـــن کە ڕۆژێ دابـــێ
دڵێکـــی عاشـــق وەك دڵـــی مـــن پەیـــدابێ
خۆشەویســـتی مـــن، دووبـــارە نـــابێتەوە
کەس نـــابینی هێنـــدەی مـــن بۆتـــۆ شـــەیدابێ

هەرچەنـد گریـام و ئەشـکم ڕشـت لە پێشـتەوە
دڵـــت بـــردم و خەمـــت بـــۆ مـــن هێشـــتەوە
خۆشەویســـتی تیرێکـــی ئـــازاربەخش بـــوو
ئەم تیـرەت بـۆ سـەر دڵـی مـن هاوێشـتەوە

کە تـــۆ ڕۆشـــتی، لەســـەر لێـــوم بـــزە نەمـــا
خـــورپەی خۆشـــی، هەر لەم دڵە کـــزە نەمـــا
وزەی نێـو گیـان و دڵـی مـن بـووی، کە ڕۆشـتی
بەجـــارێ لەم گیـــان و دڵە وزە نەمـــا

تۆ ڕۆشـتی و جـارێکی دی ڕووت تـێ کـردمەوە
خۆشــت نــازانی دیســان چیــت پــێ کــردمەوە
مـــن ڕێـــگەی خەم و تەنیـــاییم داخســـتبوو
تـــۆ هـــاتیتەوە و دیســان ڕێــت پــێ کــردمەوە

تـــۆ گەڕایـــتەوە و دیســـان مـــن گریـــامەوە
لەگەڵ ئەشـــکم، ڕژامە نێـــو دەریـــامەوە
هـــاتنەوە ژان، برینـــی چەنـــدین ســـاڵەم و
هەر هــیچ کەســیش نەگەیشــت بە فریــامەوە

تـــۆ نە لەدڵـــم دەمێنـــی بـــۆ هەمیشـــە
نە لەدڵـــیش دەردەچـــی، لە ڕەگوڕەیشـــە
هەتــا جارێــك خۆشــی بەم دڵەم دەبەخشـــی
ســـەد جـــار خەم و گریـــانم دەکەیـــتە پیشـــە

دڵــم ئەو عەشــقەی جــارانی تیــا نەمــاوە
کۆشــکی ئەویــن و خۆشەویســتیم ڕمــاوە
ئەوســاکە پاشــای تەختــی دڵــی تــۆ بــووم و
ئێســتا ئاگــام لە دڵـــی خۆشــم نەمــاوە

دڵــی تــۆ هەمیشــە لەنێــو دەســتی مــن بــوو
تــا ڕۆژێ هــات، لە دەســتی بێگانــان وون بــوو
لەو ڕۆژەوە شــادیش لەنێــو دڵــم نەمــاو
دڵــم تووشــی خەمێکــی قــوڵی بــێ بــن بــوو

دڵــی تــۆم وەك هــی خــۆم لەنێــو سینە نــابوو
تــۆم خۆشدەویســت، پــێم لە ڕق و کینە نــابوو
هەر ئەو ڕۆژە منــت دایە دەســت تەنیــایی
کە خوێــت لەنێــو ئەم هەمــوو برینە نــابوو

بـــۆ خۆشەویســـتی تـــۆ، مـــن بەڕێ کەوتمەوە
لەم ڕێـــگەیە، ســـەد جـــار هەڵســـام و کەوتمەوە
کە تـــــێ گەیشـــــتم بەتـــــۆ گەیشـــــتن خەونە
بـــــۆ هەمیشـــــە لەنێـــــو تەنیـــــایی خەوتمەوە

خەوتـــــم و بـــــۆ هەمیشـــــە هەڵنەســـــتامەوە
دژی هەســـــت و ســـــۆزی دڵـــــم وەســـــتامەوە
ســـینەی خـــۆم کـــردە قەفەســـی خۆشەویســـتی
دڵـــــم مەلێکـــــی کێـــــوی بـــــوو، بەســـــتامەوە

دڵـــی خـــۆم بەنـــدکرد لەنێـــو قەفەســـی ســـینەم
مـــــن دەرگەم کـــــردەوە بەڕووی ڕق و کیـــــنەم
خۆشەویســـــتی خێـــــرا لەبەرچـــــاوم وون بـــــوو
جـــا ســـاڕێژبوو، ئەم هەمـــوو کـــۆنە بـــرینەم

لەم ڕێــیە، ڕق و کیــنەم بەدەســت کەوتــووە
هەر بــۆیە ئەو دڵەم، بــێ مەبەســت کەوتــووە
کە تــۆم بینــی، خۆشەویســتیت خســتە دەســتم
لەو ســاوە خۆشەویســتیم لەدەســت کەوتــووە

خۆشەویســـتی ئێســـتا، لای مـــن ڕابـــردووە
هەســـت و ســـۆزی دڵـــم، دەمـــێکە مـــردووە
ئەوســـا کلیلـــی ژیـــان بـــوو، کەچـــی ئێســـتا
خۆشەویســـــتی لام، کـــــڵاوی بـــــابردووە

تـــۆ بە دووری، خـــوێنی منـــت خـــواردۆتەوە
خۆشەویســـتیت لە دڵـــی مـــن شـــاردۆتەوە
مـــن چـــاوەڕێی پێـــدانی خۆشەویســـتی بـــووم
کەچـــی هەســـت و ســـۆزت بـــۆ مـــن نـــاردۆتەوە

چــۆن دڵــم بــۆ ئەویــن لێــدا جــارێکی دی
ئەو لە خۆشەویســـتی تەنیـــا نـــاڕێکی دی
زۆر گــران بــوو خۆشەویســتی لەســەر دڵــم
ناخـــاتەوە سەرشـــانی خـــۆی، بـــارێکی دی

چــۆن مــن بــڕوا بە خۆشەویســتی بێــنمەوە
جـــارێکی دی ئەم دڵەی خـــۆم بـــدوێنمەوە
لەســـەد لاوە شـــکاوە، پەنـــجەرەی هەســـتی
چـــۆن جـــارێکی دی لەگەڵ تـــۆ بمێـــنمەوە

ئاســـان نـــابێ، خۆشەویســـتی بـــۆم، ئەمجـــارە
هەر هەڵنـــاگیرێ بە دڵـــی مـــن ئەم بـــارە
هەســـت و ســـۆزی تێـــدا نەمـــاوە خـــۆ دڵـــم
خۆشەویســـتیش وەکـــو دڵـــی مـــن خەمبـــارە

گریــا خۆشەویســـتی، کە چاویــان بەســـتابوو
لەجــێگەی ئەو، بەس ڕق و کیـــنە هەســـتابوو
مــــن و خۆشەویســــتییان لەیەك دابڕانـــــد
کەچـــی تەمەنـــێ بـــۆ دڵـــی مـــن وەســـتابوو

خۆشەویسـتی لەمـن دابـڕاو تـۆش بـێ دەنـگ
دڵـم تاریـك بـوو، دونیـام بـوو بە شـەوەزەنگ
ڕق هــــات و پەلامـــاری خۆشەویســــتیدا
لەنێـو خـاکی دڵـی مـن، بـوو بە شـەڕو جەنـگ

جەنگـــی ڕق و خۆشەویســـتی درێـــژەی بـــوو
قوربــانی دڵــم ســەد ئەوەنــدە ڕێــژەی بــوو
دەزانــم بــۆ دڵــت هیچـــی نەکـــرد بــۆ مــن
شـــکانی دڵـــی مـــن، خەونـــی لە مێـــژەی بـــوو

شکانی ئەو دڵەی من، هەر نەبڕایەوە
من تەنیا ڕق و کینەم پێ بڕایەوە
هێندە دڵم شکا، هەتا بۆ هەمیشە
خۆشەویستی لەنێو دڵما سڕایەوە

بێ تۆو خۆشەویستی بەتەنیا مامەوە
لەتاو ئازاری دڵی خۆم چەمامەوە
دڵی من باخچەی سۆزو خۆشەویستی بوو
گڕی لێ هەڵسا، بە خونچەو نەمامەوە

تۆ دێیتەوە یادم، خەم دڵم دادەگرێ
هەست و سۆزی نێو دڵم، لەرزو تادەگرێ
من خۆشەویستی نامۆین بەیەك ئێستا
تازە دڵم چۆن خۆشەویستی ڕادەگرێ

دڵــم شــکا لە خۆشەویســتی، جــا لەخــۆم
هێنــدە دڵــتەنگم، خەمــی گشــت دنیــا دەخــۆم
یەك جــاریش خــورپە ناکــا بــۆ خۆشەویســتی
دڵــم شــەهیدە، دەبــێ خەم بۆخــۆم بخــۆم

یەك جــار دڵــت ڕاگرتمــایە، بــۆ وادەبــووم
لەگەڵ خۆشەویســتی تــۆ منــیش ڕادەبــووم
گەر بەهـــاری ئەوینـــت بخســـتایە دڵ
چـــۆن گـــوڵێکی وەریـــوی بەردەم بـــادەبووم

تـــۆ بهاتـــایە، منـــیش چـــۆن نەدەهـــاتم
خەمگـــین نەدەبـــوو، چیـــرۆك و بەســـەرهاتم
کەچـــی تـــۆ منـــت لەنیـــوە شـــەوێ جێهیشـــت
لەباوەشـــــی تەنیـــــایی بەخەبەرهـــــاتم

تـۆ خەمـت هێنـا بـۆی، خـۆ دڵـم بـێ خەم بـوو
لەم دونیـایە تـۆ نەبـێ، مـن لەچـیم کەم بـوو
من خۆشم لەدەست چـوو، بـۆ دەسـتهێنانی تـۆ
دەست بەتاڵ خۆ دڵیش تووشی ئەم دەردەم بوو

خۆشەویسـتی تـۆ دەردێـك بـوو، بەبـێ دەرمـان
لەیەکەم نیگـا، تێـك ئـاڵاین، بـوو بە شـەڕمان
مـن و تەنیـایی لەبـاوەش یەك دڵخـۆش بـوین
ئەو دەستپێشـخەربوو، هێرشـی کـردە سـەرمان

خۆشەویسـتیت هـات و مـن گـوتم گـوڵم نـا
ئەو سـەرەتا پێـی لەنێـو خـاکی دڵـم نـا
هێرشـی کـردە سـەر قەڵای هەسـت و سـۆزم
خەمـی دونیـای لەنێـو دڵـی پـڕ کـوڵم نـا

نیشـــــتمانی ئەو دڵەی مـــــن وێرانەبـــــوو
تووشـــــی هێرشـــــی ئەوینـــــی کوێرانەبـــــوو
بەنـــــاوی خۆشەویســـــتی هێرشـــــت کـــــردو
کەچـــــی تەنیـــــا ڕق و کیـــــنەت لێرانەبـــــوو

ڕق و کیـــــنە جێـــــی خۆشەویســـــتی گـــــرتەوە
بـــــۆیە مـــــن تەنیـــــاییم لەبـــــاوەش گـــــرتەوە
خۆشەویســـتیم بەســـەر دڵـــی تـــۆ پەخشـــان کـــرد
کەچـــــی مـــــن فرمێســـــکی ســـــوورم هەڵگـــــرتەوە

دڵـــــم پـــــڕ لەخۆشەویســـــتی بـــــێ وێنەکـــــرد
خـــــۆم و خـــــۆتم لەنێـــــو گەردی ئـــــاوێنە کـــــرد
تـــــۆوی خۆشەویســـــتیم لەخـــــاکی دڵ ڕوانـــــد
کەچـــــی تەنیـــــا ڕق و کیـــــنەم دروێنەکـــــرد

دڵـــی تـــۆ نەبـــا، لەکـــوێ بـــوو ڕق و کیـــنەم
کـــێ دەیهێنـــا، ئەم هەمـــوو زام و بـــرینەم
خۆشەویسـتی تـۆ، دەریـایەکی بـۆم سـازکرد
نـوقمی کـردم، لەنێـو ئەم هەمـوو ئەسریـنەم

خۆشەویستی تـۆ نەبـا، چـۆن وام لـێ دەهـات
ئەو دڵەم، تەنیـا تەزووی خەمـی پـێ دەهـات
مـن چـۆن بە فرمێسـك هێنـدە ئاشـنادەبووم
هەر ڕۆژەی ئـازارێ، بـۆ مـن لە ڕێ دەهـات

خۆشەویســـتی بـــۆم، ئـــازارێکی بەســـۆبوو
خەم لە جێگەی هەست و سۆز لەدڵم کۆبوو
هەســت و ســۆز پەیوەنـدی بە دڵەکەی مـن و
ڕق و کیـــنەش تەنیـــا پەیوەنـــدی بەتۆبـــوو

خۆشەویستی تۆ، بۆ دڵی من وانەبوو
ئازاری ڕۆژانەو ئەشکی شەوانەبوو
من دڵم بۆ خۆشەویستی تۆ کردەوە
کەچی دڵی تۆ، بۆ دڵی من وانەبوو

ئەوینی تۆ چیرۆکێکی بە ئازارە
خامە و کاغەزیش، لە نووسینی بێزارە
شەوانە شیعریش وەکو جاران نامدوێنێ
گەرچی تەنیا هەر ناوی تۆی لەسەر زارە

## شەوی بیست و چوارەم

# دڵی تۆ بەهەشتە

خۆشەویســـتیت ســـەرتاپا دڵمـــی تەنیـــوە
زۆرم دی، هـــیچم لە چەشـــنی ئەو نەدیـــوە
خۆشەویســـتی تـــۆ، ئەوینـــی ئاســـمانییە
تـــا هـــات، حەوت تەبەقەی ئاســـمانی بڕیـــوە

خۆشەویســـتی تـــۆ، بـــۆمن بـــۆتە کـــازیوە
گـــڕو تینـــی لە تیشـــکی هەتـــاو دزیـــوە
بە گەرمـــی دڵـــی تـــۆوە هەناســـە دەدەم
بـــێ تـــۆ، ســـەرتاپا دڵ و گیـــانم تەزیـــوە

بەبـــۆنەی تـــۆوە، کەژو کێـــویش تەخـــتە بـــۆم
بێ تۆ، ڕێـی پڕ گـوڵ و گـوڵزاریش سـەختە بۆم
هێنـــدە خۆشـــمدەوێیت، بـــووی بە منێکـــی تـــر
خەریـــکە گیـــان بـــدا، ئەو دڵەت وەخـــتە بـــۆم

تەنهـا یەك چـركە بـێ تـۆبم، خەم دام دەگـرێ
گریـــان لە بەبـــارانی چـــاوم ڕام دەگـــرێ
لەم ســـەردەمە خۆشەویســـتی تـــۆم لا نەبـــێ
هەرچی بێ هەستییە، دێ و دەست و پام دەگرێ

عەشـــقی تـــۆ بەســـەر دڵـــما شـــادی كـــردەوە
خۆشـــیم نەمـــابوو، هـــات و یـــادی كـــردەوە
دڵـــم لەنێـــو زینـــدانی خەم، كـــۆت و بەنـــدبوو
عەشـــقت هـــات و قفلـــی ئـــازادی كـــردەوە

دڵـی تـۆ بەهەشـتە، بـۆ گشـت پاداشـتی مـن
تـــۆ كـــۆترە بـــاریكەی، دواڕۆژی ئاشـــتی مـــن
لەم دونیـاش، خـۆ مـن هەر بـۆ لای تـۆ دێـمەوە
چـونكە خۆشەویسـتی تـۆ بـوو، كە ناشـتی مـن

لەبەر نـــاوت، لە یـــادم چـــوو، نـــاوی خۆشـــم
بـــۆ مانـــاوەی نـــاوت، دەکەم ڕاوی خۆشـــم
تیشـــکی ڕوونـــاکی ئەو چـــاوانەی تـــۆ نەبـــێ
مـــن هەر نـــابینم بســـتێ بەرچـــاوی خۆشـــم

چـــرۆی عەشـــقت لەدڵـــما ســـەری دەرهێنـــا
بەهـــاری خۆشـــی و شـــادی لەگەڵ خـــۆی هێنـــا
دڵـــی تـــۆ کـــارگەی خۆشەویســـتی و ئەویـــنە
بـــۆ دڵـــی مـــن ســـۆزو هەســـتی وەبەرهێنـــا

دەتـوێمەوە لەبەر پێـی عەشـقت، چەشـنی مـۆم
خـــۆت دەزانـــی مـــن ســـوتاوی ئەوینـــی تـــۆم
بـــۆ ڕوونـــاکی یەك چـــرکەی بەر چـــاوانی تـــۆ
مـــن دەکەمە قوربـــانی گیـــان و دڵـــی خـــۆم

گـــوڵی جـــوانی تـــۆ، لە چـــاوی مـــن ڕواوە
جـــوانی مـــن دڵـــۆپێ بـــوو، لە تـــۆ تـــواوە
تیشـکی جـوانی ئەو چـاوانەی تـۆم لە ڕێ بـێ
مـن بـۆ پێشـەوەو گشـت دونیـاش بـۆ دواوە

تـۆ لەسـەر گـوڵی ڕوومـا، جـوانی شـەونمی
دڵەکەم بـێ مـاڵەو تـۆش نەخشـی تەونمـی
تـــۆ هەر تەنیـــا تـــۆ نـــی، لەگەڵ ئەونێکـــا
لە دونیـــا تـــۆ هەمـــوو خەیـــاڵ و خەونمـــی

بـۆ کـوێ بچـم، بـۆ دڵـی تـۆ هەردێـمەوە
وەك گـــوڵێ لە بیابـــانیش دەردێـــمەوە
یەك چـرکە تـۆ لەنێـو خەیـاڵی مـن دەرچـی
مـن لەگەڵ دارو بەردیـش، بەشـەڕ دێـمەوە

ئیشـــــكگری تـــــۆمە، ئەو چـــــاوانەم لێـــــتە
تـــۆ لە دڵ دەرنـــاچی، مـــن مـــتمانەم پێـــتە
تـۆ هەرگیـز گـوێ لە خـورپەی دڵـی مـن مەگـرە
هەر ئـــــاوایە، ئەو دڵە دیـــــوانەم شـــــێتە

لەهەردوو دونیـــا، تـــۆ تـــاكە بەشـــی منـــی
هەر خـۆت بیلبـیلەی نێـو چـاوی ڕەشـی منـی
ترســـــی شـــــەوەزەنگی نەمـــا دڵـــم ئیـــدی
لە نێـــو تـــاریكی، تـــۆ خـــۆری گەشـــی منـــی

گەر دڵم تۆی خۆشنەویسـت، تـۆش وریـابە لێـی
گـــوێ لە خـــورپەو ڕازی مەگـــرە جیـــابە لێـــی
بەڵام بەڕاســـــتی ئەو بەبـــــۆنەی تـــــۆ مـــــاوە،
هـیچ بە دەسـت نـایە، بەخـۆزگەو بریـابە لێـی

جــوانی تــۆ خــۆی گــوڵە، بــۆیە بە دڵ چــووە
کە خۆت گوڵ بی ئاخر، کەی گوڵ لە گـوڵ چووە
بــاڵای خۆشەویســتی تــۆ چەشــنی دارێــکە
لە خــاکی دڵـــما، بە ئاســـمانا هەڵ چـــووە

نـــازانم بـــۆ هێنـــدە خۆشەویســـتی لەلام
ســەد هێنــدەی تــر ئــازیزبی، پــێم کەمە بەڵام
هەر جــاری کە نــاوت دێــنم، بە ئاســپایی
گــوڵی بــاخی هەمــوو دونیــا دێــنە وەڵام

ئـــاگرت بەرداوەتە نێـــو خەیـــاڵی مـــن
خـــۆ ســـوتاندووتە هەردوو پەڕوبـــاڵی مـــن
عەشـــقی تـــۆ ئـــاگرێکەو نـــاکوژێتەوە
ســوتاندوویەتی، هەر چــوار وەزرەی ســاڵی مـن

خۆشەویســـتی تـــۆ، ئەوینـــی هەمیشـــەمە
کـــاری دڵە ئەوینـــت، هەر بەو ئیشـــەمە
دەسـت و پەنـجەم، هەر ناکـا نەخـش و نیگـارێ
تەنیــا خۆشەویســـتی تـــۆ، کـــارو پیشـــەمە

پــێم خۆشـــە دڵــم لە دڵــی تـــۆ بەســـتمەوە
کە تـۆ هەسـتای، لەگەڵ تـۆ منـیش هەسـتمەوە
تــۆ بنــێمە بــاوەش هەســت و ســۆزی خــۆم و
ئەوینــیش بــخەمە نێــو هەر دوو دەســـتمەوە

تـــۆ شـــادەماری شـــیعرو هەڵبەســـتی منـــی
خۆت سـەرچاوەی هەمـوو سۆزو هەسـتی منـی
هەر کەس هیـــوای شـــتێ لە نێـــو دڵـــی دایە
لە دونیـــا هەر تـــۆ، هیـــواو مەبەســـتی منـــی

هەرچـی مـن پـێم گـوتی، هەرگیـز تـۆ مەڵـێ نە
بە ئـــــارامی لە ڕووم، چاوانـــــت هەڵێـــــنە
بـۆ هەمیشـە تـۆم بەدڵ و گیـان خۆشـدەوێت
مەترســـــە، ئەوە گەورەتـــــرین بەڵێـــــنە

نــامەوێ ئاســمانی ڕووت، پـڕ هەورو تەم بــێ
نەکــا خـــاکی دڵـــت، پـــڕ بـــارانی خەم بـــێ
شـــەوت بـــێ بە ڕۆژو مانگیشـــت بـــێ بەخـــۆر
هەرچی بێ، ڕەنـگە مـن هێشـتاکە پێم کەم بـێ

بەعەشـقی تـۆ دەژیـم، بـێ تـۆ شـەرمە ژیـنم
ئەو ڕۆژەی کە تـــۆ لێـــرە نیـــت، گەرمە شـــینم
بـــێ تـــۆ شـــەڕی مـــان و نەمـــان دەکـــا دڵـــم
لەبەر پێـــی دڵـــی خـــۆم، ســـەدان تەرمە بیـــنم

نـــامەوێ یەك دەقە، ژینـــت پـــڕ لە داخ بـــێ
ووشەی سەر زاری تۆ، بـۆ یەك جاریش ئـاخ بـێ
مـــن کـــارێ دەکەم، بـــۆ ئەو دڵە شـــەیدایەت
تـــا خۆشەویســـتیت، بەرەو قـــوڵایی نـــاخ بـــێ

تـــۆ کە لامـــی، هێشـــتاکە دڵـــم هەر لاتە
هێشـــتا چـــاوی مـــن لەســـەر بەژن و بـــاڵاتە
دڵـی مـن بـۆ تـۆ، پێدەشـتی هەسـت و سـۆزە
دڵـــی تـــۆش بـــۆمن، گزنگـــی خـــۆرهەڵاتە

ئەوینـــی تـــۆم لە دڵـــی خـــۆم شـــاردۆتەوە
خەفەتـــی دونیـــام، بـــۆ مـــاڵێ نـــاردۆتەوە
ڕێـگەی دڵـی خۆشـم لـێ وون بـوو، ئەمشـەو
لەجـامی عەشـــقی تـــۆم، فـــڕێ خـــواردۆتەوە

به گیـــان تـــۆی خۆشـــدەوێ، دڵـــم درۆ ناکـــا
لە بـــاخی هـــیچ دڵێکـــی تـــر، چـــرۆ ناکـــا
ئەو پەیمانـــی بەخـــوێن لەگەڵ تـــۆ بەســـتووە
تـــازە لەگەڵ هـــیچ کەس، وادە و گـــرۆ ناگـــا

ئەگەرچـی مـن هەر لێـرەم و تـۆش هەر لەوێـی
بەقەد هەمـوو دونیـا، مـن هەر خۆشـم دەوێـی
مـــن و تـــۆ هەرگیـــز لێـــك دوور نـــاکەوینەوە
مـــن ئەســـتێرەو تـــۆش تـــریفەی مانگەشـــەوێی

تەنیـــا خـــۆت باوەشـــی گەرمـــی پـــڕ تاســـەمی
نەك هەر گیـــان و دڵ، بگـــرە تـــۆ هەناســـەمی
لە دونیـــا، خۆشەویســـتی تـــۆ باســـی مـــنە
تـــۆ ســـەرچاوەی هەمـوو ئەو دەنـگ و باسـەمی

ئەم چاوانەم بە یادی تۆ، هەستاوە لێم
دڵیشم ئەمشەو، ڕوو بەڕوو وەستاوە لێم
دڵم بێ تۆ نایەڵێ بخەوم ئەمشەو
پەتی فرمێسك و گریانی بەستاوە لێم

تۆ دەتەوێ فێری مەکرو نازم بکەی
تا بۆ باوەشی دڵی خۆت سازم بکەی
لەگەڵ دەنگی ترپەی دڵت دەمدوێنی
هەتا تێکەڵی ڕیتم و ئاوازم بکەی

نێوم هەمیشە لەسەر ئەم لێوەی تۆیە
نێوی منیش ئێستا، هەر بەم نێوەی تۆیە
من فلچە و ڕەنگم وەلاناوە ئێستاکە
هەر نیگارێ دەکێشم، ڕێک شێوەی تۆیە

لەو ڕۆژەوە کە دڵ تووشـــــی ئەم بەنــــدەبوو
ســـەر گــوڵی لێــوم، پــڕ پەپــولەی خەنــدەبوو
لەنێـــو دڵـــی تـــۆ هەڵهـــاتم و ئـــاوابووم
هەر هەمــوو چیرۆکـی مـن، هەر ئەوەنـدە بـوو

بـــۆ کەس لێـــی نەداوە، ئەو دڵە پـــاکە لـــێم
تــۆ چیــت دەوێ لە مــن، تــازە خەم ڕاکە لـێم
هەرچەنـد باسـی خـۆمی بـۆ دەکەم، نابیســتێ
ئاگـــای لـــێم نەمـــاوە، دڵـــم بـــێ بـــاکە لـــێم

تــۆ کە لە دڵــمای، چــۆن دڵــم بــێ لانەبــێ
کە خۆشەویســـتیت، بـــۆ دڵـــم هێلانەبـــێ
مــن چــی لە پەنـدو وانەی کەســی دی بــکەم
خۆشەویســتیت بــۆ مــن، جــوانترین وانەبــێ

تەنیـــا مـــن لەگەڵ دڵـــی تـــۆ دەمـــامەوە
تـــۆ تاقـــانەی هەردوو دونیـــای بەلامەوە
درەختێکـــی بەرزی لەنێـــو خـــاکی دڵـــما
مـــن لەگەڵ بەژن و بـــاڵای تـــۆ چەمـــامەوە

چـــۆن بڵـــێم ئەوینـــی تـــۆ، لە دڵـــم کـــوانێ
کە خۆشەویســـتیت، چـــۆتە نـــاو دڵـــم جـــوانێ
مـــن بە گیـــان لەگەڵ تـــۆ، ژوانـــی خـــۆم بەستووە
تـــازە درەنـــگە، بـــۆچیتە دڵـــم ژوانـــێ

خەمگینـــیش بـــم، مـــن هەر لەگەڵ خۆشـــی تـــۆمە
تـــۆ لە هەر کـــوێ بـــی، مـــن هەر پەرۆشـــی تـــۆمە
لەنێـــو ئاســـمانی دڵـــت، دەرنـــاچم تـــازە
بـــۆ هەمیشـــە لە خەیـــاڵ و هۆشـــی تـــۆمە

شـــێوەم ئێســـتاکە، لەگەڵ تـــۆ یەك شـــێوەیە
هێندەم خۆشـدەوێی، ڕێـك ڕەنگـی تـۆم پێـوەیە
مـــن نـــاوی خـــۆمم بیرچـــۆتەوە، دەمـــێکە
نـــاوی تـــۆ هەمیشـــە لەســـەر ئەم لێـــوەیە

پـێم خۆشـە تـا دەمـرم، تـۆ چـرای ژیـنم بـی
لەم دونیـــایە تـــۆ، ســـەرچاوەی ئەویـــنم بـــی
دڵـــم نیـــوەی دینـــی لە ئـــامێز گرتـــووە
پـــێم خۆشـــە، تەواوکـــاری بـــڕواو دیـــنم بـــی

جـوانی نێـو ڕووخسـاری تـۆ، زۆر شـیرینە لام
بـــۆیە مەلـــــی خەم و ژان هەڵفـــــڕینە لام
بە بـــۆنەی تـــۆوە، شـــادە دڵـــم ئێســـتاکە
بـێ تـۆ دونیـا یەك جـێ خەم و ئەسریـنە لام

پێش تۆ بناسم، دڵم پڕ دەردو ئاخ بوو
خەمی هەموو دونیام، لە قوڵایی ناخ بوو
ئێستا بەبۆنەی تۆ، بەردیشم خۆشدەوێ
ئەوسا دڵم لەم دونیایە، زۆر بەداخ بوو

لەگەڵ شیعرێ دڵ و دەروونت مەستەکەم
بە هەر دێرێکی، تۆ گیانەدەی هەستەکەم
لەنێو ووشەکان مەرگی تۆم دێتەوە بیر
هەرکاتێ من خامەی شیعرێ لەدەستەکەم

# شوانە ئەحمەد

عەبـدولوەهاب حەمەد ئەحـمەد، نـاسراو بە "شـوانە ئەحـمەد"، لە (١٩٨٣\٧\١) لە گونـدی (دووگردکـان)ی شـاری هەولێـر هاتۆتـە دونیـاوە. لە سـاڵی (٢٠٠٦) بە کـالۆریۆسی لە زانکـۆی سەلاحەددین تەواو کردووە، لە ساڵی (٢٠١٢) ماستەری لە یاسـاو کـارگێڕی گشـتی لە زانکـۆی دی نیمسی فەڕەنسی تەواو کردووە.

لە سـاڵی (٢٠٠٠) یەکەم چیرۆکـی بە نـاوی (کەیـف و سـەفا) لە گۆڤـاری (هەوێـن) بڵاوکراوەتەوە، ساڵی (٢٠٠١) لـە هەفتەنـامەی (گزنـگ)، سـاڵی (٢٠٠٤) لە ڕۆژنـامەی (ئـاڵا)، ساڵی (٢٠٠٦) لە ڕۆژنـامەی (دیـدی نـوێ)، سـاڵی (٢٠٠٨) لە ڕۆژنـامەی (میـدیا)، بۆچـوون و دیدگا فیکرییەکانی بڵاوکردۆتەوە.

لە سـاڵی (٢٠٠٦) تـا سـاڵی (٢٠١٥) هـۆنراوە و سـیناریۆ بـۆ زیـاتر لە (٢٠) گـۆرانی منـداڵان دەنووسێت و بە شێوەی کلیپ بڵاو دەکرێنەوە.

لە ساڵی (٢٠٠٨) دوو کتێب بەناوەکانی (٤٤٤ شەو)، (وەزیـری تـەنیایی) بڵاوکردۆتـەوە، سـاڵی (٢٠٠٩) کتێبی (عەشق واتە ١+١=١)ی بڵاوکردۆتەوە و ساڵی (٢٠١٣) کتێبـی (زمـانی دایـک)ی بڵاوکردۆتەوە.


لە سـاڵی (٢٠١٣) ڕێکخـراوی (کـۆلارە) بـۆ ڕۆشـنبیری منـداڵان دادەمـەزرێنێت و دەسـت بە چالاکی تایبەت بە منداڵان دەکات. بـۆ یەکـەم جـار لە سـاڵی (٢٠١٤) پـڕۆژەی (مـام نەورۆز) ڕادەگەیەنێـت، کەسـایەتی مـام نەورۆزە پڕۆژەیەکـی ڕۆشـنبیری هـونەری و پەروەردیـی منداڵانەیـە. لـە (٢٠١٤\٦\١) و لە جەژنی جیهـانی منـداڵان لە شـاری هەولێـر، بە ئامـادەبوونی منـداڵانی هەمـوو شـارەکان، لە کەرنەڤـاڵێکی گەورە، کەسـایەتی مـام نەورۆز، وەک یەکەم کەسایەتی کوردی تایبەت بە منداڵان پێشکەش بە مێژوو دەکات.

لە ساڵەکانی (٢٠١٠) بۆ (٢٠٢٠) کاری سیناریۆ و دەرهێنان بۆ چەندین کورتە فیلمی سینەمایی دەکات، وەک (گەمەکانی ژیان، بەردەکانی سەر ڕێگە، بیگەر، فڕین، مێگەل، کۆرتیزۆن).

لە سـاڵی (٢٠١٢) وەک سیناریسـت و ئەکـتەر لە یەکەم زنجیـرە درامـای منـداڵان، بەنـاوی زنجیرەی (وانە) کاری کردووە.


لە ساڵی (٢٠١١) یەکەم ئەلبوومی شیعری خۆی بە ناوی (پەڕوباڵی ئەویـن) بڵاوکردۆتـەوە. لە ساڵی (٢٠٠٨) یەکەم کلیپی شیعری بە ناوی (میحرابی دڵ) بڵاوکردۆتەوە. ساڵی (٢٠١٢) کلیپـی (دوا هەناسە)، ساڵی (٢٠١٣) کلیپی (وانەی جوگرافیا) بۆ مندڵان بڵاوکردۆتەوە.

# بەرهەمەکانی نووسەر




### ٤٤٤ شەو


تەنیا کتێبێکی ئاسایی شـیعر نیـیە، چـونکە ئەوەی لە پشت ووشەکانەوەیە چیرۆکێکی ئاسایی نییە، بەڵکـو ئـازارێکە بە قـوڵایی خەیـاڵی نوو سەر. ژانــێکە بە درێژایی بیرکردنەوەی نووسەر لە عەشق و تەنیایی.
ئەم کتێبە لە (هەزار و یەک) چوارینە شیعر پێکدێت، لە توێی (بیست و چـوار) شـەو، کە نوو سەر لە هەر شەوێکدا، ئازارێکی خۆی تیا نووسیوەتەوە.




### عەشق واتە ١+١=١


ڕێگەیـەك بـۆ خۆشەویسـتی و هانایەکیشـە بـۆ لێـك دابـڕان، لەڕووی داڕشــتنەوە زمـانێکی قـوڵی هەیە، بەڵام لە ڕووی بــابەتییەوە سادەیە، وەک خـــودی عەشق بەرهەمی ئەزموونە، نەک بەرهەمی گفتوگۆ و خەیاڵی نووسەر. کتێبی هەموو تەمەنێکە، هەر کەس بەشی خـــۆی لەم کتێـــبە بەرکەوتـــووە و هەر کەس دەتوانێیت لە گۆشەیێکی ئەم کتێبە خۆی بدۆزێتەوە.

## وەزیری تەنیایی





خۆ نوو سینەوەییێکی  سادەیە لە هەنـاوی شـیعرەوە، وشــەکانی هەڵێنجـراوی دڵـی ئەو عاشــقەیە، کە ئەو بەیــانییەی ڕۆیشـــت لەنێــو گیرفــانی چــاکەتەکەی کــاغەزێکی جێهێشــت لە  سەری نووسرابــوو، لەهەر شوێنێک ناوی من هات فاتیحایەک بخوێنە.
وەک ڕێبــوار   سیوەیلی دەڵێــت وەزیــری تەنیــایی شێوازێکی تازەی نووسینە لە شیعری کوردی.

## زمانی دایک




لە حەفـــت شــــانۆگەری منـــداڵانە پێکـــدێت، کە سەرجەمیان بە زمانێکی سادەی ورد و واتادار لەسەر زمانی منداڵان نووسراوەتەوە، بۆ بەهێزکردنی ئینـتمای نەتەوەیــی و نیشــتمانی و مـرۆڤ دۆ ستی و ئــاژەڵ دۆستی.  سەرجەم شـانۆگەرییەکان زیـاتر لە جارێـک پێشکەش کراون لەسەر جەم شار و شارۆچکەکان.

## کیژێک لە ڕەنگی ئاسمان




لەو کاتەی بەهۆی ئاڵای شۆڕشگێڕەکانەوە دەوڵـەت ڕەنــگ لە  سەر دانیشــتووانی کــۆنترین شــاری دنیــا قەدەغە دەکات شاعیرێك لەدایك دەبێـت شـیعرەکانی جادووگەر دەبن، بەهۆی شـیعرەکانی ئـەم شـاعیرەوە هـــەموو شـــتێك لـــەو و لەشــارەکەی دەگۆڕێـــت و بەهۆیەوە ئاوارەی شـار و وڵاتـانی دنیـا دەبێـت و لـە خۆشەویستەکەی و شارەکەی دووردەکەوێتەوە.

# ناوەڕۆک

شەوی یەکەم ناڵەی عەشق ........................................................................ ٥
شەوی دووەم لەگەڵ دڵم هاتم، تۆ تا سەرنەهاتی.............................................. ٢١
شەوی سێیەم شەوی یەڵدا ئەی درێژترین شەوی ساڵی من ........................... ٣٧
شەوی چوارەم پایزی خۆشەویستی ........................................................... ٥٣
شەوی پێنجەم بێ تۆ هەرچی شیعرم هەبوو پێچامەوە ................................. ٦٩
شەوی شەشەم دڵم لە نێو دەستی تۆنا............................................................ ٨٥
شەوی هەفتەم بازووی نیشتیمان.................................................................. ١٠١
شەوی هەشتەم ڕێگەی عەشق....................................................................... ١١٧
شەوی نۆیەم تەڵەی ئەجەل ........................................................................ ١٣٣
شەوی دەیەم ملوانکەی مەرگ ..................................................................... ١٤٩
شەوی یازدەم منداڵیم لەگەڵ کۆلارەکەم لێ وون بوو ......................... ١٦٥
شەوی دوازدەم بەفری پیری ........................................................................ ١٧٢
شەوی سێزدەم خودا یاربێ، کەوان و تیرم بۆچییە.......................................... ١٨٨
شەوی چواردەم میوەی بەهەشت................................................................... ٢٠٤
شەوی پازدەم مەلی خەیاڵ ........................................................................... ٢٢٠
شەوی شازدەم بەدڵ خۆشم دەوێی ................................................................ ٢٣٦
شەوی حەڤدەم باوەش تەنیایی....................................................................... ٢٥٢
شەوی هەژدەم پێکی شکاو............................................................................ ٢٦٨
شەوی نۆزدەم زیندانی عەشق....................................................................... ٢٧٤
شەوی بیستەم شووشەی دڵ ........................................................................... ٢٩٠
شەوی بیست و یەکەم کە هاتی گیانی و دڵی خۆمت بۆ دێنم ......................... ٣٠٦
شەوی بیست و دووەم چی دەبوو گەر خۆشەویستیمان تا سەربا .................. ٣٢٢
شەوی بیست و سێیەم لەباوەشی تەنیایی بەخەبەرهاتم ................................. ٣٣٨
شەوی بیست و چوارەم دڵی تۆ بەهەشتە ........................................................ ٣٥٤
شوانە ئەحمەد ................................................... **Error! Bookmark not defined.**
بەرهەمەکانی نووسەر.................................................................................... ٣٧٠